بەرهەم

گۆڤاری فەرهەنگی، هونەری و ئەدەبی

ساڵی ٨ ژمارە ١٢ و ١٣ بەهاری ١٣٩٦ی هەتاوی



هەواڵنامەی کتێب

«بەرهەم»

گۆڤاری فەرهەنگی، هونەری و ئەدەبی

ساڵی ٨ ژمارە ١٢ و ١٣ بەهاری ١٣٩٦ی هەتاوی

مودیرمەسئوول: هەرمان وەتمانی

سەردەبیری بەشی وەرگێڕان: زانیار قادرزادە

سەردەبیری بەشی داستان: سالار پوورمەند

سەردەبیری بەشی شێعر: شەویار گوڵابی ئازەر

پێداچوونەوە: شەویار گوڵابی ئازەر، زانیار قادرزادە

تەرپاج و ڕووبەرگ: سنوور (دیلان) قادری

سەروتار/ زانیار قادرزادە ٢

وتار ٣

سوارە لە نێوان دوو ژیانی جیاوازدا/ ئەمجەد غوڵامی ٤

تێئۆریی زێهن و مۆدێلێکی نوێ/ یاقووب خزری ١١

تەنیایی موتیڤێکی سەرەکی شێعری هێمن/ ئەحمەد چاک ١٨

شێعری عەبدوڵڵا گوڵابی و .../ جەلال پوورحەسەن ٢٤

وەرگێڕان ٣٠

شێعری مەمدوح عەدوان/ وەرگێڕان: هەرمان وەتمانی ٣١

نۆ کورتیلە چیرۆک لە ئەدەبی تورکمانییەوە/ وەرگێڕان: عەبدولستار جەباری ٣٢

ئەو تەپۆڵکانەی وەک فیلی سپین/ وەرگێڕان: داوود عوسمانزادە ٣٤

دەرویشیان «مجموعه داستان فصل نان»/ وەرگێڕان: شیرین قازی ٣٧

شێعر ٤٠

کڵاوی ئاسن/ جەلیل ڕەحیمی ٤٨

تورەنج خانم فیلسوفە ناوداڕەکانی جیهان!/ مریەم قازی ٥٢

دایکی دایکم/ هیوا قارەمانی ٥٣

فاڵچی/ مەنسوور گەورکی ٥٤

مانگی خەزەڵوەر/ کوردستان گوڵابیئازەر ٥٦

ڕێپۆرتاژ ٥٨

«بەرهەم»

گۆڤاری فەرهەنگی، هونەری و ئەدەبی

سەروتار

زانیار قادرزادە

دیسان ساڵێکی دی و لاپەڕەیەکی نوێمان لە ژیان و دنیای ئەدەبیات و زمانی کوردی هەڵدایەوە. ئەو لاپەڕانەی هەمیشە سێبەری خۆشەویستی و ئۆخژنیان بەسەرماندا کێشاوە و لەبن ساباتی ئاشتیدا بانگی ئازادییان بە گوێماندا خوێندووە. فێریان کردووین بیر بکەینەوە و بە دوای وڵامی پرسیارەکانی ژیاندا تووڵەڕێی نەدۆزراوە ببڕین و زنە و کوێراوان بە چاوی ڕوونمان بنگێوین. سەردەمانێک لە وەرزی نوێبوونەوە، زیندووبوون و ڕسکاندا، ڕووحیان وەبەر ئەو دنیا هەراو و پڕ لە کارەساتە هێناوە. دنیایەک کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا ئەوەندەی ڕووی لە نەهامەتی و قەڵاچۆ و بێسەروشوێن کردنی مرۆڤایەتی کردووەتەوە، ئەوەندە ئینسان و ئینسانییەتی بە هێند نەگرتووە. بە چاویلکەی دێوەزمان و دڵڕەشان، کانیی ڕوونی چاوگەشان، منداڵان و مرۆڤایەتییان وشک کردووە. ئاسوودەیی و پێکەنین تەرە بوونە و بە یەکجاری مەیلی ئەم دنیایەیان ناوە. تەمێکی خەست و هەورێکی ڕەش ناهێڵن چاومان بە دوورەدیمەنی دڵڕفێنی نیشتمان هەڵبێ و پڕ بە گەرووماندا هاواری شادی و خۆشی بکەین.

ئەگەر لەو دنیا پڕ لە کارەسات و ئاڵۆزەدا تاوێک بە نێو جەغزی زمانی کوردیدا بخولێینەوە و سەرێکی لێهەڵێنین، زیاتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە چ باسە. سەرەڕای هەموو ئەو ئازار و مەینەتییانە، پاشاگەردانییەک بەڕۆکی زمانەکەمانی گرتووە، بێتوو لێی وەخۆ نەکەوین و مشووری نەخۆین، بەیەکجاری لە فڕە دەکەوێ و ناتوانێ چی دیکە وەکوو سەردەمانی پێشوو ناسنامە و شوناسی نەتەوەییمان بێ. زمانێک کە لە هەناوی نەخوێندەواران و گوندنشینان وەکوو کەرەستەی سەربەمۆر هاتووەتە حاسڵاتێ و هەر لەوێشەوە بووژاوەتەوە و گەشەی کردووە. ئەو زمانەی هزر و ئەندێشەی بەرهەم هێناوە و ئەدەبیاتی وەکوو دەروازە هەڵبژاردووە و میوانی دنیای بێبنی فەلسەفە و زانستە مرۆڤایەتییەکان بووە. فێری کردووین لە مانای "بوون" بگەین. زمانێک کە پێکهاتە و داڕشتەکەی فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکییە، نەک ئەو زمانەی خوێندەواران پۆزی ڕووناکبیریی پێوە لێدەدەن و بە شیوازێک دەماندوێنن، ئەنتەلوو کوردیشە. زمانەکەمان بەپێچەوانەی زانست و تێکنۆلۆژیی سەردەم تا بەڕەو دواوە بگەڕێنەوە قازانج و خێری بۆ میللەتەکەمان زیاترە. چون ڕێنوێن و مامۆستاکانمان، سوارچاکانە و بیرمەندانە نووسیویانە و خەرمانێکی بەپیتیان هەڵداوەتەوە و بەرەکەتی کەوتۆتێ، کەچی مەخابن و هەزار مەخابن پاش ئەو هەموو گۆڕانکاری و پێشکەوتنانە، لە سەردەمی هاوچەرخدا، ئەو زمانە ڕەمێنی نەماوە و وا لە گرێژەنە چووە، بە هەزار وەستایان وەک خۆی لێ نایەتەوە. میدیا و ڕاگەیاندن لە سەردەمی بەجیهانیبوونداخۆیان بە هەموو کون و کاژێرێکدا کردووە. ڕەنگە لە زۆر ڕووانەوە خزمەتیان کردبێ و هۆیان دابێتەوە، بەڵام بەداخەوە لەبەر نەبوونی سیاسەتی زمانی لە بواری زماندا کۆڵەیان کوتاوین و هەر کەسە لەحاست خۆیەوە ئەسپی خۆی لینگ داوە و چۆنی ئەقڵ پێ شکا بێ، ئاوا دواوە یان بۆی نووسیوین. ئەوەش خەمێکی قورسی خستووەتە سەر شانمان و پتری نیگەران کردووین. سالاّن دڵمان بەوە خۆش بوو کوردستانی گەرمێن باشترین پاڵپشت و پەناگەی زمانیمان دەبێ بە حوکمی ئیدارە، ناوەند و دامەزراوە خۆجێیی و ڕەسمییەکان کە بە کوردی کاریان پێ دەکرێ. بەڵام ئەوەی ئێستا دەیبینین ئەگەر هەر وەکوو سەردەمانی حەزرەتی نالی، مەحوی، مەسعوود محەممەد و هتاد... هێشتبایانەوە و لێیان فێر بووبان و فرچکیان پێوە گرتبا، پاشان ئێمەش ڕەچاوی ئەوانمان کردبا، جێمان لە جێیەکی دی بوو و هەر بەیەکجاری خەنی دەبووین. بۆیە یەکێک لە خەمە گەورەکانمان ئەو نەهامەتییانەن کە بەسەر زمانە بەستەزمانەکەمان هاتوون و کەس خۆیان لێ ناکا بە سێحەب.

وتار

سواره لە نێوان دوو ئەزموون و دوو شێوە ژیانی جیاوازدا



ئەمجەد غولامی

١

بزوتنەوەی شێعری نوێ لە کوردستان‌دا، وەک زۆربەی بزوتنەوەکانی دیکە بەر لە ئەوەی خوێندنەوەیەکی بەکۆمەڵ بڕەخسێنێ، کۆمەڵێک مشتومڕی دژکارانەی لێکەوتووەتەوە و ئەوەش بە گوێرەی ئەم نووسراوەیە لە پاڵ ناشارەزایەتی و پاشکەوتوویی کۆمەڵگای ئێمە بۆ ئامادەکردنی بەردەنگی بەتوانا، سەرچاوە لە شێوەکانی بارگاوی‌کردنی ئەزموونی ڕۆژانەی خودی شاعیر بۆ ئەزموونێکی بەکۆمەڵ دەگرێ. ئەم دوو ئەزموونە کە لە فەلسەفەی ئاڵمانی وەک ئەزموونی ژیندراو (Erlebnis) و ئەزموونی بیرلێکراوە و بەکۆمەڵ (Erfahrung) ناوی لێدەبرێ، بە وتەی والتێر بنیامین: گیرۆدەی جۆرێک لێکدابڕانن و لەم ناوە سووژەی مۆدێرن، نە تەنیا شایەدی چڕبوونەوەی لە پەستاکەی ئەزموونی ژیندراو و ڕۆژانەیە، بەڵکوو چیتر هەست بە دانووستان لە نێوان ئەم دووانە و گرێخوارنەوەی ئەزموونی ڕۆژانەی بە ئەزموونی بیرلێکراوە و بەکۆمەڵ ناکا (اشتاین، ١٣٨٢: ٩٣).

بنیامین لە وتاری "حەقایەتبێژ: کۆمەڵێک تێبینی لە سەر بەرهەمەکانی نیکۆلای لێسکۆف" (١٣٧٥) دوای بیرخستنەوەی بێبایەخبوونی ئەزموونەکانی ژیانی مۆدێرن جەخت لەوە دەکاتەوە کە سەردەمی ئەمڕۆ سەردەمی حەقایەتبێژی نییە و حەقایەتبێژی بابەتێکە لە ڕابردوو کە دەیتوانی بە چەندپاتەکردنەوەی حەقایەتەکان، ئەزموونەکان ڕابگوێزێ و بەم جۆرە لەگەڵ گێرانەوەی حەقایەتێک، ئەزموونەکان ڕادەست دەکران و ئەزموونی ڕادەستکراوە وەک حیکمەتی سەردەم، مێژووی سەریەک دەخستەوە...کەچی سووژەی مۆدێرن شتێکی لێستاندراوەتەوە کە دەبێتە هۆی نامۆبوونی، شتێک کە ئاسوودەترین شوێنی نیشتەجێبوونی ئێمە بوو، [ئەویش چ نەبوو جیا لە] توانستی دانووستان پێکردنی ئەزموونەکان (بنیامین، ١٣٧٥: ٤).

ئەوەی لە خوێندنەوەی بنیامین دەردەکەوێ نەک نەبوون یان کەمایەسی ئەزموون، بەڵکوو ئامادەنەبوونی توانستی دانووستان پێکردنی ئەزموونەکانە. یان بە واتایەکی تر چەندایەتی ئەزموونەکانی مرۆیی گرفتی بنیامینی نییە و بگرە مرۆڤ چ لەو سەردەمەدا و چ لە ئێستادا، ڕەنگە بە نیسبەتی تەواو سەردەمەکان، ئەزموونی زیاتری لە بەر دەستدا بێ. کەواتە گرفتی سەرەکی لێرەدا چۆنییەتی ئەم بار و ئەو بارکردن و تێپەڕبوون لەو ئەزموونانە و جێکردنەوەیان لە ناو ماناکانی

ژیانه، و بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ ئەزموونەکان بۆ ئەزموونێکی بەکۆمەڵ بارگاوی بکرێن، هەتا ژیان مانامەند بێ و ئەو دەرفەتە بڕەخسێ کە ئەزموونەکان لێکۆڵینەوەیان لە سەر بکرێ. کەواتە شەڕی سەرەکی بنیامین و ڕەنگە پرسی سەرەکی ئەم نووسراوە گەیشتن بەو دەرفەتەیە کە وەک خاڵی گرێخواردنەوەی مرۆڤ بە ڕابردوو (چ وەک یادەوەری و چ وەک بیرئانین) باسی لێدەکرێ: وەک یادەوەری هونەری و بیرئانینی مێژوویی.

لێرە دایە کە بنیامین بۆ دەستەبەرکردنی وڵامێکی پێویست بۆ دەرفەتی گرێدانەوە، ئاوڕێکی جیدی دەداتەوە لە شێعری بۆدلێر و هەر لە وتاری "سەبارەت بە کۆمەڵێک دەستکەوت و تێمەکانی ناو شێعری بۆدلێر" (۱۳۷۷) بەو ئەنجامە دەگا کە سازدانی دەرفەتێکی لەبار بۆ دانووستان پێکردنی ئەزموونەکان خراوەتە ئەستۆی شێعر، هەتا شاعیر بە پشتبەستن بە ئەزموونی شاعیرانەی خۆی و بە غەیابدان و تەریکخستنەوەی کاتێکی زەمانی و تایبەت و بە گێڕانەوەی ئەو کاتە تایبەتە وەک هاوچەشنسازییەک بۆ کاتە لە دەستچووەکان و کاتە بە لێشاوەکانی جەماوەری بەردەم، بتوانێ ئەزموونەکانی لە ناو ئەزموونێکی تایبەتیدا چڕ کاتەوە و فۆرمێکی تایبەت بۆ خۆی دیاری بکا (بنیامین، ۱۳۷۷: ۲۹).

فۆرمێک کە چ نییە جیا لە فامکردنی چۆنایەتی ئەزموونی کاتێکی تێپەڕبوو، کاتێک کە بۆدلێر وەک "ئێوارەیەک" لە شێعری "ڕێبواریک"دا نیشانی دەدا (ئا.بنیامین، ۱۳۷۷: ۲۳۲). ئەم هاوچەشنییە بۆ دەستداگرتن بە سەر ئەزموونی بەکۆمەڵ لە ڕێگەی ئەو ئەزموونانەی کە چییەتی ژیانی هەرکام لە ئێمە بە ئەوەوە گرێی خواردووە، بەگشتی پرسی سەرەکی ئەم نووسراوە و هاوکات یەکێکە لە گرفتە سەرەکییەکانی شێعری کوردی دوای نوێبوونەوەی هەتا ئەمڕۆ و بەتایبەت لە شێعری بەرەی هاوچەرخدا.

هەر چەند ڕەنگە پێشتر کۆمەڵێک بابەتی وەک جەنگ و مەنفا و خودی بابەتی نەتەوە، توانیبێتیان بەشێک لەو گرفتانە کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێدرا، چارەسەر بکەن، بەڵام لە ئەمڕۆدا خودی ئەو بابەتانەش وەک کەمایەسییەکی نوێ، گرفتەکەیان چەند هێندە کردووەتەوە. کەمایەسییەک کە بە دووفاقەبوونی ئەزموونی ڕۆژانەی ئێمە و ئەزموونی زاڵ و ئەوەی لە میدیاکاندا بڵاو دەکرێنەوە، بڕەوی بە جۆرێک ئەزموونی کەمتەرخەم و گوزەری داوە، کە لە نەریت وەک غەیابێک دەڕوانێ و بێبەرییە لە تەواو تایبەتمەندییەکانی زەمانی. لە ئاوەها دۆخێک دایە کە بابەتی شێعر دەبێتە پێوەرێکی شیاو بۆ چۆنییەتی فامکردنی ئەو غەیابە و نەک ئارەزووی گەڕانەوە بۆ شتە لە دەستچووەکان. غەیابێک کە لە ئەمڕۆدا خۆی وەک غەیابی "بەردەنگەکان" دەرخستووە و بەو پێیە ئەرکی شاعیر گێڕانەوەی ئەزموونەکانی خۆی و دواتر گواستنەوەیان بۆ ئەزموونی بەردەنگێکە کە لە ڕێگەی ئەزموونی شاعیرەوە گرێ دەخواتەوە بە کۆی ئەزموونی مرۆڤی و هەر ئەمە دەبێتە پاڵپشتێک بۆ دانووستان پێکردنی ئەزموونەکانی.

٣

ئێستاش بۆ لێکدانەوەی چۆنییەتی هەڵسوکەوتی شاعیرانی خۆمالّی لە هەمبەر ئەو کەلێنەی کە لە نێوان دوو ئەزموونی ڕۆژانە و بەکۆمەڵدا ساز بووە، دەڕوانینە دوو بەرهەمی شێعری سوارە ئیلخانیزادە و توانستی ئەو لە سازدانی کۆمەڵگای بەردەنگ.

سوارە وەک شاعیر لە هەمان کاتدا کە یەکێکە لە بنیاتنەرانی شێعری نوێی کوردی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، یەکێکە لەو دەنگە سەرەتاییانەی کە بە گوێرەی ئەم نووسراوە لە دژی نزمبوونەوە و دابەزینی ئەزموونەکان تا ئاستی ئەزموونێکی ڕۆژانە و بەری لە حیکمەت وەستاوە و ئاستی بڕۆگرامەکانی ناو "تاپۆ بۆ مەلێل" و کەلان پێکهاتەی مانایی حیماسی ئەو دەقانە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن. واتە ئەو کاتەی سوارە ئەزموونەکانی نووسین و شاعیری گرێدەداتەوە بە فۆلکلۆر، شێعری بەرەکانی پێشتر، مێژوو، ئەدەبی دراوسێ، سیاسەت و کۆمەڵگا بە جۆرێک لە جۆرەکان حەولی هەمەلایەنەکردنی "حافزەیەکی هەرمان" (کە چ نییە جیا لە هەمان حافزەی حیماسی) و بارگاوی‌کردنی ئەزموونەکان و دانووستان پێکردنیان دەدا.

کەچی خودی ئەم حەولە، حەولێکی دژوازانەیە کە لە لایەکەوە بە تێکەڵبوونی بەشەپۆلی بزووتنەوەی خوێندکاری و ئایدیالۆژی، لە دژی شێوازی چەقبەستووی ئەزموونی باوکسالاری و نەریتخوازی دەوەستێ و حەولەکە بە باری پراکتیگخوازانەدا دەشکێتەوە هەتا دەرفەتی گرێدانەوە لە قەوارەی ڕووحێکی دژخوازانە دەرکەوێ و لە لایەکی دیکەوە دەبێتە ئاراستەیەک بۆ گەڕانەوە بۆ ئەزموونێکی تایەکاری و تاکخوازانە و جیاواز کە بە شێوەی خۆتاراوەکردن و نەخۆشی و کەمئەندامی و دواجار بە شێوەی حەزێکی ڕۆمانتیک بۆ گەڕانەوەی دووبارە بۆ ناو هۆز و عەشیرە و ژیانی پاستۆرالّ، خۆی دەنوێنێ.

ئەم میتافیزیای دژایەتی و گەڕانەوە، پێکهێنەری دوالیستی زالّ بە سەر تەواو ئەزموونەکانی نووسین لای سوارەیە و لە هەمان کاتدا مێدیۆمێکی تایبەتە بۆ بارگاوی‌کردنی ئەزموونی ڕۆژانە و ژیندراوی ئەو بۆ ئەزموونی بەردەنگ و پاشان بۆ ئەزموونی کەڵەکەکراو و بیرلێکراوەی ناو کۆمەڵ. مێدیۆمێک کە بە ڕاشکاوی دەکرێ مێژووەکەی بۆ دەنگە سەرەتاییەکانی شێعری کوردی وەک نالی و مەحوی بگەڕێندرێتەوە و وەک ڕێبوار سیوەیلی دەڵێ: بەردەوام لە نێوان منی شاعیر وەک چەشن و منی شاعیر وەک ڕەگەز؛ من وەک شاعیر و من وەک بەرپرسی کۆمەڵایەتی؛ و دواجار وەک حەولێک بۆ ژیان و بوونی تایبەتی و خۆمالّی و بوونی بەکۆمەڵ لە هاتوچوو دایە (سیوەیلی، ٢٠٠٨: ٤٩٨ و ٤٩٩) و ڕەنگە سەرکەوتووترین دەقە شێعرییەکانی ئێمە دەستکەوتی ئەم گەمە میتافیزیایە بن کە بڕیارە وەک خاڵی شاز و تایبەتی لای سوارە باسی لێبکرێ.

٣

بەرچاوترین بەرهەمە شێعرییەکانی سوارە بۆ لێکدانەوەی بابەتە ئاماژە پێدراوەکانی سەرەوە، ڕەنگە شێعرەکانی "خەوە بەردینە" و "شار" بن. بە ڕادەیەک کە گەر ئاستی دژوازییەکە لە ئەوی یەکەمدا خاوەن ڕواڵەتێکی ژێستگەرانە بۆ گەیشتن بە بوونی بەکۆمەڵ و لە هەمان کاتدا سیمبۆلیستی بێ، شێعری دووهەم حەولێکە بۆ گەڕانەوە بە بوونی تایبەتی و خۆماڵی. ئاوەها کە شاعیر لە شێعری خەوە بەردینە بە ڕیوایەتکردنی سەفەرێک هەتا ئاستی دەریا و گرفتەکانی بەردەم ئەم سەفەرە، بەو خاڵە دەگا کە بە کەڵکوەرگرتن لە شێوازی تەمسیلی و حەقایەتبێژی سەفەر و چەندپاتەکردنەوەی هاتوچووەکان، خۆی کامڵ بکا و ئەو ڕاستییە دەربخا کە هەرچی کامڵبوونە، دەوڵەمەندە بە تەواوکەرێک لە ناخی خۆیدا. کەچی بە ئەوەشەوە نابەردەوامییەتی و وەنەوزدان، تاقە حاڵەتێکە بۆ چەقبەستن و ڕووخانی پێگەی بەکۆمەڵ بوون:

بەڵام داخی جەرگم لەگەڵ هەر بەهارێ/ کە ڕائەچڵەکن سەوزەڵانی/ لە خاکینە خەونی گرانا/ لە دڵما خەم و داخی ئەم دەردە سەوزە/ کە دەردی گرانی هەموو ڕێبوارێ وەنەوزە... (ئیلخانیزادە، ١٣٧٢: ٢٠)

بەم شێوە سوارە لەو وەسفەی کە بنیامین بۆ تایبەتیبوونی هاوچەشنسازییەکانی سرتە لەگەڵ ڕابردوو، لەگەڵ جێگرکردنی ئەزموونی پەسەنی ئەوان لە ژیانی ڕابردوودا دەیکا، نزیک دەبێتەوە. ئەویش بە یارمەتیی ئەو سیمبۆلیزمەی کە لە هێماکانی ئەشکەوت و گژ و گیا، هەور و شەپۆل و دەریاوە سەرچاوە دەگرن و لە قەوارەی "زنەی دەم بە هاواری هاری درۆزن" و "گرماندنی هەوری ناو دڵ و دەروون" و "وەجاخێ کە ڕووگەی هەزارن نزای شینە باهۆی بە تاسە"وە دەرکەوتوون. یان بە واتایەکی تر ئەم هاوچەشنییە کە سەرچاوە لە سیمبۆلیزمی زاڵ بەسەر نووسراوەکانی سوارەوە دەگرن، ئاماژەدەرێکە بە دەستەبەرکردنی ئۆتۆماتیکی ئەوەی وا بە هێما کراوە، لە ڕێگای خودی هێماکان. ئاوا ئەزموونی ئەمیان، ئەزموونی ئەوی دیکەیە و ئەوەی لە بەر دەست دایە، ئەوەی وا لە بەر دەستدا نییە، دابین دەکا. کەواتە بە هێماکراو لە ناو دڵی هاوکاتییەتی ئامادەیە.

ئاندرێ بنیامین کاتێک دەڕوانێتە خوێندنەوەی بنیامین لە هاوچەشنییەکان لای بۆدلێر، ئاماژە بە کەلێنێک لە ناو ئەزموونەکان دەکا و دەنووسێ: هاوچەشنییەتی، ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەزموونی هەنووکە چ نییە جیا لەو شتەی کە ئێتر ئیمکانی ئەزموونکردنی بۆ نییە و وەک کەمایەسی و فۆقدانێک دەردەکەوێ و کاتی ڕابردوو سەلمێنەری نائامادەبوونی هەمان شتە لە ئێستادا. لە ناو ئەزموونی ئێستاشدا، هیچ چەشنە گەڕانەوەیەک شک نابەی و ئەوەی ون بووە ئێتر ئۆبژیەک نییە لە یادەوەریدا. (ئا. بنیامین، ١٣٧٧: ٢٣٢)

کەواتە بە پەیرەوی ئەم بۆچوونە، خەوەبەردینە گێڕانەوەی ئەو ئەزموونە تایبەت و چەندپاتەکراوەی ڕابردووە کە تووشی فۆقدان هاتووە و حەولی ئەوە دەدا بە گرێدانەوەی بەردەوامی

خـۆی بـه نەریـت و هێماکانـی نەریتـی، کەمایەسـییەکان قەرەبـوو کاتـەوە. بـەڵام دەسـتکەوتەکەی چ نییـە لـە کەمایەسـییەکی گەورەتـر، کـە وەک وتـرا، لـە خـۆیدا ئاراستەیەکی مۆدێرنـە و ناومکینبوونـی سەریەکخستنەوە و لەخۆنامۆیـی دەگەیەنـێ:

ئەزانـی لـە پـێ ناکـەوێ پێیـە پێـڵاوی تاسـەی پیاسـەی لـە پـێ بـێ/ نەوەسـتان ئەوەسـتێ بـە دەسـتێ/ کـە خـاراوی ئێـش و سـواوی سـوێ بـێ/ لـە هـەر شـوێنێ ڕاماوە، داماوە، کاری تـەواوە/ ئەزانـێ ئەبـێ هـەر بـژی و بـاژوێ، تـا بـژی تـا بمێنـێ/ هەنـاوی بـە هەنـگاوە، نەسـرەوتنە کوولەکـەی ڕووحـی ئـاوە. (ئیلخانـیزادە: ۲۳)

ئـاوا سـوارە حەوڵـی زاڵبـوون بـە سـەر ڕووخـان و لەمپـەرەکان دەدا و ئـەوە دەسـەلمێنێ کـە وێنبـووەکان چیتـر ناگەڕێنـەوە، بـەڵام وێنبـووەکان ئیمکانـی ئەزموونکردنێـک سـەر دەخـەن کـە بنیامیـن وتنـی ئەزموونـی ڕۆژانـە بـە ڕاتەکانەکانـی، تووشـی مەترسـی نایـەن و گـرێ دەخـۆن بـە شـێوازێکی ڕەسـەنتر لـە جوانـی کـە هەمـان "ئۆبـژەی ئەزمـوون لـە کاتـی وێکچـوون"ە (ئا.بنیامیـن: ۲۳۳). شـێوازێک کـە بـە تەکنیکـی وەدەرنـگ خسـتنی درێـژ مـەودا (prolonged hesitation) لـە نێـوان دەنـگ و مانـای شـێعری ئاراسـتە دەکرێـن. ئاوەهـا کـە لەگـەڵ هـەر بەندێکی شـێعری و لەگـەڵ تەواوبوونـی دەنگەکان، بـاری مانایـی شـێعری کۆتایـی پێنایـە و پێـش دەکـەوێ و خوێنـەر بـۆ پارچەیەکـی تـری شـێعری ڕێنوێنـی دەکا و سـەروا بـەر لـە تەواوبوونـی مانـای ڕسـتەکان کۆتاییـیان پـێدێ و خوێنـەر ناچـارە لـە زەینـی خـۆیدا دیالکتیکێـک لـە نێـوان دەنـگ و مانـاکان دروسـت دەکا و دەرئەنجامەکـەی سـازبوونی چێژێکـی ئەسـتوونی ماناگەرانـە لـە هەمبـەر چێژێکـی ئاسـۆیی دەنگگەرانەیـە. واتـە دەنگـەکان لـە بـاری ئاسـۆییدا، بـۆ گەیشـتن بـە مانـا و خۆپاراسـتن لـە چەقبەسـتوویی، خێرایییـەک لـە خـۆ دەگـرن کـە جـار هەیـە بـە سـەر یـەکدا سـوار دەبـن و گەلـێ جـار لـە شـێوەی واجئارایـی و جینـاسدا دەردەکـەون.

ئـەم ئانتاگۆنیزمـە شـێعرییە بـە خـۆ کێشدان و دڕێـژەدادڕی مانایـی لـە پارچەیەکـی دیکـە، لـە کاتێکـدا کـە حەولـی هاوپۆشـیی مانایـی لـە دەلاقـەی هاوپۆشـیی دەنگـەکان دەدا، دەبێتـە هـۆی بڵاوبوونـەوەی مانـای کۆتایـی لـە یەکـە یەکەی پارچـە شـێعرییەکان. ڕێـک وەک بەرامبەرسـازییەک لـە نێـوان سـەروای سـەرەتایی "گـەرووی کـەو" و "کوولەکـەی ڕوح" لـە کۆتایـی شـێعرەکە. هەروەهـا وەک چەندپاتەبوونـەوەی هەمـان مانـا لـە یـادەوەری شـاعیر و نەریتـدا. ڕەمزێـک کـە لـە نـاوی خـودی شـێعرەکەدا واتـە "خـەوە بەردینـە"دا دەبینـدرێ: خەونێکـی بەردیـن و تەلەسـمێک کـە بووەتـە هـۆی چەقبەسـتن و پێشخسـتنی ئەزموونـەکان و گیرۆدەبـوون بـە ژیانێکـی چەندپاتەکـراوە، نـەک بـۆ باوەشـی نەریـت. بەڵکـوو بـەرەو ژیانێکـی بەردینەیـی و بـە شـمەکبوون.

۴

سـوارە لـە شـێعری شـاردا، بـە گرتنەبـەری هەڵوێسـتێکی سیمبۆلیسـتی لـە دژی شـار دەوەسـتێ و بێـزراوی خـۆی لـە ڕێگـەی ئاڕمانـی و یۆتۆپیایـی کردنـەوەی گوند و لادێ دەردەبڕێ و ئاراسـتەیەک بـە دەسـتەوە دەدا کـە گـەر بمانهـەوێ وەک "بێـری ڕیچـاردز" بـە شـێوەیەکی دەروونناسـانە پێناسـەی بکەیـن و ئـارەزووی گەیشـتن بـە هـەر کامیـان وەک درێـژەی ئەندامەکانـی لەشـینە وێنـا بکەیـن، بـێ سـێ و دوو دەبـێ بیـر لـە دوالیزمێـک لـە نێـوان شـار و دێدا بکەیـن کـە دابـڕان لەمیـان، دەوڵەمەندکردنـەوەی ئـەوی دیکەیانـە، کەواتـە شـار لـەم گەردوونـەدا وەک دیترهاوێژییـەک (Projection) بووەتـە بەسـتێنێکی پـڕ لـە مەترسـی و پـڕ لـە ناپاکـی، خنکێنـەر و شـپرزە و نائاسـایی و.... لـەم دیترهاوێژییـە دایـە کـە دژکارانەتریـن تایبەتمەندییـەکان ئاراسـتەی شـار دەکرێـن و شـار وەک "ئۆبژەیەکـی نادڵخـواز" دەردەکـەوێ (ڕیچـاردز، ۱۳۸۲: ۱۰۸ و ۱۰۹). کەواتـە

بێزراوی لە شار لە پەنای تەواو گرفتەکانی تایبەت بە خۆی سەرچاوە لە دیترهاوێژییەک دەگرێ کە دواجار بە شێوەی مێهر و قین (Ambivalence)، بابەتی دژکارانە دەکاتە ئۆبژەیەکی ئۆخژنهێنەرانە، یان وەک ڕیچاردز دەڵێ: ئەو خەیاڵە دژکار و نێگەتیڤە هەمان تەواوکەری ئایدیاڵسازیی شار و هاوێریەتی، واتە بەم پێناسەیە سووژەی شاری مۆدێرن بەردەوام لە نێوان دوو هەستی دژواز هەڵسوکەوت دەکا. (پێشوو: ١١٠)

ئەمە لە کاتێک دایە کە شار بە مانا مۆدێرنەکەی هێشتا لای ئێمە ساز نەبووە و ئەمەش وەک ماڕشاڵ بێرمەن دەڵێ، بیرهێنەرەوەی: مۆدێرنیزمێکە کە بەپێچەوانەی مۆدێرنیزمی وڵاتانی پێشکەوتوو ـ کە کۆمەڵگای خۆیان بە پێوەری ماتریاڵەکانی مۆدێرنیزاسیۆنی سیاسی و ئابووری بنیات ناوە و بە پشتبەستن بە واقیعێکی مۆدێرنیزەکراوە ئینێرژی و ئایدیاڵەکانی خۆیان لێوەرگرتووە ـ، سەرچاوە لە پاشکەوتوویی و گەشەنەسەندوویی دەگرێت کە سەرلەبەری وڵاتانی جیهانی سێهەم پێوەی گیرۆدەن: مۆدێرنیزمێک کە لە سەر بنەمای خولیاکان و خەیاڵەکانی مۆدێرنیتە دامەزراوە و خۆی بە تێهەڵقورتاندن و نزیککردنەوە لە تەراویلکە و تارمایی‌یەکانی تێرئاو دەکا. ئەم مۆدێرنیزمە بۆ پاکژبوون بە نیسبەتی ئەو ژیانەی سەرچاوەی لێگرتووە، بە ناچار دەبێ تووڕە و سەڵت و بیچمنەگرتوو و تێکەڵ بە هەرا و زەنازەنا بێت. ئەم شێوە لە مۆدێرنیزم لە دژی خۆی ڕاپەڕێ و خۆی ئەشکەنجە دەدا، چونکە ناتوانێ بەتاقیتەنیا میژوو بگۆڕێ، یان لە پێناو لە کۆڵکردنی تەواو باری قورسی میژوو پەنا بۆ حەولە زێدەڕۆییەکان دەبا. (برمن، ١٣٨٤: ٢٨٣ و ٢٨٤)

سواڕە لە دوو قۆناغدا، ئەو مۆدێرنیزمە ئەزموون دەکا واتە کاتێک کە بۆ چارەسەری نەخۆشی و بۆ دەربازبوون لە گوشاری هۆز و عەشیرە و درێژەدان بە خوێندن ڕوو لە تەورێز و تاران دەکا و بە باوەشی ئاوااڵوە شار دەکاتە ئەو ئۆبژە ڕزگاریهێنەر و ئۆخژنهێنەرە کە دەتوانێ چارەسەری ئارەزووەکانی ئەو بێ و لە قۆناغی دووهەمدا و بە پشتبەستن بە ڕۆمانسییەتێکی دژەشارانە کە زۆرتر سەرچاوە لە بیری ئایدیاڵۆژیکی ئەو دەگرێت، شار دەکاتە سەرچاوەی سەرەکی تەواو نەهامەتی و زەبروزەنگ و بێزراوییەکان. کەچی بە ئەمەشەوە هەر خودی ئەم بێزراوییە لایەنی دووهەمی حەز و تاسەی شارە و سەرچاوە لەو ڕوحە ستایشگەرە دەروونییە دەگرێ کە شار لە ڕێگەی دیترهاوێژییەکانی ئاراستەی کردووە و وەک تاقە ماشێنی مەیل تەواو بوونەکان (هەم بوونی تایبەتی و هەم بوونی بەکۆمەڵ) لە خۆیدا چڕ دەکاتەوە. یان باشتر وایە بڵێین ئەم شێوە بێزاریە لە فەزای شار و حەز بە گەڕانەوە بۆ ژیانێکی پاستۆرااڵ، دوای گەشەسەندنی نیوەچڵانەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی دەرئەنجامی مێهرئاگینی حەز و بێزاریەکە کە سەرچاوە لە مۆدێرنیزاسیۆنی شاری گەورە دەگرێ و تێیدا دژکاران هاوکاتی ستایشکردنی فەرهەنگی بەرهەستی مۆدێرنیستی، لە ئابستەرەی خۆیاندا وەک دژکاری و تێهەڵچوون و لێکهەڵبەزینەوەی دوو دڵدار، لە دژی دەوەستن و لە خەیاڵی خۆیان لە گەڵیدا تێهەڵدەچن:

گوڵم/ دڵم پڕە لە دەرد و کوڵ/ دەڵێم بڕۆم لە شارەکەت/ ئەڵێم بە جامی ئاوی کانیاوی دێ/ عیلاجی کەم کوڵی دڵی پڕم/ لە دەردی ئینتیزارەکەت ... (ئیلخانی زادە: ٢٧)

کەواتە ئەم ململانێ زەینییە بەشێکە لە ئەزموونی ڕۆژانەی ئەم جەماوەرە کە وەک بێرمەن دەڵێ: هاوکاتی دەربڕینی بێزاری و تووندی لە دژی شار، وێنەکەی بە دروەشاوەترین و پاکژییەتی تەواوەوە لە زەینی خۆیاندا وێنا دەکەن و جوانییەکی تایبەتی پێدەبەخشن. (پێشوو: ٢٠٧)

ئەمە لە ڕاستیدا ئەو دژوازییەیە کە بە ڕوونی لە شێعری شاردا بەرچاو دەکەوێ، شێعرێک کە هاوکاتی وەسفی دەروشاوە لە خودی شار، وەسفەکەی لە پێناو بابەتی هاوچەشنی وەک لادێ و گوند ڕەفز دەکاتەوە و تۆ بڵێی بەردەنگی ئەم شێعرە هەر خودی شارە و شار خۆی وەک گوڵێک یان وەک عەشقێکی شێعری دەرکەوتبێ و شاعیر وەک غەمزەیەک بۆ شار باس لە چرای نیئۆنەکان و ڕەمزی ئاسن و مەنارە و پەیکەرە و دارتێل و جوانییەکانی دیکەی دەکا.

بەڵام بە ئەوەشەوە شاعیر لەگەڵ هەر دێڕێکی شێعری، گەڕانەوەیەکی زەمانی نەک وەک ڕابردوو، بەڵکوو وەک یادەوەری و ژیانێکی ڕابردوویی ئاوێتەی دێرە شێعرییەکان دەکا و حەول دەدا لە ڕێگەی ئەم یادەوەرییانەوە ئەزموونە بەلێشاوەکانی خۆی لە شوێنێکی تایبەتی زەمانیدا چڕ کاتەوە و لۆکاچ وتنی بە پشتبەستن بەم زەمانە خۆی لە پەرتەوازەیی و نانیشتەجێیەتی تڕانسێندێنتاڵ ڕزگاری دەکا و لە ڕێگەی یەکپارچەکردنەوەی ئەزموونەکان لە ئەزموونێکی تایبەتیدا، ئیمکانی دەستەبەرکردنی ڕابردوویەک دەڕەخسێنێ کە تێیدا بە یارمەتی ئەزموونێکی زیندوو وەک قووڵترین و ڕەسەنترین کەرەسەی زەمانی گشتییەتی، لێکەڵوەشاوە سەر

یەک دەخاتەوە و زەینی بێخانومان دەگەڕێنێتەوە بۆ یانەی خۆی (لەم بارە بڕوانە؛پارکینسون، ۱۳۷۵: ۲۳۲-۲۳۳)، یان بە گوێرەیەکی تر ئەزموونەکان لە ڕێگای ئەو زەمانە تایبەتە ئیمکانی ئاڵوگۆڕکردنیان بۆ دەڕەخسێ.

کەواتە لە کۆتایی ئەم نووسراوە دەتوانین بە ڕاشکاوی بڵێین کە سوارە یەکێکە لەو شاعیرە بە توانایانەی ئەدەبی نوێخوازیی کوردی کە لە پێناو پڕۆژەی بەردەنگسازی بۆ شێعری نوێ، هاوکاتی حەولدان بۆ بەردەوامێیەتی نەریت و پاراستن و چەندپاتەبوونەوەی ئەزموونەکان، ئاوڕی لە ڕابردوویەکی ڕەسەن و نەک ڕابردوویەکی کاتناسانە داوەتەوە و لەو ڕێگایە ڕووبەڕووی هاوچەشنییەک لە هەنووکەدا دەبێتەوە کە تێیدا فەرهەنگی بەرهەست بە سەر فەرهەنگی زەینیدا سوارە.

کەچی سوارە نەک بە شێوەیەکی نۆستالۆژیک و گەڕانەوەخوازانە، بەڵکوو بە ناموکیرکردنی خودی گەڕانەوە و ژیان لە ڕابردووی چەندپاتەکراوە، جۆرێک کەمایەسی و فوقدان دەخەملێنێ کە بە ناوچاوی ئەزموونی ڕۆژانەوە دیارە و پێویستە کە شێعری ئەمڕۆش بە ئاوڕدانەوە لە تاقیکارییەکانی ئەو و بە هاوچەشنسازی هەنووکە لەگەڵ کاتی یادەوەریی شاعیر، ئەزموونەکان بۆ دانووستانی بەردەوام ئامادە بکا.

سەرچاوەکان:

۱- ئیلخانیزاده، سواره (۱۳۷۲)، خەوە بەردینە، ورمێ: سەلاحەدینی ئەییوبی

۲- برمن، مارشال (۱۳۸٤)، تجربه مدرنیته: هر آنچه سخت است و استوار دود می‌شود و به هوا می‌رود، ترجمه: مراد فرهاد پور، تهران: طرح نو

۳- بنیامین، والتر (۱۳۷۵)،قصه گو: تأملی در آثارنیکلای لسکوف، ترجمه: مراد فرهادپور و فضلالله پاکزاد، به نقل از فصلنامه ارغنون شماره ۹ و ۱۰،تهران: سازمان چاپ و انتشارات، وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی.

٤- بنیامین، والتر (۱۳۷۷)، درباره برخی ازمضامین و دستمایه های شعر بودلر، ترجمه: مراد فرهادپور، به نقل از فصلنامه ارغنون شماره ١٤، تهران: سازمان چاپ و انتشارات، وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی.

٥- بنیامین، آندره (۱۳۷۷)،سنت و تجربه، ترجمه: فرزان سجودی، به نقل از نشریه: فارابی،شماره ۳۱

٦- پارکینسون، جی (۱۳۷۵). لوکاچ و جامعه شناسی ادبیات، ترجمه: هاله لاجوردی، به نقل از فصلنامه ارغنون شماره ۹ و ۱۰، تهران: سازمان چاپ و انتشارات، وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی.

۷- ریچاردز، بری (۱۳۸۲)، روانکاوی فرهنگ عامه، ترجمه: حسین پاینده، تهران: طرح نو

۸- سیوەیلی، ڕێبوار (۲۰۰۸)، نەتەوە و حەکایەت (بەرگی یەکەم)، هەولێر: دەزگای موکریانی

۹- اشتاین، روبرت (۱۳۸۲)، والتر بنیامین، ترجمه: مجید مددی، تهران: اختران

تێۆڕیی زێهن و مۆدێلێکی نوێ بۆ داڕشتنەوەی ڕەوانناسانەی داستانی منداڵانە



یاقووب خزری

کورتە

ئەو وتارە لەژێر ناوی "تێۆڕیی زێهن و مۆدێلێکی نوێ بۆ داڕشتنەوەی ڕەوانناسانەی داستانی منداڵانە" و بە پشتبەستن بە سەردێڕی کوللی«داستانی منداڵانە و تەحلیلێکی ڕەوانناسانە» نووسراوە. وتارەکە لە چەشنی وتاری مروورییە بەشێوازی ئاڕشیوی — کتێبخانەیی ئەنجام دراوە. ئامانجی سەرەکی ئەو وتارە تێۆڕیزەکردنی داستانی منداڵان بەگشتی و ئەدەبیاتی داستانی منداڵانی کورد بەتایبەتییە لە ڕێگای تێۆڕیی زێهن کە یەکێکە لە ڕوانگە نوێیەکانی حەوزەی ڕەوانناسیی منداڵ. نەتیجەی ئەو وتارەش گەیشتن بەو ئاکامە بوو کە داڕشتنێکی نوێ بە پێوەرەکانی تێۆڕیی زێهن بۆ داستانی منداڵان بکرێ بەجۆرێک کە خسڵەتەکانی پێوەندیدار بە ئەدەبیاتی داستانی منداڵان کە لە تێۆڕیی زێهنداهاتوونەتە بەرباس لە داڕشتنی سەرلەنوێی داستانی منداڵانەدا لەبەرچاو بگیرێن.

وشە سەرەکییەکان:
تیۆرییی زێهن، داستانی منداڵانە، باوەڕی درۆیین، حاڵەتە زێهنییەکان

پێشەکی

دەرک و فامی منداڵ لە زێهن کە لەژێر ناوی "تیۆرییی زێهن" یا "زێهن خوێندەوە" (mind Reading) نێودێر کراوە، لە حەوزەی پەوانناسیی منداڵ لە دوو دەیەی ڕابردوودا، خاوەنی لێکۆڵینەوەگەلێکی یەکجار زۆر بووە. دیسکۆرسی نوێی ئەدەبیاتی تیۆرییی زێهن، ئەو پرسە دەخاتە ڕوو کە ئینسان وەکوو ئیگزیستێکی کۆمەڵایەتی بۆ دەرککردنی خەڵک خاوەنی لێهاتوویییەکی تایبەتە. ئەو لێهاتوویییە کە تیۆرییی زێهنی پێدەگوترێ ئاماژە بە توانایی ئینسان دەکا لە نیسبەتدانی حاڵەتە زێهنییەکان بە خۆی و خەڵکانی تر. لەسەر ئەو ئەساسە و دەرکێکی زێهنی لە ڕەفتارەکان، تاک دەتوانێ ڕەفتارەکانی خەڵک دەرک، ئاشکرا و پێشبینی بکا. بوونی ئەو تایبەتمەندییانە بۆ هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکان زەرووڕەتی هەیە. دەستەواژەی تیۆرییی زێهن (Theory of mind یا tom) بۆ یەکەم جار لە لایەن پرێماک و وودڕاف لە ساڵی ١٩٧٨ هاتە بەرباس (ئەمین یەزدی، ١٣٨٣). لە درێژەی وتاردا بەشێک لە گوزارە مەعریفی و زانستییەکانی پێوەندیدار بەو تیۆرییە دەخەینە ڕوو؛ هەڵبەت پێویستە ئاماژە بە خاڵێکی گرینگ بکەین ئەویش ئەوەیە؛ ئەو گوزارانەی لەژێر ناوی تیۆرییی زێهن تەحلیل دەکرێن، گشت مەفهووم و گوزارەکانی ئەو ڕەوتە نوێیە نین، بەهۆی وەی کە ئەو پرۆسە فکری و نەزەرییە خاوەنی نیزامێکی زۆر بەربڵاوترە، لە وتاردا حەول دراوە گوزارەکانی نەزەری پێوەندیدار بە چەمکی داستانی منداڵانە بخەینە ناو بازنەی تەحلیل و لێکدانەوە. بۆ نموونە ئەو چەمکانەی کە هاتوونەتە بەرباس و لێدوان و هەروەها خراونەتە بەر تەحلیلێکی ڕەوانناسانە و مۆدێلێکی نوێیان لە پێوەندی دەگەڵ داستاندا بۆ داڕێژراوە بریتن لە: مەیل، نییەت، کردەوە، باوەڕی درۆیین (باور کاذب) و توانایی لێک جیاکردنەوەی ڕوالەت و ڕاستییەکان.

داستان یەکێک لە گرینگترین ژانرەکانی ئەدەبیاتی منداڵانە، بۆیە دەکرێ لە چواچێوەی نیزامێکی ڕەوانناسانەی پێوەندیدار لە ڕووی تیۆرییی و مەعریفییەوە تەحلیل و تەفسیر بکرێتەوە. ئەوە ڕوون و ئاشکرایە کە داستان لە واژەکان ساز کراوە و ئەو واژانەش خولقێنەری فکر، کردار، ئێحساس و پێوەندییەکانی ئێمەن. کاتێک ئەو واژانە بەشێوەیەکی تۆکمە و لە ڕووی دیسیپلینێکی تایبەتەوە لە پەنا یەک ڕیز دەکرێن و داستان دەخولقێنن، بێگومان کاریگەرییەکەیان بەهێزتر دەبێ. داستانەکان هۆکارێکی گرینگن بۆ ئەوەی مرۆڤ بەگشتی و منداڵ بەتایبەتی زۆربەی هەرە زۆری ئەزموونەکانی خۆیان تەفسیر و بازتەفسیر بکەنەوە. منداڵیک کە دەگەڵ قارەمانی داستان هەمزادپێندارێ دەکا، ئیتر هەست بە تەنیایی ناکا و بەو قۆناغە لە تێگەیشتنیش دەگا ژیانی هاوشێوەی ئەویش لە کۆمەڵگادا هەیە. هەروەها هەڵسوکەوتە عاتیفییەکان لە داستاندا دەبنە هۆی گۆڕانی جیهانبینی منداڵ بەنیسبەت زۆرێک لە پرسەکان (ئەبوودی و لەنگرووڕی، ١٣٨٩: ٧٦-٧٥).

هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، ڕەوتی تیۆرییی زێهن تیشک دەخاتە سەر هێندێک پرس وەک مەیل، ئێحساس، دەرک، هەیەجان، نییەت و زۆر پرسی تر. هەمووی ئەوانەش لە داستاندا بەتایبەت لە داستانی منداڵانەدا بەشێوەیەکی بەرچاو حزووریان هەیە؛ هەر بۆیە بۆ شەڕح و تەفسیر و تەحلیلی ئەو پرۆسەیە، گەرەکمانە لە کانالی تیۆرییی زێهنەوە مۆدێلێکی نوێ بۆ داڕشتنەوەی سەرلەنوێی داستانی منداڵانە دیاری بکەین. ئەو مۆدێلەش دەتوانێ خاوەنی زۆربەی هەرە زۆری ئەو بنیاتە مەعریفی و دیسکۆرسە تایبەتانە بێ، کە لە ڕووی زانستییەوە دەکەونە ژێر ناوی ڕەوتی تیۆرییی زێهن وەک یەکێک لە زانستیترین پرۆسەکانی تیۆرێک لە حەوزەی ڕەوانناسیی منداڵدا.

بنەما تیۆرییەکان

تیۆریی زێهن و مۆدێلێکی نوێی پەوانناسیی منداڵ

تیۆریی زێهن دواییـن پەوتـی لێکۆڵینەوەیـە لـە بابـەت پرسـی شـناختی کۆمەڵایەتیـی (social cognitivism) منداڵ و هەموو ئـەو گۆڕانکارییانـەی بەسـەر ئـەو پرسـەدا هـات. ئـەو لێکۆڵینەوانـە لـە دەیـەی ۱۹۸۰ی زایینـی دەسـتی پێکـرد و ئێسـتاش زۆرینـەی لێکۆڵینـەوەکان لـە و چوارچێوەیـەدا ئەنجـام دەدرێن (فلاوێـل و میلێـر، ۱۹۹۸؛ ئەسـتینگتۆن، ۱۹۹۳: وەرگیـراو لـە مۆحسـێنی، ۱۳۸۳: ٤٤٨). لـە مـاوەی دوو دەیـەی ڕابـردوودا، تیۆریـی زێهـن بەشـێوەیەکی بەربـڵاو , لـە بـڕەودا بـووە. لـە ڕاسـتیدا سـاڵی ۱۹۹۸ مـارس بڕنشـتاین سـەردەبیری گۆڤـاری زانسـتی (child development) "تحـول کـودک" ڕایگەیاند نیـوەی لێکۆڵینەوەکانـی پەیوەسـت بـە "گۆڕانـی شـناختی" لـە ئامریـکا لەسـەر پرسـی تیۆریـی زێهـن بـووە. هەروەهـا فلاوێـل و میلێر (۱۹۹۸) لەسـەر ئەو باوەڕەن دەرکـکردنی حاڵەتـە زێهنییـەکان سـەرەکیترین تایبەتمەندیـی پرۆسـەی لێکۆڵینەوەیـە لـە حـەوزەی "گۆڕانـی شـناختی" دا. وێلمـەن، کـڕاس و واتسـۆن (۲۰۰۱) پێیـان وایـە لـە سـەردەمی ئێسـتادا ڕەوتـی توێژینـەوە لەسـەر تیۆریـی زێهـن خاوەنـی پێکهاتەیـە و هەروەهـا وەک سـووژەیەکی خۆڕێکخەر (انعـاف پذیـر) دەرکەوتـووە. پێکـەوە ژیـان و دیالۆگـی دوولایەنـە سـەرەکیترین تایبەتمەندییەکانـی مرۆڤـن. یەکێـک لـە پێویسـتییەکانی ئـەو تایبەتمەندییـە ئەوەیـە کـە تـاک بزانـێ تاکەکانـی تـر چـۆن بیـر دەکەنـەوە و خاوەنـی چ هەسـت و ئێحساسـێکن. ئـەو گوزارەیـە "تیۆریـی زێهـن" نێودێـر کـراوە. توانایـی تـاک لـە نیسـبەت دانـی حاڵەتـە زێهنییـەکان بـە خـۆی و تاکەکانـی تـر و هەروەهـا پێشبینیکردنـی کـردەوەکان لـە سـەر بنەمـای حاڵەتـە زێهنییـەکان پێناسـەیەکی دیکەیـە بـۆ تیۆریـی زێهـن. لیسـلی (۱۹۸۸) پێـی وایـە تیۆڕی زێهـن وەک هێزێکـی هـزری مـرۆڤ بـۆ وێناکردنی حاڵەتـە زێهنییەکانـی خـۆی و خەڵـک لـە ئەژمـار دێ. سـێنمان (۲۰۰۲) ڕای وایـە تیۆریـی زێهـن دەرکـکردنـی تەعاموڵـە کۆمەڵایەتییەکانـە لـە ڕێـگای نیسـبەتدانی بـاوەڕ، مەیـل، نییـەت و هەیەجانـەکان بـە خـۆی و تاکەکانـی تـری کۆمەڵـگا بـە مەبەسـتی بەیانکـردن و پێشبینیکردنـی کـردەوەکان. (بوورکلەند، ۲۰۰۰: ۱۲۵).

حاڵەتـە زێهنییـەکان پانتاییەکـی بەربـڵاون لە نییەت، هیـوا، تـرس، چاوەڕوانـی و وێنـاکان. سـێ لـە و حاڵەتانە لە تەفسیر و شـرۆڤەی کردەوەی مرۆڤ ڕۆڵـی سـەرەکیان هەیـە، ئـەو سـێیانە بریتیـن لـە : مەیل (ئامانجەکانـی تـاک دیـاری دەکا)، باوەڕ (پێشبینیکردنـی کـردەوەکان لەسـەر ئەساسـی ئـەو شـتەی تـاک بـە دروسـتی دەزانـێ)، بـە ڕواڵەتنوانـدن (وانمودسـازی)، خەڵـک هەمیشـە بـەو شـێوەی کـە هـەن خۆیـان دەرناخـەن) (مەشـهەدی، ۱۳۸۲).

بەشـێکی زۆر لـە لێکۆڵینەوەکانـی تەجرووبـی نیشـانیان داوە منـداڵان لـە تەمەنـی سـێ تـا چـوار سـاڵیدا هەیەجـان، بـاوەڕ و مەیلەکانـی خەڵکـی تـر دەناسـن. پـۆل هاریس یەکێـک لـە بیرمەندانی ناسـراوی ئـەو بەسـتێنە، لەسـەر ئـەو باوەڕەیـە منـداڵان لەبـارەی هەیەجـان، مەیـل و باوەڕکانـی خەڵـک، گریمانەسـازی دەکـەن، دەکـرێ ئـەو گریمانەسـازییەش وەک "تیۆریـی زێهـن" واتـە "زێهـن خوێندنـەوە" نێودێـر بکەیـن. هەروەها لـە درێـژەدا دەڵـێ: "دەکـرێ ئـەوەش بڵێیـن کـە منـداڵان خاوەنـی جۆرێـک دەرکـی تیۆریئاسـا"ن لـە زێهنـی "غەیر" (دیگری). منـداڵ بـە لەبەرچـاو گرتنـی پێوەندیـی مانایـی لـە نێـوان مەفهوومەکانی وەک باوەڕ و حەزەکان، ڕەفتـار و هەیەجانەکانـی خەڵـک دەرک و پێشبینـی دەکا. (مۆحسـێنی، ۱۳۸۳: ٤٤٨).

لە ڕوانگەی هاریسەوە زاڵبوونی منداڵ بەسەر حاڵەتە ڕەوانییەکانـی خـۆیدا ئـەو دەرفەتـەی بۆ دەڕەخسـێنێ تا لـە ڕێـگای مێکانیزمـی بـە ڕواڵەتنواندن (وانمـود سـازی)، حاڵەتـە ڕەوانییەکانـی خـۆی بـە "غەیـر" نیسـبەت بـدا. بـە واتایەکـی تـر ناسـینی حاڵەتـی "غەیـر" دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـە خـۆی لـە جێـگای غەیـر وێنـا بـکا. هاریس بۆ "زێهنخوێندنـەوە" قایـل بـە سـێ شـەرتە:

۱- خودئاگایـی: لـە تەمەنـی هەژدەمانگانـەڕا دەسـت

پێدەکا و لە دوو ساڵیدا منداڵ حاڵەتە هەیەجانییەکانی خۆی بەشێوەی کەلامی بەیان دەکا.

۲- توانایی بە ڕواڵەتنواندن (وانمودسازی): ئیدعاکردنی ئەوەی کە شتێک (کە لە جیهانی دەرەوە هەیە) شتێکی تـرە. ئـەو تایبەتمەندییە لـە یارییە نمادینەکانـی تەمەنـی دوو سـاڵیدا بەرچـاوە.

۳- توانایی جیاکردنـەوەی ڕاستییەکان لەو شتانەی بەڕواڵـەت خـۆ دەنوێنـن: منـدااڵن لـە پرۆسـەی یارییە نمادینـەکاندا شتە ڕاستییەکان لـە شتە ڕواڵەتییـەکان جیـا دەکەنـەوە. لـە تەمەنـی سـێ سـاڵی بـە دواوە، توانایـی ناوبـراو سـەقامگیرتر دەبـێ.

هاریس لـە بابـەت سـێ شـەرتی باسکـراو ڕای وایـە کاتێـک منـدااڵ ئـاگاداری حاڵەتـە هەیەجانەکانـی خـۆی بـێ، دەتوانـێ لـە توانایـی بـە ڕواڵەتنوانـدن کەڵـک وەربگـرێ و ئـەو حاڵەتانـە لـە یارییەکـی نمادیـندا بـە بوونـەوەرە بێگیانـەکان یـا بـە تاکەکانـی تـر نیسـبەت بـدا. ئـەو پرۆسـەیە هەمـان فەرافکەنییـە. بـۆ نموونـە کاتێـک منـدااڵ دایکـی بـە خەمناکـی دەبینـێ پێویسـت نـاکا بۆخۆیشـی خەمنـاک بـێ تـا خەمناکبوونـی دایکـی وێنـا بـکا، چونکـە توانایـی ئـەوەی هەیـە شـتە ڕاستەقینەکان لـە شتە ڕواڵەتییـەکان جیـا بکاتـەوە. لـە بەرابـەر بۆچوونـی هاریسدا ڕوانگەیەکـی تـر بەپێچەوانـە دەڕوانێتـە ئـەو پرسـە گرینگـە. ڕوانگـەی باسکـراو لـە سـەر بنەمـای پێوەندییەکـی ڕاسـتەوخۆ مابەینـی هەڵومـەرج و هەیەجـان هاتووەتـە ئـاراوە. منـدااڵ فێـر دەبـێ لـە نێـوان هەڵومەرجێکـی تایبـەت و هەیەجانێکـی تایبـەت بـەو هەڵومەرجـە، پێوەنـدی بەرقـەرار بـکا و بـۆ سـازکردنی ئـەو پێوەندییـە پێویسـت نـاکا لـە سـتراتێژی فەرافکەنـی کەڵـک وەرگـرێ.

بـۆ ڕوونکردنـەوەی زیاتـری ئـەو ڕەوتـە تێئۆریکـە، پێویسـتە نموونەیـەک لـە داسـتان بێنینـەوە کـە حەقیقەتـی ئـەو ئیدعایـە دەسـەلمێنێ:

هاریـس و هاوکارەکانـی داسـتانێکی کورتیـان بـە حـزووری چەنـد منـدااڵ خوێنـدەوە کـە بـەو شـێوەیە بـوو: داسـتانەکە لەبـارەی فیـل و مەیمـوون دایـە. فیلەکـە هەمـوو خواردنەوەیەکـی پێخـۆش نییـە و تەنیـا ئـەو خواردنەوەیـەی کـە پێـی خـۆش بـێ، دەیخواتـەوە. تاقمێـک لـە منداڵـەکان لێـرەدا گوتیـان فیلەکـە شـیری پێخۆشـە و تاقمێکـی تـر گوتیـان پێپسـی پێخۆشـە. مەیموونەکـە تووشـی هەڵـە دەبـێ و زەرفـی خواردنەوەکان دەگـۆڕێ. یانـی پێپسـییەکەی لـە زەرفـی شـیرەکەی دەکا و دەیـدا بـە فیلەکـە.

دوای خوێندنـەوەی داسـتانەکە ئەزموونگـەر لـە منداڵـەکان دەپرسـێ، کاتێـک فیلەکـە خواردنەوەکـەی دەخواتـەوە چ هەسـتێکی دەبـێ؟ منداڵـەکان، تەنانـەت ئەوانـەی تەمەنیـان چوارسااڵنیشـە دروسـت وڵام دەدەنـەوە و دەڵێـن: ئەگـەر فیلەکـە شـیری پێخـۆش بـێ، خۆشـحاڵ دەبـێ؛ ئەگەریـش پێپسـی پێخـۆش بـێ لـە دڵـی گـران دێ. کـە واتـە وڵامـی منداڵـەکان لـە سـەر بنەمـای مەیـل و خواسـتەکانی فیلەکەیـە؛ نـەک پێوەندییەکـی ڕاسـتەوخۆ لـە نێـوان هەڵومـەرج و هەیەجانـەکان. منداڵانـی تەمـەن شـەش سـاڵیش، بەشـێوەیەکی دروسـت لـە و بارودۆخـەدا قەزاوەتیـان دەکـرد، یانـی کاتێـک زەرفەکـەی دەدەن بـە فیلەکـە، خۆشـحاڵ دەبـێ. بـەاڵم کاتێـک دەیخواتـەوە دڵگـران دەبـێ. ئـەو وڵامانـە نیشـانـدەری ئـەو ڕاسـتییەن کـە باوەڕەکان و مەیلـەکان، پێوەندییەکـی ئەکتیویـان هەیـە و لەسـەر ئـەو ئەساسـە حاڵەتـە هەیەجانییەکانـی فیلەکە پێشبینـی دەکـرێ. بـۆ ئـەوەی کـە پێشبینییەکـە دروسـت بـێ، پێویسـت نـاکا منـدااڵ و غەیـر باوەڕ و مەیلەکانیـان لـە یـەک بچـێ. لێـرەدا بۆمـان دەرکـەوت کـە منـدااڵن لـە تەمەنـی چوارسـااڵنە بـەم الوە، دەتوانـن لـە ڕێگای ناسینی مەیلەکانی خەڵـک حاڵەتـە هەیەجانییەکانـی ئـەوان پێشبینی بکەن، ئەو شناختەش تەنیـا لەسـەر بنەمـای شـکڵگرتن پێوەندییەکـی قالبـی لـە نێـوان بارودۆخ و هەیەجانـی تایبـەت بـەو بارودۆخەدا نییە (مۆحسـێنی، ۱۳۸۳: ٤٥٠-٤٤٩).

یەکێکـی تـر لـە و مەفهوومانـەی کـە لـە قالبـی تێئۆریـی زێهـنـدا، لـە پرۆسـەی واکاوی‌کردنـی بنەمـا تێئـۆری و مەعریفییەکانـی بـاوی ئـەو ڕەوتـە فکرییـە،

پێوەندییەکی مانایی هەیە دەگەڵ پرسی داڕشتنی داستانی منداڵانە و ڕێچکەیەکی نوێ دەگرێتە بەر بۆ بنیاتنانی کانالێکی نوێی مەعریفی بۆ ساختارمەندکردنی داستانی منداڵانە، چەمکی "باوەڕی درۆیین" (باور کاذب)ە.

باوەڕی درۆیین (باور کاذب)

لە حەقیقەتدا پرسی باوەڕی درۆیین بەشێوەی ئازمایشێکی ڕەواناسانە بە مێتۆدێکی پۆزێتیویستی داڕێژراوە و هەوێنی سەرەکی ئەو پرسەش داستانی منداڵانەیە. بەو واتایە کە چەمکی ناوبراو وەک یەکێک لە بنیاتە نەزەرییەکانی تیۆریی زێهن لە قالبی داستانی منداڵانەدا ماناکاوی کراوە. کەواتە دەتوانین بڵێین ماکەی سەرەکی ئەو وردە گوزارەیە، داستانە. نموونەی ئەسڵی تاقیکاریی باوەڕی درۆیین، داستانێکە کە بە بووکەچینی ئیجرا کراوە. نوسخەکانی تر یا داستانن یا وێنە و فیلمن. بەڵام ئەو قالبە جیاوازانە کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نییە لەسەر ئاکام و نەتیجەی ئەو تاقیکارییە. نموونەی خوارەوە کە کورتەداستانێکی ئاڵمانییە؛ ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخا:

ماکسی لە کردنەوەی ئەو بەستانەی دایکی لە بازاڕ کڕیوییەتی، یارمەتی دایکی دەدا. ئەو، شیرنیاتەکان (شۆکۆلاتەکان) دەخاتە نێو کابینێتێکی سەوزەوە. ماکسی بەجۆرێک شیرنیاتەکان لە ئەوێ دادەنێ کە دوایی کاتێک ویستی بێت و هەڵیانگرێ ڕێک بزانێ لە کوێن و لەبیری نەچێ. پاشان بۆ یاریکردن دەچێتە دەرێ؛ کاتێک ماکسی لە ژوورێ نییە، دایکی پێویستی بە هەندێک شۆکۆلات دەبێ، بەڵام بەجێی ئەوەی کە شۆکۆلاتەکان لە کابینێتە سەوزەکەدا، دابنێتەوە لە کابینێتە شینەکەیان دەخا. دایکی بۆ کڕینی هێلکە دەچێتە دەرێ و ماکسیش کە برسی دەبێ، دێتە ژوور.

پرسیاری تاقیکارییەکە ئەوەیە: ماکسی لە چ شوێنێکدا لە شۆکۆلاتەکان دەگەڕێ؟ (خانجانی و هێداوەندخانی، ۱۳۹۱: ۲۲-۲۱)

ئەگەر منداڵ لە وڵامی ئەو پرسیارەدا ئاماژە بە باوەڕی ماکسی نیسبەت بە شوێنی شۆکۆلاتەکان بکا، پێشبینی دەکا کە ماکسی لە کابینێتە سەوزەکەدا لێی دەگەڕێ (پێشبینی لەسەر ئەساسی باوەڕ)، بەڵام ئەگەر باوەڕی ماکسی لەبەرچاو نەگرێ و ئاماژە بە شوێنی ڕاستەقینەی شۆکۆلاتەکە بکا، پێشبینی دەکا ماکسی قەفەسە شینەکەی بگەڕێ (پێشبینی لەسەر ئەساسی ڕاستی) (مەشهەدی، ۱۳۸۲).

بەگشتی تاقمێک لە ڕەواناسانی حەوزەی منداڵ لەسەر ئەو باوەڕەن کە سەرەتاکانی خوڵقانی تێئۆریی زێهن لە تەمەنی دوو ساڵ و نیوەدا شکڵ دەگرێ. تاقمێکی تریش دەڵێن کە درەنگتر لەو تەمەنە یانی لە چوارساڵیدا سەر هەڵدەدا (یرمیا، ئیرێل، شانکێد و سۆلۆمۆنیکا-لوی، ۱۹۹۸، وەرگیراو لە مەشهەدی ۱۳۸۲).

دوای شڕۆڤە و لێکۆڵینەوەی وڵامەکانی منداڵان بە تەکلیفی ماکسی، ڕەواناسان بەو ئاکامە گەیشتن کە منداڵانی تەمەن سێ ساڵە خاوەنی ئەندیشەیەکی ڕاستەقینەوەر (واقعیت محور)ن، بەڵام منداڵانی تەمەن چوار ساڵە باوەڕتەوەرن. تەنانەت دەتوانن بۆ درۆیەکانی ماکسیش لە ئامرازی ئیستدلال کەڵک وەرگرن. لە تەکلیفی "پێشبینیکردنی باوەڕ"یشدا منداڵانی تەمەن سێ ساڵە هەر ڕاستەقینەتەوەر (واقعیت محور)ن. لەو تەمەنەدا منداڵان لە حەقیقەتی بازنمایی‌کردنی حاڵەتە زێهنییەکانی خۆیان ئاگادار نین.

بەگشتی لێکۆڵینەوە جۆراوجۆرەکان ئەوەیان دەرخستووە، لە تەمەنی سێ تا چوار ساڵیدا گۆڕانێکی کوللی لە مەفهووومی زێهن لە منداڵدا ڕووی دەدا. لە و دەورەیەدا زۆربەی منداڵان دەتوانن پرسەکانی باوەڕە درۆیینەکان (باورهای کاذب) و جیاکردنەوەی شتە ڕواڵەتییەکان لە ڕاستەقینەکان (تمایز نمود از واقعیت)، مەیل و نییەت دەرک بکەن و ئاگاداری سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی باوەڕەکانیان بن. هەروەها منداڵ لەو تەمەنەدا بەرادەیەک لە تێگەیشتن دەگا کە خەڵکانی تر بە کەڵکوەرگرتن لە فکر، باوەڕ و

مەیلەکانیان ڕەفتار دەکەن و کردارەکانیان دێنە دی؛ بۆ ئەو کارەش لە ڕەهەندە عیلییەکان و تێئۆریی زێهن کەڵک وەردەگرن (گاپینگ و ئێستینگتۆن، ۱۹۸۸؛ وێلمەن، ۱۹۹۰؛ فلاوێل و میلێر، ۱۹۹۸؛ فلاوێل، ۱۹۹۹؛ یرمیا و شولمەن،۱۹۹٦؛ یرمیا و هاوکاران، ۱۹۹۸؛ یرمیا، سۆلۆمۆنیکا-لیۆی، شولمەن و پیلووسکی، ۱۹۹٦؛ وێلمەن و هاوکاران، ۲۰۰۱، وەرگیراو لە بووکلەند، ۲۰۰۰: ۱٤٤-۱٤۰).

لێکدانەوە و نەتیجەگیری

بە سرنجدان بە هەمووی ئەو بابەتانەی باس کران، ڕوانین لە دەلاقەی ڕەواناسیی منداڵ بەگشتی و تێئۆریی زێهن بەتایبەتی ئەوەمان بۆ دەردەخا کە بۆ داڕشتنی داستانی منداڵانە لەسەر ئەو بنەما تێئۆرییە، پێویستە ئەو گوزارە مەعریفیانەی کە بنیاتی ئەو تێئۆریەیان لەسەر داڕێژراوە لەبەرچاو بگرین؛ ئەگەر بڕیار وابێ فۆرم و پێکهاتەیەکی نوێ بۆ داستانی منداڵان دیاری بکرێ، بێگومان پێویستیمان بە مۆدێلێکی نوێی تێئۆریک هەیە بۆ بە ئاکامگەیشتنی ئەو پرۆسەیە، یەکێک لە زەروورەتەکانی ئەو مۆدێلە نوێیە، بوونی دیسکۆرسێکی ساختارمەند و مێتۆدۆلۆژیکە هەم لە تێئۆریدا هەم لە داڕشتنی سەر لە نوێی داستانی منداڵانەدا. لەو وتارەدا بە هێنانە بەرباسی مۆدێلی تێئۆریی زێهن و هەروەها مەفهوومەکانی پێوەندیدار بەو مۆدێلە ڕەواناسانە، گەرەکمانە فۆرم و پێکهاتەیەک بۆ داستان دابڕێژین کە بنەماکانی ئەو فۆرمە، بە لای قەوارەیەکی ڕەواناسانەدا بشکێتەوە.

یەکێک لە گوزارەکانی باسکراو لەو مۆدێلەدا هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد و جەوهەری ئەسڵی پێناسەی تێئۆریی زێهنە؛ ئەوە بوو کە منداڵ هەست بە ئەوەی بکا کە غەیر چۆن بیر دەکاتەوە و حاڵەتە زێهنییەکانی وەک مەیل، باوەڕ و پرسی بە ڕوالەتنواندن بە چ شێوازێک بوونەتە هۆکاری سەرەکی بۆ دەرککردن و پێشبینیکردنی ڕەفتاری خەڵک. بۆ ئەوەی ئەو حاڵەتە زێهنییانە لە پێکهاتەی ڕەوانیی منداڵدا نۆرمی ئاسایی خۆیان بپێکن و پرۆسەی بە تەکامول گەیشتنی گەشەی منداڵ بە باشترین شێوە شکڵ بگرێ، پێویستە کاراکتێرەکانی داستان بەشێوەیەک دابڕێژرێن و شەخسییەتپەردازیان بۆ بکرێ کە هەڵسوکەوتی ئەو کاراکتێرانە نموودی ڕاستەقینەی ئەو حاڵەتە زێهنییانە بن؛ تەنانەت پێویستە لە دیالۆگەکانی نێوان کاراکتێرەکانیشدا ئەو خسڵەتە لەبەرچاو بگیرێ. هەروەک باس کرا منداڵان لە مەودای تەمەنی نێوان سێ تا چوار ساڵیدا هەیەجان، باوەڕ و مەیلەکانی خەڵکی تر دەناسن و بەپێی بۆچوونی هاریس سێ پرسی گرینگی خودئاگایی، بە ڕوالەتنواندن و توانایی جیاکردنەوەی شتە ڕوالەتییەکان لە ڕاستییەکان سێ مەرجی سەرەکین بۆ تێئۆریی زێهنی منداڵان؛ بەو پێیە داستانی منداڵانە لەو سەردەمەدا پێویستی بە جۆرێک داڕشتن هەیە چ لە فۆرم و چ لە ناوەڕۆکدا بۆ ئەوەی کەسایەتییە سەرەکییەکانی نێو داستان بتوانن لە شکڵگرتن و ڕسکانی پرسەکانی باسکراو لە منداڵدا دەوریان هەبێ. بەو واتایە کە بۆ نموونە قارەمانی داستان هەم خاوەنی خودئاگایی بێ، هەم بتوانێ لە کردارێکی وەک بە ڕوالەتنواندن (وانمودسازی) لە هەڵسوکەوتەکانیدا کەڵک وەرگرێ؛ چونکە کاتێک منداڵ دەگەڵ قارەمانێکی لەو چەشنە هەمزادپێنداری دەکا؛ هەموو ئەو حاڵەتە فکری و زێهنییانە تەجروبە دەکا، ئەوەش هۆکارێکی گرینگە بۆ دانپێدانان لەسەر ئەوەی کە ئەو فۆرمە لە داستان کاریگەییەکی بەهێزی هەیە. هەروەک هاریس لە دریژەدا دەڵێ: کاتێک منداڵ ئاگاداری ئەو حاڵەتە هەیەجانی و زێهنییانە بێ، دەتوانێ لە توانییەکانی وانمودسازی لە یارییەکی نمادیندا کەڵک وەرگرێ، ئەگەر بێت و قارەمان یا کەسایەتییە سەرەکییەکانی داستان خاوەنی ئەو هەڵسوکەوت و ئەکتانە بن، بێگومان منداڵ بە هەمزادپێنداری دەگەڵ ئەو کاراکتێرە سەرەکییانە، بۆی هەیە خۆی دەگەڵ ئەوان بکا بە یەک و ڕەوتی زێهنخوێندنەوە لە قەوارەیەکی نوێدا بە باشترین مێتۆد بیچم بگرێ.

هەوالنامەی کتێب

هەرچەند داڕشتنی فۆرم و پێکهاتەیەکی لەو چەشنە پێویستی بە لێکۆڵینەوە و پڕۆژەی درێژخایەن هەیە، بەڵام لە ڕەوتی داستانی منداڵانەدا فۆرمی فەراداستان بە پشتبەستن بە هەندێک بنەمای نوێی تێئۆریک و خۆ دەربازکردن لە فۆرمی سوونەتی باو، تا ڕادەیەک توانیوییەتی لە ساختارمەندکردن و مێتۆدۆلۆژیکەکردنی داستانی منداڵاندا هەنگاوێکی جیددی هەڵێنێتەوە، بۆ نموونە سێدانە تایبەتمەندی سەرەکی فەراداستان بریتین لە: بەینامەتنییەت، دیالۆگ لە نێوان منداڵ، نووسەر و کەسایەتییەکانی نێو داستان و هەروەها لاسایکردنەوە.

بە پشتبەستن بەو سێ تایبەتمەندییە لە هێندێک شوێندا بنەماکانی مەعریفی تێئۆریی زێهن لە فەراداستاندا لەبەرچاو گیراوە؛ هەرچەند لە و پڕۆسەیەدا ئەساس و بنەماکانی پۆستمۆدێرنیسم و ڕەوتی ئەدەبیاتی فەراداستانی ڕۆڵی سەرەکیان هەیە، بەڵام سرنجیش دراوەتە سەر تاقمێک لە بنیاتەکانی ڕەواننناسانە بۆ سەقامگیرتر بوون و پتەوترکردنی بەیسێکی مەعریفی لە ئەدەبیاتی داستاندا.

لە کۆتایدا پێویستە ئاماژە بە مەسئەلەیەکی گرینگ بکەین، ئەویش حەولدان بەرەو تێئۆریزەکردنی پڕۆسەی داستانی منداڵان و ئەدەبیاتی داستانی منداڵانە. یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەو وتارەش حەولێک بوو بۆ بە ئاکامگەیشتنی ئەو پڕۆسەیە.

سەرچاوەکان

* امین یزدی، سید امیر(۱۳۸۳)، شناخت اجتماعی: تحولات استدلال "تئوری ذهن" در کودکان، مجله مطالعات تربیتی و روانشناسی، شماره ۱۷، اسفند ۱۳۸۳، صفحات ٦٦-٤٣

* داهرتی، مارتین، جی(۱۳۹۱)، نظریه ذهن: چگونه کودکان افکار و احساسات دیگران را درک می‌کنند؟، مترجمان: خانجانی، زینب و هداوندخانی، فاطمه، تهران: نشر سمت.

* پاشایی، روشنک(۱۳۸۸)، فراداستان، زبان انگیزش تفکر در ادبیات کودک ایران: بررسی سه اثر از فرهاد حسن زاده، مجله نقد و زبانهای خارجی، دوره اول، شماره ۲، تابستان ۱۳۸۸، صفحات ۱۷-۱

* لچر، نیکولز، سی می، دنیس،تد و جوآن(۲۰۰۵)، ارتباط با کودکان از طریق داستان، مترجمان: بهبودی، شاهری لنگرودی، منیژه، سید جلیل(۱۳۸۹)، تهران: نشر پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی.

* محسنی، نیک چهره(۱۳۸۳)، نظریه‌ها در روانشناسی رشد، تهران: نشر پردیس

* مشهدی، علی(۱۳۸۲)، نظریه ذهن: رویکردی جدید به روانشناسی تحولی، مجله تازه‌های علوم شناختی، سال پنجم، شماره ۳، صفحات ۷۰-۸۳

سەرچاوەی لاتین

Bjorklund, A ,(۲۰۰۰). Children"s thinking developmental function and individual differences (۲th ed). Belmont, CA: Wadsworth.

ناونامەی لاتین	
Astington	Desire
Child development	Belief
Bjorklund	Pretend
Wellman	False belief
Cross	Belief based prediction
Watson	Reality based prediction
Birch	Yirma
Premack	Erel
Woodruff Leslie	Shanked
	Solomonica – Levi

تەنیایی هونیشکی سەرەکی شیعری هێمن



ئەحمەد چاک

هەولێر کتێب

کورتەی وتار:

جاری وا هەیە لە بەرهەمی هونەری شاعیرانی گەورە یان لە دۆخێکی ئەدەبی تایبەتدا هێندێک موتیف بەردەوام دووپات دەبنەوە؛ ئەم موتیفانە بۆ دیاریکردنی شێوازی تایبەت و کردەی شێوازناسییانە زۆر بە کەڵک و سرنجڕاکێشن. زۆر جاری وایە چەن موتیف لە شێعری دەورەیەک یان شاعیرێکی تایبەتدا بەدی دەکرێ کە دەتوانین وەکوو تایبەتمەندییەکی شێوازناسییانە لە سەری بڕۆین و کاری لە سەر بکەین. لەم وتارەشدا هەوڵ دراوە موتیفێکی سەرەکیی شێعری هێمن کە «تەنیایی»ە بخرێنە بەر باس. ئەم موتیفە لە هێندێک لە شێعرە باشەکانی مامۆستا هێمندا ڕەنگی داوەتەوە کە لەم وتارەدا بەپێی دەرفەت دەخرێنە بەر باس. هەڵبەت مامۆستا هێمن زۆر موتیفی دیکەشی لە کار کردووە بەڵام لەم وتارەدا بە هەموویان ڕاناگەین و تەنیا ئەم موتیفە دەکەینە هەوێنی کارەکەمان.

وشەی سەرەکی:

موتیف، تەنیایی، جۆرەکانی تەنیایی لە شێعری هێمندا، کەرەستەکانی تەنیایی لە شێعری هێمندا.

پێشەکی:

بابەتی موتیف لە ئەدەبی کوردیدا، زۆر کەم ئاوڕی لێدراوەتەوە. ئەم بابەتە دەتوانێ لە بواری شێوازناسیدا، زۆرێک لە لایەنە تاریکەکانی دەقمان بۆ ڕوون بکاتەوە بەڵام بەداخەوە لە ئاستی کەمتەرخەمیی کراوە. ئەگەر سەیری لێکۆڵینەوەکانی ئەدەبیی کوردی بکرێ لەم بوارەدا، شتێکی ئەوتۆمان دەست ناکەوێ کە مایەی دڵخۆشی بێ. هەر بۆیە ئێمە هەوڵمان داوە بۆ ڕوونکردنەوەی

هانەیەکی سەرەکیی شێعری هێمن کە تەنیاییە کەڵک لەم موتیڤە وەرگرین. ئەم موتیڤە لە ناو قوتابخانەی موکریانداا بڵاو بووەتەوە؛ بۆ نموونە لە شێعرە بەرزەکەی مامۆستا هەژاریش (بەرەو موکریان)دا ئەم موتیڤە خۆی دەنوێنێ.


* موتیڤ:

«موتیڤ بابەتێکی سەرەکییە کە لە ئەدەبی وڵاتێک یان کەسێک یان لە کۆی بەرهەمێکی تایبەتدا بڵاو دەبێتەوە. موتیڤ هەم دەتوانێ لە مانادا خۆی ببینێتەوە و هەمیش لە وشەدا؛ جاری واشە جوانکارییەکی ئەدەبی دەبێتە موتیڤ.» (شمیسا،۱۳۸۱: ٣٦٤) موتیڤ هەمیشە ئاشکرا و دیار نییە و زۆربەی جاران لە بنەما و زەمینەی دەقدا بڵاو دەبێتەوە. زۆر جار دۆزینەوەی موتیڤ پێویستی بە کردەی هێرمنیۆتیکی و ڕاڤەکارانە هەیە. بۆ نموونە لە گۆران بەم لاوە موتیڤی سەرەکی ئەدەبیی کوردی خۆمالّی نووسینە. یەکێک لە موتیڤە سەرەکییەکانی شێعری خەییام دەتوانێ بە فیرۆنەدانی کاتی خۆشی و مەستی بێ. موتیڤی شێعری «شارەزوور»ی نالی و سالم حەسرەتی ڕابردووە، لە سواردا سەمبولیزم تێمی سەرەکییە و...

* تەنیایی:

«مرۆڤ مەرگ و لە دایکبوونی خۆی بە تەنیایی ئەزموون دەکا. تەنیایی سەرەکیترین ڕاستەقینەیە لە دۆخی مرۆڤدا. مرۆڤ تەنیا بوونەوەرێکە کە دەزانێ تەنیایە و تاکە بوونەوەرێکە کە سەوداسەری دۆزینەوەی ئەوی ترە.» (پاز. ۳۹۸)

«تەنیایی لەو کێشانەیە کە مرۆڤ بەردەوام کەڵەوەکێشی لەگەڵ کردووە. مرۆڤ ئەو کاتەی لە دایک دەبێ بە تەنیایی دێتە جیهانی بوونەوە و ئەو کاتەش کە دەمرێ و ئەو جیهانە بەجێ دێڵێ، بە تەنیا لە گۆڕدا ئارام دەگرێ. لە مەودای ژیان و مەرگیشدا، تەنیایی بە شێوەی جۆراوجۆر بەرۆکی مرۆڤ دەگرێ. ئەم دیاردەیە بووەتە هۆی ئەوە کە هێندێک پێیان وابێ کە تەنیایی قووڵترین ڕاستەقینەی دۆخی مرۆڤایەتییە.» (قوام. واعـ× زادە،۹۹)



لاشانێکی تەنیایی دەتوانێ تایبەتمەندی مێژوویی و ئەزەلی هەبێ. ئیگزیستانسیالیستەکان پێیان وایە مرۆڤ تەنیا و بێکەس تووڕ هەڵدراوەتە ئەم جیهانەوە. (سارتر،٤٠) کەوایە تەنیایی لە هەناو و زاتی مرۆڤ دایە. ئەگەر لە لایەنی مێژوویییەوە سەیری بکەین ئەوە لە زۆربەی شێعری شاعیرانی کلاسیکیشدا دەبینینەوە، بۆ نموونە دوورکەوتنەوە وەکوو ئولگوو لە شێعری کلاسیکدا دیار و ئاشکرایە. لە هێندێک شێعردا وەکوو:

مەروم وز سر حسرت بە قفا مینگرم خبر از
پای ندارم کە زمین میسپرم
(سعدی، ۷۰۱:۱۳۸۸)

یان

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور
ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور
ئەی لوتفەکەت خەفیی و هەوا خواه و هەمدەمە
وەی سروەکەت بەشارەتی سەر گۆشەیی حوزوور
(نالی، ۱۷۵:۱۳۸۰)

ئەم دیاردەیە دەبینین بەڵام ڕێژەکەیان هێندە زۆر نییە کە بتوانین وەکوو دیاردەیەکی شێوازناسیانە بۆ شێعری شاعیرێکی تایبەت، سەیری بکەین. ڕێژەی دووری و تەنیایی لە شێعری هێمندا، لە ئاستێک

دایە کە دەتوانین وەکوو موتیڤێک لە شێوازی هێمنەدا کاری لە سەر بکەین.

ئەگەر وەکوو دیاردەیەکی سەردەمیانە سەیری تەنیایی بکەین ئەوە لەگەڵ کۆمەڵێک گرێ و شکست و ناهومێدی ئاوێتەیە؛ بۆ نموونە هێمن، زیاتر لەو شێعرانەدا کەڵک لە موتیڤی تەنیایی وەردەگرێ کە لە دووڕەوڵاتیدا نووسیوییەتی. تەنیایی یەکێک لە دیاردەکانی جیهانی مودێرنە؛ ئەم دیاردەیە لە شێعری هێمنەدا بەرهەمی دووركەوتنەوەیە لە ژیانی ئاسایی. بەرهەمی ئەم دووركەوتنەوەیەش کۆمەڵێک شێعری زۆر باشن کە دواتر دەیانخەینە بەر باس.

هەروەها لە عیرفانی ئیسلامی و بەتایبەت لە شێعری مەولەویدا کە «نالەی جودایی» موتەئەسسیر لەوە؛ مرۆڤ لە سەرچاوەی سەرەکی ژیان کە خودا بێ، جیا بۆتەوە و تا ئەو کاتەی نەگاتە ئەو سەرچاوەیە ساتێک ئارام ناگرێ و ویسال، گەیشتن و فنابوونە لەو واجیبەلوجودەدا.«عیرفان و تەسەووف ڕوانینێکی دوو لایەنەی بۆ تەنیایی هەیە. لایەنی یەکەم تایبەتە بە ڕوانینی ئیدیۆلۆژیکی ئەم ڕەوتە واتە عیرفان و بەتایبەت ئەوینی عارفانە. کە دەتوانین لە ژێر سەردێڕی تەنیایی ئەویندارانەدا پۆلێنبەندی بکەین. ڕوانینەکەی دیکە پێوەندی بە لایەنی کرداری عیرفانە واتە تەسەووف.» (قوام. واعـ× زادە،۱۰۱)

زۆر جار تەنیایی لە چوارچێوەی کەسایەتییەکی ڕۆشنبیردا خۆی وەدەردەخا. بەم شێوەیە کە ئەم کەسایەتییە هەوڵ دەدا کۆمەڵگاکەی خۆی تێبگەیەنێ بەڵام ئەو کاتەی کۆمەڵگا تێناگا ڕۆشنبیر بە خۆیدا دەشکێتەوە و تووشی دووڕەپەرێزی و تەنیایی دەبێ.

«دووری و تەنیایی» دوو چەمکی ئاوێتە و لێک گرێ دراون. بەو واتایە کە تەنیایی بە هۆی دوورییەوە ڕوو دەدا. وشەی دووری لە شێعردا وشەیەکی نیشاندارە، بەم مانایە کە جگە لە مانای قامووسی و باوی خۆی ئاماژە بۆ شتێکی دیکەش دەکا و ئەو پرسیارە لە مێشکدا دەگوورێنێ؛ کە دووری لە چێ؟ ئەم دووریە ئاماژە بۆ کەسایەتییەک یان شتێک دەکا کە شاعیر لێی دوور کەوتووەتەوە و بەرهەمی ئەو دوورکەوتنەوەیەش تەنیایی شاعیرە. زۆر یەک لە تەنیاییەکان لە شێعری هێمنەدا بە هۆی دوورییەوە ڕوو دەدەن.

تەنیایی دوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەیە. لایەنی نەرێنی هەر ئەو تەنیاییە کە بابەتی زانستی دەروونناسییە و ئەم زانستە وەکوو نەخۆشییەک چاوی لێدەکا و مەبەستی چارەسەرکەردنی کێشەی تەنیاییە؛ ئەم تەنیاییە مەبەستی ئێمە نییە. لایەنی ئەرێنی و پۆزێتیڤی تەنیایی کە لە عیرفانی ئیسلامیدا بانگەشی بۆ دەکرێ، ئەو دووركەوتنەوەیەی کە لە ئایینەکانی خۆرهەلاتی دووردا گرینگی پێدەدرێ و... وەکوو تەنیایی ئەرێنی باسی لە سەر دەکرێ. تەنیایی هونەرمەندیش تەنیاییەکی ئەرێنییە. چوون لە هەناوی ئەم تەنیاییەوە بەرهەمی هونەری دەخولقێ. تەنیایی هێمن - یش هونەرمەندانەیە؛ بە هۆی ئەوەی کە بە یارمەتی ئەو موتیڤە توانیوییەتی کۆمەڵێک بەرهەمی بەرز و ناوازە بخولقێنێ.

* جۆرەکانی موتیڤی تەنیایی لە شێعرەکانی هێمنەدا:

یەکێک لە موتیڤە سەرەکییەکانی شێعری هێمن (تەنیایی)ە. ئەم موتیڤە لە شێعرەکانی هێمنەدا هێندە بەربڵاوە کە بووەتە یەکێک لە تێمە سەرەکییەکانی شێعری هێمن. بە هەڵکەوت نییە کە لە زۆربەی شێعرە باشەکانی هێمنەدا ئەم موتیڤە دەبینین. دەتوانین تەنیایی لە شێعری هێمنەدا بە سەر چەن جۆردا پۆلێنبەندی بکەین:

۳-۱- ئەو تەنیاییەی کە بەرهەمی دووری هێمن ـ ە.

هێمن لەو شێعرانەی کە لە غوربەتدا نووسیوییەتی بە ئاشکرایی باسی دووری و تەنیایی دەکا.«کچی مەهابادی» لە یەکەمین شێعرەکانی ئەو قۆناغەیە.

زەمانە (هێمن)ی تۆی وێڵی دەشت و چۆڵ و سەحرا کرد

فەرامۆشی مەفەرموو؛ جارووبارە هەر بکە یادی

(هێمن، ٢٠٠٤:١٦١)

شێعرێکی وەکوو «نالەی جودایی» کە یەکێک لە باشترین کارەکانی ئەو کاتەیە لە بەغدا نووسراوە. لەم شێعرەدا سەرانسەر باسی دووری و جیایی کراوە:

لاسە شۆڕێک بووم غەنیمی دوژمنان
ئێستە ئەنگواوم بە تیری چڵکنان
وام بە تەنیایی لە نێو خوێنا شەڵاڵ
کوانێ عێل و کوانێ خانزاد و خەزاڵ

(هەمان، ٢٧٨)

«ئێوارەی پاییزی»یش هەر بەرهەمی ئەو قۆناغەیە لە ژیانی هێمندا.

جووتێک کۆتری سەر بە کاڵوەهەڵکوورمان لە سوانەیەک
دیارە لەو دەور و بەرانە پێیان شک دێ هێلانەیەک

(هەمان، ٢٨٣)

ئارام ئارام بە لۆژەلۆژ ئەوا بەرەو ماڵ بوومەوە
نە کەس لە پێشمدا دەڕوانە کەس دیارە بە دوومەوە
ئاخ دیسان ڕووپەڕێک دڕاڵە ڕۆژئەژمێری تەمەنم
ئاخ، دیسان شەو داهاتەوە
من هەروا دووڕە وەتەنم
ئاخ دیسان چوومە ژێر باڵی ڕەشی شەوگاری تەنیایی
ئاخ، دەبێ دیسان بچێژم ژەهراوی تاڵی جودایی

(هەمان،٢٨٦)

دەڕۆم تا سەر پێکەوە نێم دەگەڵ زام و دەرد و ئێشم
دەڕۆم تا شەوێکی پاییز من شەونخوونی بکێشم

(هەمان، ٢٨٧)

شێعری «بابردەڵە» وتوێژ و خۆ بە هاوسەردانانێکە لەگەڵ بولبولی ناو قەفەس. هێمن لەم شێعرەدا بەم چەشنە لەگەڵ بولبول دەدوێ:

منیش ئەی بولبولی شەیدا وەکوو تۆم وەها دوورم
لە هێلانە و گوڵی خۆم
منیش بابردەڵەی بەر گێژەڵووکەم دەمێک لەو قوڵکە، تاوێک لەو چڵووکەم

(هەمان،١٧١)

لە «فرمێسکی گەش»دا دیسان موتیڤی دووری و تەنیایی دووپات دەبێتەوە.

سەردەمێک ئاوارە بووم و ماوەیەکیش دەربەدەر
نەمدی ڕووی ئاسوودەیی هەر تووشی گێرە و قەرقەشم...
خۆشەویستی گۆشەکەی تەنیایی هەر ئەژنۆکەمە
بۆیە ڕۆژ و شەو وەها گرتوومەتە نێو باوەشم

(هەمان،١٧٣)

نموونەیەکی دیکە لە شێعری «پەیامی ڕانەگەیەندراو»دا:

وەکوو پەروانە دەوری لێدەدەن لاوانی خۆڵاتی
گوڵی ئێرە بە ژوانی بولبوولی ئاوارە ڕاناگا

(هەمان، ٢٦٠)

٣-٢- ئەو شێعرانەی کە شاعیر لە ناو کۆمەڵگا و زێدی خۆی دایە، بەڵام هەست دەکا لێی تێناگەن و لە ناو خەڵکدا هەست بە تەنیایی دەکات.

لە «گریانی نیوەشەو»دا شاعیر، لە نیوەشەودا لە گوندەکەیان ڕادەکا و دەچێ بۆ گردەکەی بەر دێ. لێرەدا هێمن لە ناو خەڵکەکە دایە تەنانەت لە گوندەکەی خۆیشی، بەڵام دیسان هەر تەنیایە. چوون ئەم خەڵکە لە ڕاوێژی دەمی ئەو تێناگەن. شاعیر ئەستێرەکان دەکاتە ئاوڵ:

تەک و تەنیا بە ئارامی دەچم بۆ گردەکەی بەر دێ
بە دڵتەنگی و کز و خەمناکی ڕادەکشێم لە سەر بەردێ...
وەکوو ئاوڵی چاک ئەستێرەکان گوێ ڕادەدێرن بۆم
هەتا بۆیان بەیان کەم موو بە موو ڕازی دەروونی خۆم

(هەمان، ١٧٤)

لە ئارەزووی فڕینەوە بە ئاشکرایی مەبەستەکەی

دەپێکێ:

گـوزەران بـۆ مـن لـە نـاو ئـەم خەڵکـە سـەختە،
ناخۆشـە، چۆنـی ڕابوێـرم؟

(هەمان، ١٧٥)

بـرا و خـزم و کـەس و کارم بـە جـارێ ئـەوان لێـم
بوونەتـە داسـی ڕەمانـە

لـە مـاڵی خـۆم دەکـەم بۆنـی غەریبـی کـە بێـزارم لـە
هەرچێکـی هەمانە

(هەمان، ٢٠٥)

* تەنیایی ئەوین دارانە:

لـە بەیتـی کۆتایـی «گۆمـی خوێـن»دا شـاعیر
شـاهیدی کارەسـاتی تووانـەی شـەم و هەڵپووزانـی
پەروانەیـە:

مـن و لاشـەی پەپوولـە ماینـەوە و بـەس شـەوی
دووری شـەمیش تـوواوە لـە کـۆڕا

(هەمان، ١٧٨)

شـاعیر لـە شـەوی دووری خـۆیدا میوانـی بەزمـی
ئاشـقانەی شـەم و پەروانەیـە و بـە کارەسـات و
تراژێدیایەکـی سـامناک کۆتایـی بـە شـێعرەکە دێنـێ و
سەرسـوورمانێکی سـەیر بـۆ خوێنـەر بـە جـێ دێڵـێ.

لـە «مـوو ناپسـێنم»دا بـەم چەشـنە بـاس لـە جیایی
دەکات:

ئەگەرچی ڕۆیی، قەت ناچی لە یادم
دەکـەم یـادت بـە یـادی تـۆوە
شادم
کە بارگەت بۆ هەوار تێک نا گوڵی من
شکا ئەستوندەکی تاوڵی مرادم

(هەمان،١٨٥)

لـە «بۆسـەی ڕۆژگار»دا دیسـان ئـەم موتیفـە خـۆی
دەنوێنـێ:

نیمە ئاواڵی لە گۆشەی بێکەسیدا خەم نەبێ
چاکـە ئـەو لێـرەش وەفـای هـەر مـاوە سـایەی کـەم
نەبـێ...

ڕەنجی دووری دولبەرم بۆ کوشتنی من کافییە
گەر لە دنیادا ئەمن هیچ مەینەتی دیکەم نەبێ

(هەمان،١٨٦-١٨٧)

٤ -کەرەسـتەکانی موتیفـی تەنیایـی لـە شـێعری
هێمـنـدا:

تەنیایـی لـە شـێعری هێمـنـدا خاوەنـی شـوناس و
ناسـنامەی تایبـەت بـە خۆیەتـی؛ ئـەم تایبەتمەندییانـە
دەبنـە هـۆی ئـەوە کـە تەنیایـی هێمـن لەگـەڵ تەنیایـی
شـاعیرانی دیکـەدا تۆفیـری هەبـێ. هێندێـک لـەم
تایبەتمەندییانـە بـەم چەشـنەن:

٤-١- شەو وەکوو فەزای سەرەکی ئەو تەنیاییە:

وشـەی شـەو لـە شـێعری هێمـنـدا، زۆر جـار لەگـەڵ
دووری و تەنیایـی ئاوێتەیـە. شـەو وەک فەزایـەک، باشتر
دەتوانـێ دەرخـەری بێکەسـی و نامۆیـی و دڵتەنگـی
بێ.«هێلانـەی بەتـاڵ» شـێعرێکە کـە لـەودا هێمـن
سەرانسـەر لـە تەنیایـی دەدوێ:

ڕەش و تار و درێژ و پڕ لە ئازار و خەم و دەردە
بەڵـێ شـەوگاری دووری بـوو سەراسـەر ژینـی تاڵـی
مـن

(هەمان، ١٩١)

لـەم بەیتـەی «شـەوگاری تەنیایـی»دا بـە باشـی
بۆدەنـدی تەنیایـی و شـەوگار هەسـت پێدەکـرێ:

لە ناو ئاورینگ و ئاونگا شەوم ڕادەبرێ بێهەمدەم
بەڵـێ شـەوگاری تەنیایـی بـە بێفرمێسـک و خـەم
نابـێ

(هەمان، ٢٥١)

هێمـن لـەم چوارینەیـە لـە «شـەوی شـاعیر»دا
تەنانـەت کەرەسـتەکانی شـەوگاریش بـاس دەکا:

ئـەرێ ئـەی بـەدری ئاسـمانی جەمـاڵ هیـچ دەزانـی
چلۆنـە حاڵـی مـن؟

شـەو هەتـا ڕۆژ لـە کونجـی تەنیایـی وەک هیـلال
ئاوەڵایـە باڵـی مـن

(هەمان، ٢٥٣)

٤ - ٢- لـەو شـێعرانەیدا کـە سـاقی موخاتەبـە،
شـاعیر تەنیایـە و تەنیـا بەردەنگـی سـاقییە:

وەرە مەیگێڕ دەمەوێ ئەوشۆ خەمی دڵ کەم کەم
لووزەوم بەردە سەرێ نامەوێ جورعەی کەم کەم

هەوالنامەی کتێب

(هەمان، ۲۰۹)

نموونەی زۆر بەرزی ئەم تایبەتمەندییە شێعری «نالێی جودایی»یە.

ساقیا، وا بادەوە وا بادەوە ڕوو لە لای من کە بە جامی بادەوە

(هەمان، ۲۷۲)

ساقیا، وا وەرگەڕێ، وا وەرگەڕێ ڕوو لە لای من کە، مەچۆ بۆ سەرپەڕێ...

(هەمان، ۲۷۵)

ساقیا بۆ کوێ دەچی؟ بۆ کوێ دەچی؟ تۆش لەبەر ئەو ملهوڕانە مل کەچی

(هەمان، ۲۷۵)

٤ — ۳- بادە لە شێعری هێمندا ڕەمزی لە بیرچوونەوە و فەرامۆشکردنی ناسۆری ژیانێکی نائارامە. هێمن ئەم چەمکە زیاتر لەگەڵ ئاوارەیی و دووری بە کار دێنێ.

لەو دەمەیدا پیاڵە دەدرێن لە پیاڵە لەو دەمەیدا لێوتان بە بادە ئاڵە... یادم کەن

(هەمان، ٢٤٤)

لە شێعرە بەرزەکەی نالێی جودایی‌دا (مەی وساقی) پێگەیەکی تایبەتیان هەیە و تێمی سەرەکی شێعرەکەن. هێمن لەم بەرهەمەدا دوای ئەوەی شیوی دەکاتەوە کە مەی بۆ چ کەسانێک حەرامە لە کۆپلەی سێهەمدا باس لە خۆی دەکا و بە گژ ساقی دادەچێ و بۆی ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی مەی بۆ ئەو حەڵاڵە:

بۆ منی ئاوارە و دوورە وەتەن بولبوولی بێبەش لە گوڵزار و چەمەن

پەڕ وەریوی، باڵ شکاوی، دەنگبڕا و بێبڕێوی، بەشخوراوی، دەرکراو

(هەمان، ۲۷۵)

لە کۆپلەی شەشەمدا بوغزی شاعیر دەتەقێ و دەڵێ:

دەردی دووری دەردی دووری کوشتمی دەردی وشیاری و سەبووری کوشتمی

یادی یاران و وڵاتم، ڕۆژ و شەو لێی حەرام کردم قەرار و خورد و خەو

خەمڕەوێنێک لێرە من ناکەم بەدی چۆن پەنا بۆ مەی نەبەم ساقی ئەدی؟

(هەمان، ۲۷۷)

ئەنجام:

تەنیایی هەستێکە کە مرۆڤ لە قووڵایی دڵەوە هەستی پێدەکات. ئەگەر ئەو هەستە بخرێتە چوارچێوەی هونەرەوە دەتوانێ باس ئەزموونی هاوبەشی مرۆڤایەتی بکا. تەنیایی وەکوو هەستێکی ئەزەلی مرۆڤایەتی لە شێعری هێمن ـ یش‌دا ڕەنگی داوەتەوە. ئەو ڕەنگدانەوەیە بە ڕێژەیەکە کە دەتوانین وەکوو موتیف سەیری بکەین. لە شێعری هێمن‌دا ئەو تەنیاییە بە سەر سێ جۆری دووری لە باری ئاسایی ژیان، هەست بە نامۆییکردن لە ناو کۆمەڵگا و جیایی ئەویندارانەدا پۆلێنبەندی دەکرێ. هەروەها شەوگار، ساقی و مەی وەکوو کەرەستەکانی ئەو تەنیاییە دێنە ئەژمار.

سەرچاوەکان:

* پاز، اکتاویو، سال سوم ، دیالکتیک تنهایی، دانش و مردم، ترجمەی خشایار دیهیمی،٤٠٨-٣٩٦.
* قوام و واعظ زاده، ابوالقاسم و عباس، بهار و تابستان۱۳۸۸، تنهایی در برخی صوفیانه‌های شعر فارسی با رویکرد ویژه به شعر سهراب سپهری،مطالعات عرفانی، شماره نهم،۱۳۲- ۹۹، دانشکدەی علوم انسانی دانشگاه کاشان.
* سارتر، ژان پل، ١٣٨٤، اگزیستانسیالیسم و اصالت بشر، ترجمەی رحیمی مصطفی، تهران، انتشارات نیلوفر.
* شمیسا، سیروس، ۱۳۸۱، نقد ادبی، تهران، انتشارات فردوس.
* سعدی، ۱۳۸۸، کلیات کامل اشعار، به کوشش فضل الله دروش، تهران، موسسه انتشارات نگاه.
* دیوانی نالی، ۱۳۸۰، لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتح عبد الکریم، سنندج، انتشارات کردستان.
* دیوانی هێمن موکریانی، ۲۰۰۵، بە سەرپەرشتی سەیران حیکمەت و سەردار شەمزاو، بڵاوکۆگی عێراق.

شێعری عەبدوڵڵا گوڵابی و خوێندنەوەیەک لە ڕوانگەی سیمۆلۆژییەوە

جەلال پوورحەسەن



هەوالنامەی کتێب

بە خۆشەویستی منت ناگرێ با
لە برینت ناکاتەوە ڕۆژ
تەنیایی بە بەڵگەی هەنارەوە شووی منە
هەر بۆیە شێعرێکی لەبەر دەستانی
ئازارێکی دەگەڵ سەروای کوێستانان
ئەستێرە بە تارای منت دادێنن
پێت خەنی دەبین وێڕای مێردی بالام
تۆ ئێستاش سەربازی
هێرۆی ون لە مەرگەکێوی مالاوایی‌دا
هەر بۆیە پێت هەڵدەلێم
ڕۆچنەت لێ دادەگیرسێنم
بە سینگی دیوارەوە مەلاس دەبی و
پیاوەکەم لە سێبەری گۆرانییەکانمت دەئاخنێ
فریودانت شەمامەیەک
بە سۆزەی کاتمەوە
پۆلێک ئاوازەقورینگی پەمە و باران
لەبەر مالی دەسگیرانم دەتگێڕن
بە پیالەیەک فیتووی پایزەوە

وەخۆم دەگرێ و زگم پڕ دەکا
تۆ خاترجەمی لە گەنم و هەناوت دەردەکەوێ
خەڵک لە حەنجەرەتدا ئاپۆرەیان داوە
برینەکان دەدێری و حەسرەتباری ژنێکی
ژنێکی وەک من ؛ بەلام سەرکەش و ڕەش
دیدەی هەلاتن و ساعەتی دروێنە
پاش شەوگەڕێکی هەرمان
زیندوو دەبینەوە و غەزەل هەڵدەدەن
ڕەنگ خاکتە و قسە ئاگردانت.....
عەبدوڵڵا گوڵابی

ئەو شێعرەی عەبدوڵڵا گوڵابی لە دوو لایەنەوە دا باس دەکەم:

١ – نیشانەشناسی

٢ – پێکهاتەشکێنی

لە نیشانەشناسی (سیمۆلۆژی) باس لەو نیشانانە دەکەین کە لە ڕێگەی ئەو ساختارەوە لە شێعرەکەدا ڕۆنراون و بۆ گەیشتن بە مەعنا کە خوازەی دەقی ئەدەبیە جێگیر کراون، دیسان ڕۆچنە و پێکهاتەی شێعرەکەش باس لێدەکەین کە پێکهاتەی ئەو شێعرە بە کەڵکوەرگرتن لە پێکهاتەیەکی ناباو لە ڕێگەی یارمەتیوەرگرتن لە پێکهاتەی فولکلۆر چۆن داڕێژراوە، لە دووهەمین بەشی باسەکە بە یارمەتیوەرگرتن لەو پێکهاتەیەی کە هاتووەتە بەرباس، دەردەخەین کە شاعیر چۆن دەقی زمان پێکهاتەشکێنی دەکات و بە کەڵکوەرگرتن لەو شێوانەی پێکهاتەشکێنەکان باسی لێدەکەن.

کلیل وشەکان: نیشانەشناسی، هایمەن ، پێکهاتەشکێنی و هێرمنۆتیک .

١ – نیشانەشناسی:

لە دوای سەرهەڵدانی زانستی زمانناسی لە سەرەتایی سەدەی بیستەم کە سۆسۆر ئەنجامی دا ، پیرس لە سێ لایەدا نیشانەی هێنایە بەرباس: ١ ـ نیشانەی شەمایەلی ٢ ـ نمایە ٣ ـ نماد .(ساختار و تاویل متن، بابک احمدی)

لە بەشی ئەدەبدا زیاتر لە نیشانەی شەمایلی و نماد کەڵک وەرگیراوە و ئەوانە لە نێو دەقە ئەدەبییەکاندا شرۆڤەیان بۆ کراوە . "سەردەمی نیشانەشناسی سەر بە سەردەمی مۆدێرنە و بە دەستپێکردنی زانستی نیشانەشناسی سەردەمی مەعریفەتناسی دەقی ئەدەبی بە وتەی دریدا کۆتایی پێهات". (هەمان)

بەڵام هەر نیشانەیەک لە دەقی شێعریدا بە لە پەنا یەکڕیزبوونی ئەو وشانە مەعنا پەیدا دەکات کە شاعیر لە پەنا یەکتری دەچنێ یانی" ئیعتباری هەر نیشانەیەک وابەستەیە بە شێوەی چندرانی ئەو دێرە . دەی هەر ئەو جۆرانەی چنینی دێرەکان دەتوانێ نیشانەکان لە دالێکەوە بۆ دالێکی دیکە ڕاگوازێ" (نیچە پس از هایدیگر و ...، محمد ضیمران)، دەی کەوابوو هەمیشە نیشانەکان لە چنینەوەیان لە دەقدا مانا دەگۆڕن .

شێعری بێنێوی عەبدوڵڵا گوڵابی هەڵگری چەندین نیشانە و نمادە لە نێو دەقەکەیدا، هەر بەو پێیە من چەند لەو نیشانانە باس لێدەکەم دیسان لە هەڵکەوتوویی و تەناسوبی ئەو نیشانانە لە نێو ئەو دێر و گوزارانەی کە دانراون باس دەکەم.

بەڵام ئەو نیشانانەی کە لەو دەقەدا جێگیر کراون و بە سرنج بە پێکهاتەی شێعرەکە تەنیا مانایەک بە دەستەوە نادەن و دەکرێ مانا لە بەستەری تەئویل و فرەیی‌دا بڵاوەی پێبکرێ .

ئەو نیشانانە ئەوانەن:

سەرەتا نیشانەی ژن (ڕاوی، نووسراوە)

دوایی پیاو (شوو ـ شێواز، مێرد ـ نووسەر، دەستگیران ـ خوێنەر)

نیچە دەڵێ:" ئەگەر ڕاستی (حەقیقەت) ژن بێ، چ دەبێ؟ شکی ئەوە ناکرێ ئەوەی تا ئێستا فیلسوفەکان بە تایبەت ئەوانەی وەشوێن جەزمیەت کەوتوون، لەسەر دەرهێنان لە کاری ژنان زۆر کاڵ بوون". (فراسوی نیک و بد، نیچە)

دریدا ئەو گوزارەیەی نیچە دەکات بە ئەوەی ئەگەر نووسراوە ژن بێت ئەرخەیان شێواز پیاوە .(نیچە پس از هایدیگر و ...، ضیمران)

بەڵام ئەو سەرچاوەیەی دریدا باسەکەی خۆی لێ دەردەکێشێ لە کتێبی ئەوپەڕ چاکە و خەڕاپە کە لەوێدا ژن حیجابی هەیە و هەر جارێ کە کەسێک دەیهەوێ پەردە لە سەر ڕاستی (حەقیقەت) لابدە لە گەڵ ڕوخسارێکی تازەی ژن بەرەوڕوویە، ئەوەی تا ئێستا فەلسەفە کردوویەتی دەردانی مانا بە هەرجار وەدەرکەوتنی ڕوخسارێکی ژنە . ئیتر لەوە زیاتر نەیتوانیوە هیچ بکات، بەڵام هەر ئەو ڕوخسارەیە لە جێی ڕاستی نەگۆڕ دانراوە :

من ئەندێشە دەکەم (دێکارت)، شەیئ فی نەفسە (کانت)، من ئیرادە دەکەم (شۆپنهاور)

ئەوانە هیچ نین جگە لە یەکێ لە ڕوخسارەکانی ژن کە هەر

جارەی پەردەی لێلادراوە بە میکیاژ گۆڕاوە .
ژن (ڕاوی، نووسراوە)

ئەو شێعرەی شاعیر دیارە لە زمانی ژنێکەوە ڕەوایەت دەکرێ ئەو ژنەش لە کورەی ژنایەتی کوردەواریدا پوختە کراوە و ڕەوایەتی دەقەکە لە خزمەت بە زمانێکی تەواو کوردانە دایە و نیشانەکانی ژنانە لە نێو دەقەکە بە باشی جێگیر کراون، هەر بۆیە زۆر سۆزدارانە ڕەوایەتی ناهێلێ شێعرەکە داڕژاوە .

دیارە تاکە پێکهاتەیەک کە بتوانین لەو شێعرەدا ئاماژەی پێبکەین ئەو ڕەوایەتەیە کە لە زاری ژنێکەوە دەبیسترێ، ژنێک بە نیشانەکانی هەنار، هێرۆ، گەنم و خاک ، کە ئەو چەند نیشانەیە لە لایەن نووسەرەوە دانراون بۆ ئەوەی ئێمە بە باشی هەمزادپێندارى لە گەڵ ڕاوی ژن بکەین .

بەڵام هۆی هەڵبژاردنی ڕەوایەت لە زمانی ژنێکەوە دەتوانێ یەکێ لە هۆیەکانی ئەو بێ کە بە جیددی ئێمە لە بەشی ئەدەبی زارەکی سەرچاوەی دەوڵەمەنی بەیت و باو، شینگێڕی و بالۆرەی ژنانە و لایی لایی‌مان هەیە کە هەرگیز بۆ نێو شێعر ڕانەگوێزراون. ئەو بەشە لە ئەدەبە پڕ ناوەرۆک و هەستبزوێنە کەمتر سرنجی وێدراوەتەوە، هەڵبەت بەشێک لە گۆرانی ژنانەشمان هەر بووە. من پێمواید شاعیر ویستوویەتی بەهێزی زمان دەست لەو خەزێنەیە بخات و لە باری جوانکاری شێعری و لایەنی هەستیکی زمانی، شێعرەکەی پێ دەوڵەمەندتر بکات .

بەڵام ژن وەک نووسراوە، کە لێرەدا نووسراوە دەقێکی شێعرییە، بەڵام بۆچی من لە گوزارەی دریدا لەو شێعرەدا کەڵک وەردەگرم؟ و لە بەرابەر نەهادی ئەودا پیاوی شێواز، نووسەر و خوێنەر دەستەبەر دەکەم ؟

دیارە ئەو گرینگیە بەپێی ئەو نیشانانەوە دێ کە لە سێ دێڕی شێعرەکە و ڕاوی ژنەوە بوونیان هەیە و ئەو هەڵبژاردنەی من بەو هۆیەوە بوو .

هەر ئەو جۆرەی نیچە دەڵێ: بۆ ئەوەی بگەی بە حەقیقەتێکی یەکانە (واحد) لە ڕێگەی مانایی ڕاستەقینەیی دەق مسۆگەر ناکرێ، ئەوەش بەو هۆیەوەیە کە هەر جارەی لە گەڵ ڕوخسارێکی نوێی ژنی دەق ڕووبەڕووین یانی لە ڕێگەی دەلالەتی مانایی دال و مەدلوولەوە حەقیقەت بەردەست ناکرێ. (هەمان)

بەڵام دریدا دەڵێ: "بەهۆی ئەوەی ناتوانین ڕاستی لە دەق هەڵەنجێ، هەمیشە دال لە جێگیرکردنی مەدلوولی خۆی ناتوانایە یانی لە ڕێگەی دەلالەتی مانایی دال و مەدلوولەوە حەقیقەت بەردەست ناگرێ". (هەمان)

دەقی شێعرەکەی عەبدوڵڵا گولابیش بە هەمان شێوە بۆ خۆبەدەستەوەدانی مانای ڕاستەقینە سڕک و ڕەهایە و تەکەسوور و فرەمانایی لە نەهادی شێعرەکە جێگیر کراوە وەک:

"بە خۆشەویستی منت ناگرێ با"

لەو بەشەی دەسپێکی شێعرەکە هیچ کام لەو دالانەی دانراون لە کاتی خوێندنەوەدا مەدلوولی خۆیان دەستنیشان ناکەن، تەنیا لە کایەی نێوان وشەکان و ئەو تەناسوب و هاوپەیوەندی و هەڵکەوتوویان دەکرێ گوزاریشت بکەی لە مانایەکی ناتەکوز یا لە لەوپەڕدا نیشانەکانی ئەو دێرە "خۆشەویستی" و "با" لە بەر تەناسوبی دانانیان ئاوا تەئویل بکەینەوە کە "با" لە ئەدەبی کوردی و فارسی دا ئەرکی ڕاسپاردەیی خۆشەویستی لە ئەستۆ دەگرێ وەک شنە و شەماڵ، بەڵام لەو شێعرەدا "با" هەڵگری ئەو پەیامە خۆشەویستییە نابێ. بەڵام دەکرێ لە پەنا ئەو خوێندنەوەیە قەرائەتێکی دیکەشمان ببێ لە کوردیدا. دەڵێن: "بام لە لەشی وەستاوە"، دەکرێ لەو دێرەشدا "با" ئەو ئارەزوومەندیە بێ کە بای خۆشەویستی هەست و گیانی داگیر ناکات. جا هەر بۆیە هەر لە دێڕی یەکەمدا، ژنی دەق ڕوخسار دەگۆڕێ و مانا دەستەبەر نابێ، بەڵام دریدا بۆ ئەو کارە کە خوێنەر ناتوانێ مانا مسۆگەر بکات، دەڵێ: "پێوەندی نێوان دەق خوێنەر(ژن- پیاو) پەیوەندییەکی هایمەنیە،

هایمەن لە یونانیدا بە مانای (زەماوەند- پەردەی کچێنی)یە" (هەمان)، لە کاتێکدا هەرگیز دالەکانی ئەو دەقە ناتوانن مەدلوولەکانی خۆیان بە سەرکەوتوویی لە باوەش بگرن. ئەو پەیوەندی هایمەنییە بە مانایی ئەوەیە حزووری یەکیان بە مانای سڕینەوەی ئەوەی تریانە، بەڵام دریدا لەو پەیوەندییەدا دەڵێ: "خوێنەر کاتێک ناتوانێ بە مانایەکی یەکانە بگات ئەو کات دەق تەسەرووف دەکات بەڵام ئەو داگیرکردنە ڕێک بە مانایی داگیرکاری مالّ و ئەملاکە". (هەمان)

"لە برینت ناکاتەوە ڕۆژ"

دەکرێ بە یارمەتی نیشانەی برین و نمادی ڕۆژ، ئاوا تەئویل بکرێتەوە:

برین نیشانەی شەمایلی ئەنگاوتەیی و دەردەداری و ڕۆژ نمادی ژیانبەخشی و خۆشیهێنەری، دەکرێ لێرەدا ڕۆژ لە ژیانپێدان و ساغکردنەوە توانایی نەبێ .

بەو شێوەیە زاوییەی خوێنەر تەنیا دەتوانێ خۆی سەرگەرمی کایە زمانییەکانی دەق بکات و دالەکان داگیر بکات بەڵام هەرگیز بە مانایەکی گشتگیر و ڕاستەقینە ناگات و بووکی ئارەزوو لە باوەش ناگرێ.

فۆکۆ دەڵێت:" ئیتر ئەدەبیات بایخی شناسین و مەعریفەی نەماوە، دەی هەر جۆرێک کارکردی پەیام هاوڕێ لەگەڵ کارکردی گەڕانەوە (ئیرجاع)ی ئەو لە دەست چووە و تەنیا کارکردی ئەدەبی و کایەی زمانی ماوەتەوە". (ساختار و تاویل متن، احمدی)

پیاو لە سێ نیشانەی (شوو، مێرد و دەستگیران)

لەو دەقەدا شوو بە خوێندنەوەیی دریدایی نیشانەی شێواز دادەنێم کە شاعیر لە شێعرەکەدا "تەنیایی بە بەڵگەی هەنارەوە شووی منە" ڕۆی ناوە .

هەنار پێکهاتەی شێعرەکەیە و تەنیایی نیشانەیە لە تەنیا و یەکدانەیی شێوازی شاعیر، بە واتایەک شێوازی شاعیر و پێکهاتەکەی کە هەر وشەیەک لە پێوەندی نێوان عەناسوور و وشەکانی دیکەی دەقەکەدا ساز دەبێ تایبەتن بەو نووسینەی کە خوازەیی نووسەرن. لێرەدا شوو دەبێتە شێوازی نووسینی تایبەتی نووسەر.

"پێت خەنی دەبین وێڕای مێردی بااڵم
تۆ ئێستاش سەربازی
...
پیاوەکەم لە سێبەری گۆرانییەکانمت داخنێ"

پیاو-مێرد نیشانەی نووسەرە کە سەربازی دەقەکەیەتی و لە ڕێگەی ئاشنایی‌سڕینەوە لە نێو نووسراوەکەی خۆی چێژ لە ڕەگ و ڕیشەی دەقەکەیدا دەڕێژێنێ، بەواتایەکی دیکە یەکەمین میکیاژی دەق لە لایەن نووسەرەوە دەکرێ و لە ڕێگەی کایەی زمانی پۆششی بە سەردا دەدرێ و ئێمە شەیدا و خەنی ئەو ئاشنایی‌سڕینەوەیە دەکات.

جا یەکێ لە ڕێگەکانی ئاشنایی‌سڕینەوە بە وتەی شکلۆفسکی:" بە کارهێنانی وشەی کۆن و فەرامۆش‌کراوەکانە" (هەمان)، کە :

" ڕۆچنەت لێ دادەگیرسێنم/ پۆلێک ئاوازە قورینگی پەمە و باران و ساعەتی دروێنە" .

شکلۆفسکی دەڵێ:" بەکارهێنانی مەجازی وشەکان سرنجی هزر و زەین بۆ ماناگەلێکی نوێ ڕادەکێشێ و مانا بەردەست و ئاشناکان دەتوێنێتەوە" (هەمان)، ئەو شێعرە لە سەر ئەساسی مێتافۆر (مەجاز و ئیستعارە) دامەزراوە :

"ئەستێرە بە تارای منت دادەنێن، فریودانت شەمامەیەک/ بە سۆزەی کاتمەوە ...".

دەگەڕێمەوە سەر نیشانەی مێرد کە من وەک نووسەر تەئویلم کردۆتەوە .

نووسەر پەیوەندی لەگەڵ دەق کە بە تەعبیری دریدا ژنە لە ڕێگەی ئاشنایی‌سڕینەوە، بەکارهێنانی مێتافۆر، پێکهاتەشکێنی زمان و بێگانەکردنی جهانی دەقەکەی و ڕاکێشانی وشە بۆ گۆڕەپانی دەرک و هەست بۆ یەکەم جار زەماوەندی هایمەنی لەگەڵ دەق دەکات .

دیسان خودی نووسەریش لەو کایە زمانیانەی لە خۆی سازی دەکات دەبێتەوە تابعێک لە زمان و تەنیا دەتوانێ لە ڕێگەی نیشانەکانەوە و لێکدانەوەی تەناسوبی نێوان‌دەقی بە فۆرمێکی دارێژراو بگات، دیارە دانەریش ناتوانێ ژنی دەق لە باوەش بگرێ و لە کاتی خوێندنەوەی دەقەکەی ئەو فرەییە بە نووسەریشەوە

دیاریيه، چوون دەق و زمان لەوە زیاتر بە نووسەریش ئیزن نادەن. حزووری مانا لای نووسەر یانی داپووخانی بە تەواوەتی پێکهاتەی شێعرەکە و تەک ماناکردنی. بەڵام شاعیر لە ڕێگەی بەکارهێنانی فۆرمی تایبەتی خۆی سەرباز بۆ دەقەکەی ئەجیر دەکات، ئەو سەربازەش ڕێک پێکهاتەی شێعرەکەیە. ئەو پێکهاتە نوێیە لە ڕێگەی حوکمڕانی پێکهاتەشکێنی زمانی باو و بەیارمەتی لە زمانی فولکلۆری ژنانە بەئەنجام دەگات. هەر ئەو جۆرەی باس کرا لە دەوری ئەو دەقە جەغزێک ساز دەبێ: نووسەر (مێرد)، ڕاوی (ژن)، دەق (ژن)، پێکهاتە (سەرباز) ، کۆی گشتی ئەو جەغزەش سەر بە شێواز (پیاو)ی دەربڕینی شاعیرن .

خوێنەر (دەستگیران):

لە سەر ئەساسی پەیوەندی هایمەنی خوێنەر هەمیشە بە حزووری زەماوەند-پەردەی کچێنی دال بۆ ئەوەی بە مانا بگات مەدلوول داگیر دەکات، بەڵام هەرگیز مانای ڕاستەقینەی دەق ناسوێ و ئەو حزووڕە پەیوەستە بە غیاب و ونی، هەر بۆیە تەعبیری من لە دەستگیران لە پێوەندی نێوان خوێنەر (پیاو)-دەق (ژن)، هەر لەو حزوور و ونی دال و مەدلوول بۆ گەیشتن بە مانادا خوێنەر تەنیا دەتوانێ دەستگیرانی دەق بێ، بەڵام هەر جۆرە حەولێکی بۆ زەماوەند لە ڕێگەی خوێندنەوەیەکی هایمەنی دەبێتە هۆی لە دەستدانی پەردەی کچێنی کە ئەوەش یانی داگیرکاری چوون هەرگیز ژن لە زەماوەنددا ڕووحی خۆی بەردەستی پیاو ناکات. تەنیا خوێنەر (پیاو) شادمانە لەو داگیرکردنە، کە ئەوەش بە مانای نەگەیشتنە بە حەقیقەتی مانایی و دەلالەتی وشەکانی ڕۆنراو لە دەق دایە .

بەو شێوەیە: "پۆلێک ئاوازە قورینگی پەمە و باران/ لە بەر ماڵی دەسگیرانم دەتگێڕن/ بە پیاڵەیەک فیتووی پاییزەوە ..." .

ئەو گێڕان و سەرگەردانیەی خوێنەر لە کایەی دالەکانە کە لە ئاکامدا هیچ شوێنێک لە تێگەیشتوویی ڕاستەقینەی بۆ ناهێڵێتەوە مەگەر چێژ لە ڕێگەی تەئویل و ڕاڤەکردن، هەر بۆیە خوێنەر ناچارە لە بەکارهێنانی هیرمنۆتیک .

۲-پێکهاتەشکێنی:

سەرەتا لە چەند شێوە پێکهاتەشکێنی باس دەکەم کە دەکرێ ئەو شێعرە هەڵگری چەند لەو لایەنانە بێت.

۱ - چەندمانایی، مانادۆڕاوی، ماناسڕکی

کۆی ئەوانە دەبنە هۆی پێکهاتنی (عدم قxعیت) ی دەق.

"یەک دێڕی بێمانا لە شێعردا دەکرێ هەڵگری قوواڵترین کاتەکانی هەست بێت لە شێعردا، دیسان لە ژیانی ڕۆژانەدا زۆر جاران بۆمان دێتە پێش کە لە هەستترین کاتدا شتگەلێک دێتە پێش کە زمان گرێ دەخوات و ستراکچێری زمان دەشێوێ و زۆربەی کاتەکان تووشی ڕاوەستانی کەلام و بێدەنگی دەبین" (بررسی شعر پوست مدرن، احمد خلیلی ل٦).

بە سرنجێک بە شێعرەکە دەردەکەوێ چەندمانایی و ماناسڕکی لە بناغە و هەناوی شێعرەکە جێگیر کراوە. هەر بۆیە ئەو شێعرە خسڵەتێکی پۆستمۆدێڕن وەخۆ دەگرێ.

"وەخۆم دەگرێ و زگم پڕ دەکا/ تۆ خاترجەمی لە گەنم و هەناوت دەردەکەوێ/ خەڵک لە حەنجەرەتدا ئاپۆرەیان داوە".

ئەوە نمونەیەکە لە چەندمانایی و ماناسڕکی ئەو دەقە کە پێشتریش باسم لێکردووە و شاعیر لەو ڕێیەوە ڕوانگەیەکی ناجێگیری (نا متعین) بۆ دەقەکەی ساز دەکات، هەر ئەو ناجێگیرییە دەبێتە هۆی سازبوونی فەزایەکی سەرڕێژ لە عەدەمی قەتعیەتە.

"لە ڕوانگەی پۆستمۆدێڕنیستەکان جیهانی ئێستا جیهانێکی ناهاوجوور و ناسازە کە دەکرێ لێکدانەوە و تەئویلی جۆراوجۆری لێبکرێ، هەر بۆیە ناسینی ئەو و مانا، ئەمرێکی یەکدەست و ڕوون نییە هەر بۆیە ئەو جیهانە سەرڕێژی عەدەمی قەتعیەتە، ئەو عەدەمی قەتعییەتەی کە جیهانی ئێمە دەرگیری بووە بووەتە هۆی پێکهاتنی ڕەوانی و سرکی مانا و باسی چەندمانایی لە هەموو سەردەمێک زیاتر تروسکاوە. چەندمانایی یانی هەبوونی ماناگەلێکی فراوان لە دەقدا ، هەرچەند دەکرێ بڵێین هەموو دەقەکان خاوەنی تا ڕادەیەک چەندماناییین، هەر ئەو چەندمانایی و سرکییە یەکێ لە

بناغەکانی ئەدەبیی پۆستمۆدێرنە، ڕەخنەگری سەردەم ئەو چەندمانایی‌یە قەبووڵ دەکات و بەراوردەکانی خۆی لەو ڕێگایە دەباتە پێش، کە ناکرێ تەنیا یەکمانایی جیهانی دەق بەرەو پێش ببات". (هەمان ل٥)

٢ – ڕەوایەتی ناهێڵی (نا خەتی)

ئەو شێعرە ڕاوییەکی ژنی هەیە هەرچەند دێرە شێعرییەکان لە پشت سەری یەک، دەرخەری یەک گێڕانەوەی هێڵی و یەکدەست نین. هەر دێڕێک تەنیا گوزاریشت لە خۆی دەکات و جاری وایە چەند دێڕ ئەو تەعبیرە لە خۆیان ساز دەدەن بەڵام بەشێوەیەکی گشتی گێڕانەوە شکاوە و ناهێڵییە.

"پێت خەنی دەبین وێڕای مێردی بالام/
تۆ ئێستاش سەربازی/ هێڕۆی ون لە
مەرگە کێوی مالئاوایی‌دا/ هەر بۆیە پێت
هەڵدەڵێم".

"بە تەعبیرێک هۆی سەرهەڵدانی گێڕانەوەی ناهێڵی هەڵاتنە لە یەکگرتوویی زیندوو و یەک ناوەکی شێعر. هەر بۆیە گێڕانەوەی ناهێڵی شێعر بەرەو ناوەندسڕینەوە دەبات بەشێوەیەک کە خوێنەر ناتوانێ هیچ بەشێکی شێعر بە ناوەند و هەناوی شێعر دانێ و ناوەندی شێعر پێکهاتەشکێنی دەکرێ". (هەمان)

٣- چیی‌یەتی

نیچە پێی وایە "سەردەمی دوای مۆدێرن سەردەمی مەرگی چیی‌یەتی (ماهیت) شتەکانە" (انسانی بسیار انسانی، نیچە)، تۆ ئیتر ناتوانی لە چیی‌یەتی شتەکان بپرسی چوون لە ئەساسدا باس لە چیی‌یەتی سەر بە لێکدانەوەی تاک ڕاستەقینەیی و تاک مانایی‌یە. کە ئەوەش هەر کەس بە تەعبیری خۆی شتەکان لێکدەداتەوە و" ئەو لێکدانەوەیەش لە خزمەت بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگای خۆی دایە". (هەمان)

ئەو شێعرە دژە چیی‌یەتی‌یە، بەو شێوەیە دەکرێ بزانین شێعر چۆن گوزاریشت لە چیی‌یەتی دەکات یان نا؟

بۆچی "بە خۆشەویستی منت ناگرێ با"؟

بۆچی "لە بریت ناکاتەوە ڕۆژ"؟

دیارە ئەو دوو پرسیارە هەرگیز بە وڵامێکی قەتعی و گشتگیر ناگەن.

شاعیر لە ڕێگەی تێپەڕبوون لە چیی‌یەتی و ماهیەتی زمان، پێکهاتەی ئەو دەشکێنێ هەر بۆیە پرسیار لە چیی‌یەتی قەت بە مانامان ناگەیەنێ.

٤ ـ تێکدانی زمانی پێوانە

ئەو شێعرە لە ڕێگەی لادان لە زمانی باو و زمانی شێعری سەردەم و پێش خۆی حەول دەدات هەنجارەکانی پێکهاتەی زمانی پێوانە تێکبشکێنێ و ئەوەش بە جێ جێی شێعرەکەوە دیارە:

"دیدەی هەڵاتن و ساعەتی دەروێنە/ پاش شەوگەڕێکی هەرمان/
زیندوو دەبینەوە و غەزەل دەڵدەدەین/ ڕەنگ خاکتە و قسە ئاگردانت".

لە شێعرەکەدا هیچ گرینگیی‌یەک بە پێکهاتەی زمانی پێوانە نەدراوە، تەنیا دارشتی شێعرەکە بەپێی جوانکاری ناوەکی و فۆرمی خوازەیی شاعیر دانراوە.

هەڵبەت شاعیر لە ڕێگەی سرنجنەدان بە دەستووری زمان پێکهاتەکەی دەشکێنێ.

"فریودانت شەمامەیەک/ بە سۆزەی کاتمەوە".

سەرچاوەکان:

١ ـ نیچە پس از هیدگر، دریدا و دولوز، ضیمران محمد، انتشارات هرمس، چاپ اول ١٣٨٢
٢ ـ فراسوی نیک و بد ، نیچە فریدریش، ترجمە داریوش آشوری، انتشارات خوارزمی، چاپ چهارم ١٣٨٧
٣ ـ انسانی بسیار انسانی، نیچە فریدریش، ترجمە سعید فیروز آبادی، انتشارات جامی، چاپ اول ١٣٨٤
٤ ـ بررسی شعر پست مدرن فارسی، خلیلی احمد، فصلنامە تخصصی سبک شناسی نظم و نثر فارسی(بهار ادب)، سال هفتم شماره دوم تابستان ١٣٩٣
٥ ـ ساختار و تاویل متن، احمدی بابک، انتشارات نشر مرکز، چاپ دوازدهم.

وەرگێڕان

هەواڵنامەی کتێب



وەرگێران: هەرمان وەتمانی

شێرۆ مەوج مەروان

١

ناوت، هاوتەریبی نەمان
ئێوە لە دایکبووی مەرگن خاوەن شکۆ!
بوونتان حەسرەت دێنێت بۆ نەژیان
خۆشیەکانتان تاڵ کردووە و
جوانترین گوڵەکانی هەردیش پەڕپەڕ
قەفەز، لوتفی ئێوەیە لەگەڵ باڵندە
مەلێک نییە یەخسیرتان نەبووبێ
ئێوە، باشترین ڕووداوی گۆڕستانن
خاوەن شکۆ!

٢

تۆم زۆر دیتووە
لە یادمی
هەر ئەو ژنەی لە مێژوودا ناوەکەیم زۆر بینیوە
بەلقیسی غەزەلەکانی سلێمان و
لەیلای شەوانی مەجنوون
بە دەیان جار بۆم بوویت بە بووک
گۆرانی سەربەستیم بۆ وتوی و
ڕووم کردۆتە بیابانان
بە دەیان جاریش بۆ تۆ مردووم
هەر ئەو ژنەی خۆم دەتناسم

نۆ کورتیلە چیرۆک لە ئەدەبی تورکمانییەوە

عەدنان قوتب



وەرگێڕان: عەبدولستار جەباری

نووسەر و رۆژنامەنووس؛ عەدنان عەبدولحەمید قوتب ناسراو بە عەدنان قوتب لە ساڵی ١٩٥٦ ی زایینی لە شاری کەرکووک لە دایک بووە، خاوەنی بڕوانامەی دیپلۆمی باڵا - یە لە بواری کەیاندنی بێتەل. هەروەها لە ساڵی ١٩٨٧ی زایینی - یەوە خەریکی نووسینەوەی چیرۆک و شیعر و بابەتی مێژوویی یە، بەرپرسی نووسینی گۆڤاری ئەلهیلال، سەرپەرشتیاری گۆڤاری ئەلتەزامونی کەرکووک و ئەندامی هەر دوو رێکخراوەی یەکیەتی نووسەرانی تورکمان و

عێراقە.

نۆ کورتیلە چیرۆک لە ئەدەبی تورکمانییەوە

نووسینی:عەدنان قوتب

وەرگێڕ: عەبدولستار جەباری

١ ـ مەملەکەتێکی نوێ:

ـ ئەرێ ئەمە خەون بوو؟ نازانم ! وەڵێ چاکم لە بیرە

ئەو شەوە هەر دووکمان ئاسوودە و بەختەوەر بووین، کاتێک مەملەکەتێکی نوێمان بنیات دەنا.

ـ کەواتە خەون نەبوو! ئەدی ئەم شوێنەوارە سوورەوە چییە بە سەر ڕوومەتمەوە!!

٢ ـ تاکوو ڕۆژانی گۆچان هەڵگرتن:

کتێبەکەم خستە لاوە،بە دڵێکی تڕی لە خۆشەویستییەوە نیگایەکم کرد، دواتر پرسیارم لێکرد:

ڕاستە ئێمە لە ناخی خۆماندا هەر منداڵین؟

ـ بەڵێ ئازیزم: لە تەکتا دەمێنم وەکوو منداڵێک خۆشتم بوێ، تاکوو ڕۆژانی کەنەفتەیی و گۆچان هەڵگرتن!.

شیرین خۆشەویستەکەم.

٣ ـ جومانە خان:سەرچاوان:

پاش چەندین ساڵ لە پشت گوێخستن و فەرامۆشکردن.. تلەیفوونی بۆ کرد:

هەوالنامەی کتێب

سەرچاوان جومانە خان!

ـ سەیرە! هەروەک ئەوەی گوفتوگۆیەکی دوێنێ شەوم لەگەڵ تەواو بکەی!

ـ ئەدی لەوە زیاتر چی بەپاست دەزانی! زۆر جاران لەگەڵ خۆمدا بە خەیاڵ قسەم لە تەک تۆدا دەکرد، تاکوو لەرەی دەنگت لە ناخمدا نامۆ نەبێ.

٤ ـ ئای کە بەستەزمانە!

کاتێک لە هاوڕێ نابیناکەی پرسی: ئێستاش لە ئەندێشە و هزری خۆتدا دەمبینی؟

وڵامی دایەوە: ئەدی چۆن ناتبینم.. سیمای جوان و دڵڕفێنت لە خەیاڵمدا کێشاوەتەوە و پاراستوومە.. بۆ ئەم ڕۆژانە!

لە دڵی خۆیدا پێکەنی: بەستەزمانە.. ئێستاش لە خەیاڵی خۆیدا نیگای منی بە جوانی کێشاوەتەوە!!

٥ ـ ڕۆژێک هەروەک دوێنێ:

بە دەم خوێندنەوەی بورجەکەیەوە لەگەڵ خۆیدا دەدوا..گلەیی لە بەدبەختی خۆی دەکرد: ئەم بەختە چەندین بارەیە چییە، ئەمڕۆش هەروەک دوێنێیە، هەروەک ئەوەی نەخشەسازی گۆڤارەکە لە لاپەڕە کۆنەکانی گۆڤارەکەوە کۆلاجی کردبێ.

٦ ـ پرشی ئاو:

بە لەخۆبایی‌بوونەوە، ئۆتۆمبێلەکەی بە تیژی لێدەخوڕی و گیژەگیزی دەکرد، لەگەڵ گۆرانییەکەدا تاس بردوویەوە. سرنجی جنێوەکانی ئەو پیرەمێردەی هەر نەدا، کە پێش نەختێ تایەی ئۆتۆمبێلەکەی پرشی ئاوە چڵکاوەکەی تێگرت!!

٧ ـ دوو سپی:

لە ئاکامی گوفتوگۆیەک لە ڕێی مۆبایلەوە هەواڵی مردنی (ئەڵمان) ی دایکیان پێڕاگەیاند، بە هەستێکی پڕ لە سۆزی کچانەوە.. دای لە قوڵپی گریان، بەپرتاو هەڵات تاکوو بۆ دواهەمین جار نیگایەکی بکات، بینی لاشەیەکی ساردوسڕ، پێچراو بە کفنی سپی...

لە پاشان... بە هەستێکی سیخناخ لە سۆزی دایکانەوە،...بەپەلە گەڕایەوە سەر "یوسف"ی کۆرپە تازە لە دایکبووەکەی و بینی تژییە لە جووڵە و ژیان...

بە خەندەوە باوەشی پێداگرت و... شیری پێدا،"یوسف"یش بە قۆنداغی سپی پێچراوە...

٨ ـ قوتووی بیبسی کۆلا:

لە کاتێکدا ئەو، بە سکی تێرەوە قومی لە قوتووی بیبسی کۆلا تەزییەکە دەدا، ئەویش لە نزیکییەوە لە چاوەڕوانی ئەوەدا بوو قوتووە بەتاڵەکەی هەڵگرێتەوە و بیخاتە ناو کۆڵبارەکەی سەرپشتی کووڕ و چەماوی...

٩ ـ لە یەک گوڵدان‌دا

بە لەخۆبایی‌بوونەوە نێرگز بە خوشکەکەی گوت : من لە تۆ جوانترم!

وڵامی دایەوە و گوتی: منیش شادمانم بە تۆ

خوشکەکەم...مادام کە لە یەک گوڵدان داین...

سەرچاوە:
عەدنان قوتب (ئامال)کورتیلە چیرۆک..ئیستانبول-تورکیا ٢٠١٠

ئەو تەپۆڵکانەی وەک فیلی سپین

ئێرنێست هێمینگوێ

وەرگێڕان لە ئینگلیسییەوە: داوود عوسمانزادە

تەپۆڵکەکانی ئەوبەری

دۆڵی ئیبرۆدرێژ و سپی بوون. لەو لایە هیچ سێبەر و دارێکی لێنەبوو و وێستگەکە لە نێوان دوو ڕێز هێڵی ئاسن و لە ژێر خۆرەتاو بوو. سێبەری گەرمی باڵەخانەی وێستگەکە، بە سەر لایەکی بیناکە داکشابوو. پەردەیەکی لە قامیشچنراو، بە دەرگای مەیخانەوە هەڵواسرابوو، تا وڵات پڕ نەبێ لە مێشوولە. پیاوە ئەمریکییەکە و کچە هاوڕێکەی لە دەرەوەی باڵەخانەکە، لەبەر نیسێ و لە سەر مێزێک دانیشتبوون. هەوا زۆر گەرم بوو و چل خولەکی دیکە شەمەندەفەری تیژڕەو لە بارسەلۆنەوە دەگەیشتە جێ. پاش گەیشتنی بۆ ماوەی دوو خولەک لەوێ بەکتربڕە دەماوە و پاشان بەرەو مەدرید وەڕێدەکەوت.

کچەکە پرسی: "چ بخۆینەوە؟" کلاوەکەی لە سەری لابرد و لە سەر مێزەکەی دانا.

پیاوە کوتی: "هەوا زۆر گەرمە،"

"با بیرە بخۆینەوە."

پیاوە سەری بردە بن پەردەکە و کوتی: "داس سەرقێزا."

ژنێک لە دەرگاوە پرسی: "گەورەکان؟"

پیاوە لە وڵامدا کوتی: "بەڵێ. دوو دانەی گەورە."

ژنەکە دوو لیوانی گەورەی بیرە و دوو ژێرلیوانی بۆ هێنان. ژێرلیوان و لیوانەکانی لە سەر مێزەکە دانان و چاوێکی لە پیاو و کچە کرد. کچە سەیری هێڵی تەپۆڵکەکانی دەکرد. تەپۆڵکەکان لە ژێر خۆردا سپییان دەنواند و دەوروبەرەکەیان قاوەیی و وشک بوو.

کچە کوتی: "ئەو تەپۆڵکانە وەک فیلی سپی دەچن."

پیاوە بیرەکەی خواردەوە و کوتی: "قەت فیلی سپیم نەدیوە."

"نا، ناتەوێ ببینی."

پیاوە کوتی: " دەمەوێ ببینم و قسەی تۆ هیچ ناسەلمێنێ."

کچە سەیری پەردە لە قامیش چنراوەکەی کرد و کوتی: "شتێکیان لە سەر نووسراوە، ماناکەی چییە؟"

"ئانیس دێل تۆرۆ، جۆرێک خواردنەوەیە."

"تاقی کەینەوە؟"

پیاوە لە پشت پەردەکەوە بانگی ژنە مەیهێنەرەکەی کرد و کوتی: "وەرە." ژنەکە لە بارەوە هات.

"دەبێتە چوار پیئاڵ."

"دوو ئانیس دێل تۆرۆمان بۆ بێنە."

"ئاوی لە گەڵ بێ؟"

هەوالنامەی کتێب

"پێت خۆشە ئاوی لە گەڵ بێ؟"

کچە کوتی: "نازانم، لە گەڵ ئاو خۆشترە؟"

"زۆر باشە."

ژنەکە پرسی: "ئاوی لە گەڵ بێ؟"

"بەڵێ، با ئاوی لە گەڵ بێ."

کچە کوتی: "تامی وەک شیرینبەیانە" و لیوانەکەی لەسەر مێزەکە دانا.

"هەموو شتێک هەر ئەو تامەی هەیە."

کچە کوتی: "وایە، هەموو شتێک تامی شیرینبەیان دەدا، بەتایبەت ئەو شتانەی کە مرۆڤ ماوەیەکی زۆرە چاوەڕوانیانە، وەکوو ئەبستینت."

"دە واز بێنە توخوا."

کچەکە کوتی: "تۆ دەستت پێکرد، من بۆخۆم خۆش بووم و ئاگام لە هیچ شتێک نەبوو."

"باشە دەی، وەرە با بۆخۆمان خۆش بین."

"زۆر باشە. من هەر وام کردووە. کوتم ئەو تەپۆڵکانە دەڵێی فیلی سپین. ئەو قسەیە سرنجڕاکێش نەبوو؟"

"با، سرنجڕاکێش بوو."

"وێستم ئەو خواردنەوە نوێیە تاقی کەینەوە. هەموو ئەوەی دەمانهەوێ بیکەین، سەیرکردنی شتەکان و تاقیکردنەوەی خواردنەوەی نوێیە، وا نییە؟"

"پێموابێ وایە."

کچە سەیری تەپۆڵکەکانی کرد.

کوتی: "ئەو تەپۆڵکانە زۆر جوانن. زۆریش وەک فیلی سپی ناچن. مرۆڤ کاتێک لە پشت دارەکانەوە سەیریان دەکا، پێستیان سپی دەبینێ."

"پەیکێکی دیکەش بخۆینەوە؟"

"با بخۆینەوە."

"بایەکی گەرم پەردە قامیشییەکەی ڕاژاند و بەرەو مێزەکەی برد."

پیاوە کوتی: "ئەو بیرانە سارد و خۆشن."

کچە کوتی: "جوانە."

پیاوە کوتی: "بڕوا بکە نەشتەرگەرییەکی زۆر سادەیە جیگ، تەنانەت ناتوانین بڵێین نەشتەرگەریشە."

کچە چاوی لە سەر ئەو زەوییە کرد کە پایەکانی مێزەکەی لە سەر بوو.

"دەزانم بە قسەم ناکەی جیگ. بەڵام باوەڕ کە شتێکی وا نییە، هەر هەوایەکی تێدەکەن."

کچە هیچی نەکوت.

"لە گەڵت دێم و تا کۆتایی لات دەمێنمەوە. تەنیا ڕێگە بدە هەوایەکی تێکەن و دواتر هەموو شتێک ئاسایی دەبێتەوە."

"دواتر چ بکەین؟"

"پێکەوە خۆش دەبین. دروست وەک سەرەتاکان."

"بۆ وا بیر دەکەیەوە؟"

"چونکە ئەوە تەنیا شتێکە ئازارمان دەدا. تەنیا شتێک کە ناهێڵێ دڵخۆش بین."

کچە سەیری دەنکەکانی پەردە قامیشییەکەی کرد، دەستی درێژ کرد و دوو دەنکیانی بە دەستی گرت.

"پێت وایە دواتر هەموو شتێک چاک دەبێ و ئێمە بەختەوەر دەبین؟"

"بەڵێ بەختەوەر دەبین. پێویست ناکا بترسێی. زۆر کەس دەناسم وایان کردووە."

کچە کوتی: "منیش وا دەکەم. هەموو ئەوانەی وایان کردووە بەختەوەر بوون."

پیاوە کوتی: "باشە، گەر ناتهەوێ ناچار نی وابکەی. گەر بۆخۆت نەتهەوێت، من ناتوانم ناچارت بکەم ئەو کارە بکەی. بەڵام دڵنیام شتێکی زۆر سادەیە."

"بەڕاستی دەتهەوێ ئەو کارە بکەم؟"

"بەڕای من ئەوە باشترین کارە. بەڵام پێم خۆش نییە ئەو کارە بکەی گەر بۆخۆت نەتهەوێ."

"گەر وابکەم تۆ دڵخۆش دەبی و شتەکان وەک پێشتریان لێدێتەوە و منت خۆش دەوێ؟"

"ئێستاش خۆشم دەوێی، خۆت چاک دەزانی."

"دەزانم. بەڵام گەر ئەو کارە بکەم، هەموو شتێک باش دەبێ و گەر بڵێم شتەکان وەک فیلی سپی دەچن، تۆ پێت خۆش دەبێ؟"

"پێم خۆش دەبێ. ئێستاش پێم خۆشە، بەڵام ناتوانم بیری لێبکەمەوە. خۆت دەزانی کاتی دڵتەنگی، چۆنم."

"گەر ئەو کارە بکەم ئیدی دڵتەنگ نابی؟"

"دڵتەنگ نابم، چونکە زۆر کارێکی سادەیە."

"کەواتە ئەو کارە دەکەم، چونکە خۆم بۆ گرینگ نییە."

"مەبەستت چییە؟"

"خۆم بۆ گرینگ نییە."

"بەڵام من تۆم بۆ گرینگە."

"ئێ، باشە. بەڵام من خۆم بۆ گرینگ نییە. ئەو کارە دەکەم و دواتر هەموو شتێک باش دەبێ."

"گەر وا بیر دەکەیەوە داوات لێناکەم ئەو کارە بکەی."

کچە هەستا و چووە کۆتایی وێستگەکە. بڕێک لەولاتر و لە نزیک کەناری ئیبرۆ، کێڵگەی جۆ و هەندێ داری لێبوو. بڕێک دوورتر و ئەو لای ڕووبارەکە کوێستان بوو. نیسێی پەڵە هەورێک لە سەر مەزرای جۆیەکە تێپەڕی و کچە لە پشت دارەکانەوە سەیری ڕووبارەکەی دەکرد.

کچە کوتی: "دەمانتوانی هەموو ئەوانەمان هەبێ. دەکرا هەموو شتێکمان هەبێ، بەڵام هەموو ڕۆژێ زیاتر لە خۆمانیان دوور دەکەینەوە."

"چت کوت؟"

"کوتم دەمانتوانی هەموو شتێکمان هەبێ."

"نا، ناتوانین."

"دەکرێ هەموو دنیامان هەبێ."

"نا، ناکرێ."

"دەتوانین بڕۆینە هەموو جێیەک."

"نا، ناتوانین. ئەوە چی دیکە هی ئێمە نییە."

"هی ئێمەیە."

"نا، هی ئێمە نییە. کاتێک شتێکت لێدەستێنن، تازە قەت ناگەڕێتەوە."

"بەڵام لێیان نەستاندووین."

"با چاوەڕوان بین و ببینین."

پیاوە کوتی: "بگەڕێوە بن سێبەر، نابێ ئەو خەیاڵانە بکەی."

کچە کوتی: "خەیاڵ نییە، ئاگام لە هەموو شتێکە."

"من نامەوێ تۆ هیچ شتێک بکەی کە خۆت نەتەوێ"

کچە کوتی: "تەنانەت شتێک کە بۆ منیش باش نییە؟ دەزانم. دەکرێ بیرەیەکی دیکە بخۆینەوە؟"

"زۆر باشە. بەڵام دەبێ تێبگەی"

کچە کوتی: "تێدەگەم. ناکرێ تەواوی کەین؟"

لە پشت مێزەکە دانیشتن و کچە سەیری دۆڵە وشکەکانی تەپۆڵکەکانی دەکرد و پیاوەش سەیری کچە و مێزەکە.

پیاوە کوتی: "دەبێ تێبگەی کە من نامەوێ ئەو کارە بکەی گەر خۆت نەتەوێ. گەر ئەوەندەت بۆ گرینگە، من بە هەموو توانامەوە پشتگیریت دەکەم."

"بۆ تۆ گرینگ نییە؟ دەمانتوانی پێکەوە بسازێین."

"بە دڵنیاییەوە بۆم گرینگە. بەڵام جگە لە تۆ کەسی دیکەم ناوێ. هیچ کەسی دیکەم ناوێ. دەشزانم کە شتێکی زۆر سادەیە."

"بەڵێ، دەزانی کە زۆر سادەیە."

"کوتنەکەی بۆ تۆ زۆر سادەیە، بەڵام من دەزانم."

"شتێکم بۆ دەکەی؟"

"هەموو شتێک دەکەم بۆ تۆ."

"تکایە تکایە تکایە تکایە تکایە تکایە دەکرێ قسان نەکەی؟"

پیاوە هیچی نەکوت، تەنیا سەیری جانتاکانی کرد کە بە دیواری وێستگەکەوە نرابوون. جانتاکان لەزگەی هەموو ئەو هۆتێلانەیان پێوە بوو کە شەوانە تێیاندا دەگەڵ کچەکە ڕایبواردبوو.

ئەو کوتی: "نامەوێ ئەو کارە بکەی. هیچ شتێکم لەو بابەتەوە بۆ گرینگ نییە."

کچە کوتی: "دەقیژێنم."

ژنە[مەیهێنەرەکە] لە گۆشەی پەردەوە دوو لیوان بیرەی هێنا و لە سەر ڕێڕلیوانە تەپەکانی دانا و کوتی: "شەمەندەفەرەکە تا پێنج خولەکی دیکە دەگاتێ."

کچە پرسی: "ئەو ژنە چی کوت؟"

"شەمەندەفەرەکە تا پێنج خولەکی دیکە دەگاتێ."

کچە بە زەردەخەنەیەک سپاسی خانمە مەیهێنەرەکەی کرد.

پیاوە کوتی: "وا باشترە جانتاکان ببەمە ئەو لای وێستگەکە." بزەیەک هاتە سەر لێوی کچە.

"زۆر باشە. هەر کە گەڕایەوە بیرەکەی دەخۆینەوە و تەواوی دەکەین."

پیاوە دوو جانتای قورسی دەست دایە و بردنی بۆ ئەو لای وێستگەکە. سەری هەڵهێنا تا شەمەندەفەرەکە ببینێ، بەڵام دیار نەبوو. لە گەڕانەوەدا بە نێو بارەکەدا ڕۆیشت، جێگەیەک کە خەڵک لە چاوەڕوانی شەمەندەفەردا خەریکی خواردنەوە بوون. ئانیسێکی خواردەوە و سەیری خەڵکی کرد، هەموویان بە دڵخۆشییەوە چاوەڕوانی شەمەندەفەر بوون. لە کەلێنی پەردە قامیشەڵانەکەوە ڕۆیشتە دەرێ. کچە لە سەر مێزەکە دانیشتبوو و لەگەڵ دیتنی پیاوەکە بزەیەکی هاتە سەر لێو.

پیاوە لێی پرسی: "باشتری؟"

کچە لە وڵامدا کوتی: "من باشم. کێشەیەکم نییە. باشم."


Anisجۆرێک مەی کە زیاتر لە ئیسپانیا و ئەمریکای لاتین چێ دەکرێ

هەوڵنامەی کتێب

نووسراوەی: عەلی ئەشرەف

دەرویشیان «مجموعه داستان فصل نان»

وەرگێڕان لە فارسییەوە: شیرین قازی



کاتێک پێمان لە نێو کۆڵانەکە ناوە، دایکە لە سەر حەوزەکە قاپ و کەوچکی دەشووشت، بانگی کرد:

-شتی دوکانەکان نەکڕن، پووڵەکەتان بدەن بە خورما یان شتێک کە زگتان تێر بکا.

خەواڵوو، ماندوو وەڕێ کەوتین. گزینگی هەتاو تازە دەهات بکەوێتەوە سەر بانە بڵیندەکان و دوندی دار چنارەکان. چۆلەکەکان جریوەجریویان دەهات، لە سەر بانە بڵیندەکان پەشەبەندەکان، لە ژێر تیشکی خۆر دەدرەوشانەوە و لە چاویان دەدا. هەر سێکمان باوێشکمان دەدا. جەنگەی هاوین بوو و سەرەڕای ئەوەش لەشم هەستی بە شنەی بای ساردی کۆڵانە ئاوپرژێنکراوەکە دەکرد.

دڵ نیگەران و تەمبەڵ، هەمیشەش سەرمام بوو. پێم خۆش بوو گەڕابامەوە ماڵ و خەوتبام. بەری دەستەکانم بە دەسکی قوڕکێشەک شەقارشەقار ببوون. خاوەن ماڵەکەمان خانوویەکی تری لە گەڕەکەکانی سەرەوەی شار ساز دەکرد. من و ئەکبەر و ئەسغەر کارمان بۆ دەکرد. خۆڵمان دادەبێژت، خشت و چارەگەمان وەبەر دەستی وەستا دەنا. بە قوڕکێشەکە بەرد و لەتە خشتمان کۆ دەکردەوە بۆ پڕکردنەوەی کەلێن و کولێنی عەرزی هۆدەکان، خاوەن ماڵ بەلێنی پێدابووین لە کۆتایی‌دا، پاش تەواوبوونی یانەکە، سەرودەستێک کۆت و شاڵوارمان بۆ بکڕێ.

دایکە هەموو ڕۆژێ پووڵی کڕینی نانی نیوەڕۆیەی دەدایێ و بەڕێی دەکردین. بە گوزەری بازاڕدا کە تێدەپەڕین، هەر چاومان بە مەجوحمە بایمێیان دەکەوت، هەنگاومان شل دەبوونەوە، لەپەنا مەجوحمە بایمێ هەڵدەتروشکاین و هەرچی پووڵی پێمانبا، دەماندا بە بایمێ و دەمانخوارد و هەتا شەوێ بێ پووڵ و برسی دەماینەوە.

دایکە تیک و دروومانی خەڵکی دەکرد، خوشکە چکۆلەکەشمان عوزرا، یاریدەی دەدا. بابە وەک

سالانی پێشوو ڕۆیشتبوو و بەری باغێکی بە ئیجارە هەڵگرتبۆوە. هاوینان ئەوە پیشەی بووعوزرا شەوانە بە ڕاوێژێکی منداڵانە و شیرن دەیگوت:

- نیوەڕۆیان کاتی نان خواردن دایە دەڵێ:« ئاخ خوایە گیان، خۆزگە دوو باڵم هەبوایە، ئێستا دەفڕیم و ئەو دۆغرەمەیەم دەبرد بۆ منداڵەکان، وایش، ئێستا لە نێو خاک و خۆڵدا چ دەخۆن؟ هەر خودا بکا نەخۆش نەکەون».

دایکە ئاگای لەوە نەبوو هەر کەڕەی بەیانی، نەختە پووڵەکەمان دەدا بە بایمێ و تا ئێوارێ بۆ پووڵ پەیداکردن لە هیچ کارێک ناپرینگێینەوە. تەشتە هەویرمان بۆ نانەوەخانەکان دەبرد، ژنێک خۆی هەویری دەشێلا و دەینارد نانەوەخانەی، نانە خاسەی بۆ بکەن، ئەکبەر تەشتە هەویرەکەی لە سەر سەری خۆی دادەنا و بۆی دەبردە نانەوەخانە و دوو قرانی وەردەگرت. ئەسغەر لە کووچە و کۆڵانان کاغەزی کۆ دەکردەوە و دەیبردن بۆ مام یۆسفی بەقاڵ، دوو قرانیش ئەو وەری دەگرت. لەو ڕۆژەوە مام یۆسف لە نێوان کاغەزەکاندا چاوی بە جیقنەیەکی گەورەی مریشک کەوت، کاغەزی لێنەکرینەوە.

نیوەڕۆیان شەکەت و برسی هەڵدەکوورماین و بە لەتە نانێ سەری خۆمان دەخافڵاند.

مام یەدوڵڵای بەلەدێ، هەموو نیوەڕۆیان خرچەی دەکرێ. ڕۆژێک لە دەورەی دانیشتبووین، خرچەی شکاند و لێکی کردەوە، خەرچەکە کرمێ بوو. نێوەکەی ڕەش هەڵگەڕابوو. لە پڕمەی پێکەنینمان دا. مام یەدوڵڵا تووڕە بوو و گوتی:

- جارێکی تر خرچەی ناکڕم! بۆ شتێک نەکڕم کە چاوم چاک نەبینێ...ها؟ ترێ دەکڕم، ئێوەش کەم پێبکەنن. مەگەر تا ئێستا خرچەی کرمێتان نەدیوە؟

خرچەی تووڕهەڵدا و ئێمەش هەڵمانگرتەوە و خواردمان.

ڕۆژێکیان برسییەتی بڕستی لێبڕیبووین، کوڕێک پاکەتێکی پڕ لە خورمای بەدەستەوە بوو و بە کۆڵانەکەدا تێدەپەڕی. هەتیو کۆت و شاڵوارێکی جوانی دەبەر دابوو. قژی بڵیند کردبووە. خورما ئاگری برسییەتی بڵێسە دا. بە ئەکبەرم گوت:

- دەتوانی خورماکە لە دەستی بفرێنی؟

ئەکبەر ئاوی زاری قووت دا و گوتی:

-هەر ئێستا.

ئەکبەر بە بیرێکی چەپەڵ لێی چووە پێشێ و پرسی: ئاغا، مااڵی ئاغای وەجاغزادە پێدەزانی؟ کوڕە تا هات چاوێک بە دەوروبەری خۆیدا بخوشێنێ، ئەکبەر پاکەتە خورمای لە دەستی فڕاند. کوڕە بە هاتوهاوار خۆی بە مااڵەوەدا کرد. چی وای پێنەچوو دایک و چەند کەسێک لە خزمەکانی دەگەڵ خۆی هێنا. وەک مێژووەکە هەڵدەلەرزیم. ڕووی دە من کرد و گوتی:

-بۆ کوێ ڕۆیی؟

-نازانم من هەر نایناسم.

ئەکبەرم لێ دیار بوو، لە دوورەوە لە پشت دیوارێک سەری دەردەهێنا و چاوی لێدەکردین. کوڕە دەگەڵ دایکی ڕۆیشت بەاڵم ئەکبەر هەتا ئێوارێ درەنگانێک نەیوێرا بگەڕێتەوە بۆ الماان.

ئەسغەر سندوقێکی بچووکی لە دار هەبوو. وەستا بەننا ناوی نابوو، سندوقی بێوڵەتی. هۆیەکەشی ئەوە بوو ئێمە لە سەر ورکەنانەکەی نێو سندوقەکە بە دایمە شەڕەچەقە و تێکهەڵدانمان هەبوو. ورکەنانمان لە مااڵوە دە سندوقەکە دەکرد و دەمانهێنایەوە سەر کار. جاری وا هەبوو ئەسغەر بەرسوورکە و کوللووی دەگرت و لە نێو سندوقی بێوڵەتی داویشت.

شەو، خۆاڵوی و ماندوو دەگەڕاینەوە بۆ مااڵ و بە ئیشتیا هەرچی لە سەر سفرە بوایە پەالمارمان دەدا و ئاوای ئەودیومان دەکرد. ئەسغەر پاروویی لە زاری دەما، پڕخەی لێ بڵیند دەبوو. دایە لە ئامێزی دەگرت و بە باڵوڕە دەیبردە سەر جێ:

-ئەی کوڕەکەم، نانهێنەری مااڵکەم، گورپە خۆاڵوییەکەم، بە قوربانی ئەو دەستە قەڵشیوانەت

بـم، ئازیزەکـەم.

شـەو کـە دەخەوتیـن حـەزم نەدەکـرد هیـچ کات وەخەبـەر بێمـەوە. دەگـەڵ قیـرەی کەڵەبـاب بـە هـەزار چـەق و نـاری عەلـی وەخەبـەر دەهاتیـن. ملمـان وەبـەر رێـگا دەنایـەوە.

نیوەڕۆیـەک بـە کڵۆڵـی لـە ژێـر دیـوارە نیـوە هەڵچنراوەکـەی بیناکـە دانیشـتبووین، گەرمـا هـاژەی دەهـات، زارم تامـی خۆڵـی دەدا. ئەکبـەر چـاوی ببـوو بـە گۆمـی خوێـن، پتێـک خوێـن پەڕیبـووە نێـو چـاوی و ژانـی تێچزابـوون.

برسـی و بێـواز بووین. بەننـا و کرێـکارەکان لـە هۆدێـکدا کـە تـازە سـەری داپۆشـرابوو، دانیشـتبوون و نانـی نیوەڕۆیـان دەخـوارد. تەبەقـی زێڕینـی ڕۆژ لـە ناوەڕاسـت ئاسـمانەوە دەدرەوشـایەوە. پیاوێـک سـەهۆڵێکی لـە سـەر ڕۆژنامەیـەک دانابـوو و بـە کۆڵانەکـەدا تێپـەڕی.

لـە نـاکاو ژنێـک بـە چارشـێوێکی ڕەش ڕوو بـە حەسـار هـات، ئیشـارەیەکی پێکـردم. لێـی نزیـک بوومـەوە، دایکـم بـوو. سـوور هەڵگـەڕا بـوو و ئارەقـە بـە هەنیـە و لاجانگـیدا دەتـکاوە. دایکە چارشـێوەکەی لادا و لـە ژێـر چارشـێوەکەی بووخچەیەکـی دەرهێنـا، دایـە دەسـتم و گوتـی:

-ئەمـڕۆ شۆربـاوگۆشـتی هەڵووچـەم لێنـاوە. هەرچـی کـردم و کراندمـان، بۆمـان نەخـواردا. عـوزرام لـە مالّـێ بەجێهێشـت و بەشـی ئێوەشـم هێنـا. هەتـا داغـە بیخـۆن، شۆربـاوگۆشـتێکی خەسـت و خۆڵـە. منداڵـەکان نوێشـی گیانتـان.

-گوتـم دایەگیـان دەسـت و چـاوت خۆش بێ.



ئەکبـەر و ئەسـغەریش بە دوامانـدا هاتن. دایـک دەموچـاوە خۆڵاوییەکەیانـی مـاچ کردن. بـە دیتنـی چـاوە سـوور هەڵگەڕاوەکانـی ئەکبـەر، ڕوومەتـی خـۆی ڕنـی، چاوەکانـی پـڕ بـوون لـە فرمێسـک و ڕۆیشـت.

گرێـی دەسـرۆکەمان کـردەوە. گۆشـتە هەڵشـێردراوەکەی سـەر دەوریـیەکەمـان لـە لایـەک دانـا، نانـی ژێـر جامەکەمـان تێکوشـی، ئەسـغەر پاروویەکـی لـە گۆشـتە هەڵشـێلاوەکە داگـرت، ئەکبـە نقورچێکی تێ سـرەواند و گوتـی:

-هەوەڵـێ دەبـێ تێکوشـینەکە بخۆیـن، بـۆ هێنـدە دەسـتدرێژی دەکـەی؟ کامەمان دەسـتمان بۆ بـردووە کـە تـۆ دەسـتی بـۆ دەبەی؟

فرمێسـکەکانی ئەسـغەر ڕژانـە خـوارێ و بـە سـەر کوڵمـە خۆڵاوییەکانـیدا کـە بـە گوشـاری پـاروی هاڵموسـابوون، تکانـەوە. تـووڕە بـووم و مسـتێکم لـە سـینگی ئەکبـەر دا. ئەکبـەر شـەقێکی لـە جامـی شۆرباوگۆشـتەکە دا و هەڵیداشـتە نێوەڕاسـتی حەوشـەی. خوێـن بـەری چـاوی گرتـم، نەمدەزانـی چ دەکـەم. دەسـتم لـە نێوگۆشـتەکە نـا و پەنجـەم پێداگـرت و تـووڕم هەڵـدا بـۆ نێـو خۆڵەکـە. هـەر سێکمان وەگریـان کەوتین.

-وەسـتا لـە مـام یەدوڵـڵای پرسـی: ئـەو منداڵانـە ئەمـڕۆ چ باسـیانە؟ بـۆ وەک سـەگ و پشـیلە بەربوونە گیانـی یەک؟

-مـام یەدوڵـڵا وڵامـی داوە: نازانـم. بەشـکم لـە سـەر میراتـی بابیـان شـەڕ دەکـەن یـان ڕەنگـە دەرکـەی سـندوقی بێوڵـەتییـان هەڵدابێتـەوە.

فرمێسکەکانم بە قۆڵی کراسەکەم سڕییەوە و هێڵەگەکەم هەڵگرت و بۆ لای کۆگا خۆڵەکان ڕۆیشتم.

شعر

هەوالنامەی کتێب

عەلی ئولفەتی

سێبان

دەنگێگ، بێدەنگ لە دەروونم
ئەڕای تەنیاییم گیرێد
ژنێگ،لە پیشت چەوەیلم ، چەوەڕیمە
دەسێگ بێدەسڵاێت
تماشاێ بێکەسیم کەێد

سێماین کز لە پشت دەروەچێگ،
واران° لە دەروەنەیل دۆر

دی بخەفن چەوەیل م ،دی بخەفن

؟

پرسێارێ گ پەشتیاسە دۆ سەگێگە و
هۆچ جواوێگ نەێرێد
یەسەگ باەێ پاس بکەێدوو
قول مەردم بوەێدە دەما
پرسێارێ گ پەشتیاسە دۆ سەگێگە و
تا ڕووژ مردن ها وەلێا
پاس و پرسێار
مۆ وە بەێنێانە و نیەچوود

پێشنێار

لەێ ڕووزێار هەرکە ڕا خوەەێ
هەر شێعر ڕەنگینێگ
تۆەنێست ئەڕاێ ت نۆسیاۆد

یا هەر سەندەلی خالییگ
لە پەراوێز ئێ پارک ئاویە
تۆەنێست جی خاسیگ ئەڕاێ نیشتن ت بۆیاتاد
تۆەنیید وە ئێ پێشنێار منە فکر بکەید
تۆەنیید کش بکەید لە تەمام دەرساتەیل ئێ پارک ئاویە
تۆەنیید ماخم بچرچگنید.

زانی م کییم؟

هەیە هەس! تواید چشتێگ بۆشێدوو لێود قسیە نیەگرێد
هەیە هەس! چەوەیلد وازە و چشتێگ نیەۆنید
هەیە هەس! دەنگێگ تیەیدوو هۆچ نیەژنەفید
یا لە ناو خەیاڵ خوەد ڕەسیدن و نیەڕەسید
م ئێ چشتەیلەمە یا یەکی لە ئێ چشتەیلە.

نیەزانم چۆ بۆشم ساەڵهاس ها تگ زوانمە و

هەواڵ

گەرمەسێر چۆ منو ت هۆڕەی تیەێد
گەرمەسێر چۆ من و ت پەخشە دێرێد
کەسێگ لەورە لۆەتە و نەود
کەسێگ لە لاێ ئیمە نەنیشێد

دوا
خودایا!
م وە دەسەیل
وەرجە ئێواران دالّگم بڕەسن
وە بیسوو سێ سالّان ئەۆیش
ک لە ناو مینی بووسێگ
لە چەفت جادەگان ئاوا بۆ

ئامین!
یا ئامینە و ئامین کەر شەوەیل تەنیایی

عەلی ئۆلفەتی

دەرفەت

لە عومروو ژیانم چشتێگ نەمەنیە
بێجەز دەرفەتێگ
ئەڕای ئەژنەفتن گووڕانیی
وە دەنگ دەت زازاکییگ
لە پشت دەروەچێگ
لە دیار بەکر.

ساێ سرۆت

هەر چەن ت بێڵن بۆدوو بەرز
تا ژێر چناوکەێ منید
زێنجم نەمە بان سەرێدوو
نووڕمە سەکامەتی سەوەڵگان دالّاهووە و

نووڕمە باشوورێدەوا
پڕ لە سرۆتە

پڕ لە ژنەیلێگ لە پرس منە و تیەن

عەلی ئۆلفەتی

کەریم حیکمەتی

بەرەو عەشق و شنەی ئازادی دەفڕم
بەرەو ڕۆخی هەرێمی شادی دەفڕم
نییە باکم لە شەوگاری ڕەشی ڕێ
بەرەو زەریا، هەتاو تۆ تا دی دەفڕم

***
لە سەر جادەی ئەوینی تاو، گلاوم
لە ڕێی تاسەم گەلێ جاران تلاوم
هەزار هێندی تریش ڕێگەم هەڵەت بێ
چرۆی باغی هومێد ئەڕوێ لە چاوم

***
لە هەر لا خونچەیە قاقا لە سەر لێو
بزەی عەشقە گوڵی کراسی کەژ و کێو
پەپامی خۆشەویستی کە چووە باغان
چرۆی هانی لکوپۆی وشکەڵی چێو

هەواڵنامەی کتێب

عەلی بایزیدی "کەلان"

پۆتینەکان
لغاوی شەپیان گرتۆتە دەست و
ئەندێشەکان، دەکشێنە و ئەگەر بێت و
بیرۆکەکان بڕشێنەوە.
*گرینگ نییە *
شەڕ تووانەوە و
ئێستێ، سەردەمی دزەکردنە

دزەکردن بە مێشکەکانە
بە لەش بە مەیلی تۆ بە کۆمەڵگایە

بە گیانی هەرچی کچە، هەرچی کوڕە
بە گیانی من، بەڕاااستیییییمە
ئەوەیە کە گرینگە
دزە دەکرێ و
منیش هیچ غەڵەتێکم پێ، ناکرێ

ـ چوونکە دزەی کردووەتە ناو شێعرم
کچێکی چاوڕەشی باڵا قیامەت ـ

سەردەمی شەڕ نەماوە
بەگشتی بیر کەنەوە بزانن کێ، دزەی کردووەتە ئێوەش

(پێنج خشتەکی لە سەرغەزەلی شینی مامۆستاعەلی ڕێبوار)

شاهینی نیگاهی تۆ هێشتا کە لە هەوشینە
شینایی گەشی چاوت دەریایەکی شین شینە
شلکەی لەشی شاکارت شایانی نەپۆشینە
"شەو شەق بوو لە شەوقی تۆ دڵ مەحوی وشەی شینە
شیرین لە زمانی تۆ مانّم حەقە شیرینە"
شێواوە دڵی شێتم ئارامشی هەڵگرتووم
شۆخێکی لە شێخانی توخوا کە بدە نووشتووم
شەوگەڕ لە شەقامی تۆ شەهلا بڵێ کەی خەوتووم
"شۆقی شەبەقی کۆڵمەت شەش‌دانگی شەوی گرتووم
هەستم بە چ موشتاقیەک ئیمشەو لە خرۆشینە"
شاڵاوی ئەشک بێشک لەو شارە حەیای بردووم
شووعلەی شەمی ڕوخسارت هەر شامێ نەبێ مردووم
شیلەی دەمی هەنگوینت تاڵایی دەمی شوردووم
"شووشەی قەدی شووشی تۆ جامی دڵی پڕ کردووم
شەهدی نەشەی ئیمشەوەمە ئامادەیی نۆشینە"
ئاشووب و شەڕی تێدا ئەو شارە لە دەس شووبرەی
ڕەشتر لە دڵی شەیتان ڕەش بینی دڵی بەکرەی
شینگێڕی مەم و زینە شی کەیتەوە ئەو شێعرەی
"ناشێ کە بە ناشێکی شەرحی بدەی ئەو حەشرەی
ئیمشەو کە بە شین گێڕات بۆو شاعیرە سەر شینە"
ڕەشتر لە هەچی شەو بێ دەیجوورە لە عالەمدا
ناگاتە ڕەشی زۆلفت مەنشوورە لە عالەمدا
ئاشووفتە دڵی شەیدا مەهجوورە لە عالەمدا
"شەککەر کە بە شیرینی مەشهوورە لە عالەمدا
لەو شیرینی ((ش))ێ کوتنەت چێشتی کوتی شیرینە"
دەرگاهی شەهەنشاهان لەو عاشقە دابخرێ
ڕیشەی دڵی ڕیشی مە بەو ئێشەوە لێدەدرێ
لەشکەرکەشی موژگانت عاشق کوشی پێدەکرێ
"شاهید کە شەهیدت کرد کوا شاهیدی پێ دەدرێ
ئەو شێعرە کە دەیبینی لەو شاهیدیە شەرمینە"
گۆشەی لەبی شیرینت مێشێکی ڕەشی پێوە
کشەی مەکە لەو مێشە ناکشێتەوە لەو لێوە

هەوارنامەی کتێب

ئاوریشمی لەشی یەشمی نەمدیوە لە ئەم شێوە
"پێم خۆشە کە لێم زیز بی بەو شەرتە کە ئاشت بیەوە
چوون ئاشتی کە ((ش))ی تێدا پێم شایی لە دوای شینە"
زولفت کە پەرێشانە شیلانە کە شاراوەن
نەک شەوبۆ نە شەمدانی اکا هەچی لاولاوەن
بۆ تۆ کە نەشە و ڕیشەت لەو خاکە و لەو ئاوەن
"شووبهەت بە گوڵان ناکەم چوون کەم بە ((ش))ێ ڕازاوەن
هەر شەشپەڕ و شللێرە وەنەوشە و شەوەشینە"
داغی دڵی شەیدامە چەشنی دڵی خەشخاشە
پێشکەش بێ دڵ و گیانم ناقابیلە پێت باشە
تۆزی سەری کەوشت بم شاباشە وە پاداشە
"ئاشنایی لە تەک تۆدا پاداشە وە شاباشە
بیبەخشە بە شەیدای خۆت مەیلت کە لە بەخشینە"
بۆ زولمەتی شێخ شیرین تای زولفی بە ڕستن دا
ئەو شۆخە حەیای شێخی بەو چاوە بە ڕشتن دا
شێخ چاوی لە تاو داوی بەو ئەشکە بە شووشتن دا
"ئەو شێخە پەشیمانەی شۆخێکی بە کوشتن دا
فەرهادی بە خسرەو دا لەو بابەتە شیرینە"
بێشووبهە دڵی ((هێما)) گیرۆدە بە ڕەش ماری
بەو شێوە بە یەغمای برد وەک قەومی دەتاتاری
ئەی خۆزگە لە ڕێبواری هەڵبێی لە شەوی تاری
"شەرت بێ ئەگەر شەوگاری ڕۆشن کەی لە "ڕێبواری"
شەم بی لە شەوی تاری تا مەحشەرێ شەمزینە"
بۆچی مە لە پاش مەرگم ئەو حەشرە لە سەر قەبرم
خەندەت بێ شینی من بەو شەکرە لە سەر قەبرم
تەلقینی مەلا تاڵە وەک کەکرە لە سەر قەبرم
"توخوا کە ئەگەر مردم ئەو شێعرە لە سەر قەبرم
بخوێنەوە پێنج شەش جار بۆ من بە دە تەلقینە"
ئاگر لە دەروونم دا لێم مەگرە مەڵێ بۆ سۆت
شێتی مە موشەدەد بوو بۆ چاوی لە چەشنی کۆت
ئەو بەیتە کە شێواوە ڕووخاوە دەروونم بۆت
"مەغشووشە ئەگەر شێعرم بیبەخشە بە شۆخی خۆت
شەرحی غەزەلی ((شین))ت شیاوی وشە تاشینە"

ڕەسوڵ ئامادەپوور "هێما"

عەبدولقادر نیازی

"خوێندنەوەی پانێلەکانی شەڕ"

شیمانەی نەستت
کە لە خۆکوژێکی فەلسەفی دەچێ
چاوم ئیمان‌دار بە ڕاناوی نیسێت
لە دیاسپۆڕات دەترسێ.
ڕەساتر بم ئەگەر لە ئەعسابی دیکتاتۆڕ،
لە مونتەزری درەختێکدا دانیشتبووم.
باوەڕکە موازی خەلسەی بۆنت
ڕووداوێکم، لە هۆشی باڵندەکە وتووم
لە پیتی گێژی کتێبدا تا باڵندە،
نەختێک لە ئیدەئالی پەنجەرەتدا ژیاوم.
شەقام بۆشایی شارێک بوو
دایدایە مەعسوومییەتی ئەو شێعرە
وەک شیمانەکانی غەریزە لە حماقەتی کاترمێردا.
ئێستا
سروشتم پڕە لە پەرچەمی فەقیر
دەرکت لە دوژمن کە سیاسی بێ
مەجبوورم ئیقرار بە کراسەکەم بکەم
کە لە فەتحی‌گو ئەڵڵادا ناسیۆنالێستێکە لە سەفی خوێن
.....
شەڕ بۆ من ئەگەر بە نووقتەش دەست پێبکا
/ سەرباز حەقارەتێکی سەرقاڵە/
سێبەرت ئەگەر لە ئادرەسیشم بگەڕێ
/ وردم لە ئەعسابتدا کە کورد /
من بووم بە شەڕ
تۆ لە ئەعسابی پەرچەمدا دەشەکێی/ لێورێژ لە تیۆری تکاو/
ڕۆمانتیکتر لە ئانالیزی سیاسەت
لە پێستمدا جینگڵ دەدەی...
لە بیرم بێ کە مۆدێرن بووم،
مۆراڵ لە ماچی تۆ فێر بم /
ڕاکشێم لە دووتوێی پەرانتێز و نۆپۆزیسیۆن و ماتیکدا/....
تکایە بەر لەوەی بمرم
چاوەکانت بە جێ بێڵە، نیگام لە چاوتدا دەشکێ.
من بە دزی سێبەری تۆ،
سەربازێکم
هەمیشە هەنارم خۆش دەوێ.....
ث

هەوالنامەی کێبڕکێ

عەلی حاتمی

دیمەن سیگارکیشانێگ

دیمەن سیگارکیشانێگ هەسە
ک هنایگ کەفێدنە و هۆرم
گشتێ دنیا بووە پێ و
م بنووڕێیم
دی چشت تر بۆنێ نییە

ولام دیمەنەگە خاس دیار نییە و
هەر جار جووڕێگە

یەێ جار پیایێگ ک فرە منێدەم
ــ وە گومانم هەر خوەم بووم ــ
کردێیەسە بان یاڵ چروینێگە و
خوەراواسە
پیایێ تەنیاسە و
سیگارکیشێ
چەوەڕێ هاتن دووسەگەیە
ک ئەویش باێد و سیگار بکیشێ
وەل یەکا سیگار بکیشن،
پیایێ دەس ناسە بان زرانێ و
نووڕێدە خوەراوایە و
هۆچ نیەتوایێ
لە هۆچ هۆرە و نیەکەێ
تەنیا سیگارەگەێ کیشێد و
نووڕیدە خوەراوا و
چەوەڕێ هاتنە

یەێ جار دوان دووسن
هانە ناو ماشینێگ
دکوت شەوارە
ڕانن و ڕانن
بێیەگ بتوان برەسنە جیێگ
تەنیا ڕانن

هەردگێیان سیگار کیشن
کەلیمەێگیش قسیە نیەکەن
تەنیا نووڕنە تیەریکان نوایانە و
ک چراخەیل ماشینەگە کەمێگ ڕووژنێیە و کەێد و
سیگار کیشن
سیگارەگەیش تمام نیەود
لەێوایێ ڕانین
لەێوای تیەریکان
لەێوایێ قردگ ڕووژنی چراخەیل ماشینەگە

گاجار دیمەنەگە جوور تڕە
ها لۆ چەمێگ
یا لە لۆ دەروەچێگ لە ئتاق گەورایگ
ک نۆر خوەر نیقەڵتووزێ کردێیە

ولام هەمۆشە د کەس هەن
ک یەکێگێیان ئەو م کەێد و
ئەوەکەیش بێگومان هەر خوەدی
ئەگەریش تەنیا یەکێگمان بوود
چەوەڕی ئەوەکەسە
چەوەڕێبۆنێگ نی وە پاچگپیچگ و ترسە و
چەوەڕێبۆنێگ سەرانسەر دڵنیای،
هەرگزیش هۆچ نیەۆشیمن
هۆچ نیەتوایمن
تەنیا بێدەنگ سیگار کیشیمن
تەنیا گاجار لە دۆرا دەنگێگ چۆ پارچەیل هێمن بتهۆقن تیەێ
ــ لە دیمەن ناو ماشینەگە دەنگ هووڕە تیەێ ــ

نیەزانم دیمەنەگە لە کووڕەێیا تیەێ
م هۆرەوەرێیگ ک دۆز لەێوا بوود نەێرم
گاهە تەنیا هۆرەوەری خێیاڵ و ئاوەخت م بوود

ولام دڵنیام لە بۆنێ
لەێوایێ هەر ئێسا ک جەهان گشتێ بۆەسە پێ و
م بنووڕێیم و سیگارێگ کیشم
بێ یەگ سیگارێگ وە پیم بوود و
چەوەڕێ هاتندم



جەلیل ڕەحیمی

کڵاوی ئاسن



وەڕێکەوتین بۆ تالانی پادگانێ. ڕەزا چکۆل گوتی: "دوێنێ کاکە ڕەحیم، ئەو هەموو کۆنسێروی باقلە و شتە خۆشەی دزیبوو." چاوێکمان لێککرد و باوی هەنگاومان خۆشتر کرد. بەدڵنیاییەوە هەر ئەو ڕەستەیەمان لە زەیندا بوو. چمان لە ڕەحیمەدرێژ کەمترە، ئەو یەک ـ دوو ساڵ لە ئێمە گەورەترە و بەقەدرایی بستێکیش باوخۆشترە. لای بانگی ئێوارە بوو. گەرما و سوورەتاو دەهات خەیاڵاتەکانمان قاڵ بکا. تێکڕا وەدەرکەوتین و کۆڵانمان چۆڵوهۆڵ و بێقرەوە کرد. برایم گوتی: "کاک ڕەسوڵی مێردی پووڕم زستانێ سەعاتێک خەریکی کردنەوە و داخستنەوەی قەیتانی پۆتینەکانی دەبوو." برایم دەستی کرد بە پێکەنین و بە هەڵاتن کەوتە پێشمان و دوایە سووڕاوە و هەروا کە پاشەوپاش دەڕۆیشت، گوتی: "ئێستا ملی پۆتینەکانی بڕیوە و کردوونییە کەوش. هەی بەڵام ڕەزا چکۆل دەیگوت: "کاکە ڕەحیم پێیگوتووم بە کوێدا ڕێ هەیە بۆ دیوی ژووری پادگان." ڕەزا زڕبرای ڕەحیم بوو. هەرچی ڕەحیم درێژتر و زەلامتر بوو، ڕەزا ڕیوێلە و بێتاقەت و وردیلەتر بوو. منداڵ دەیانگوت: "ڕەحیم بەشی ڕەزاش دەخوا." مینە جارناجارێک هەڵیدەدایە و بە پێکەنینەوە دەیگوت: "شتێکم پێیە، بەکەڵکم دێ. ئەمن شتێکم پێیە." مینە نەیدەگوت چی پێیە. برایم گوتی: "کاک ڕەسوڵی مێردی پووڕم زستانێ سەعاتێک خەریکی کردنەوە و داخستنەوەی قەیتانی پۆتینەکانی دەبوو." برایم دەستی کرد بە پێکەنین و بە هەڵاتن کەوتە پێشمان و دوایە سووڕاوە و هەروا کە پاشەوپاش دەڕۆیشت، گوتی: "ئێستا ملی پۆتینەکانی بڕیوە و کردوونییە کەوش. هەی

هەواڵنامەی کێڵ

ئێسکی بابت دەگێم کاک ڕەسوو." مینە گوتی: "بۆ برایم؟" ڕەزا گوتی: "بۆ برایم؟" برایم گوتی: "چووزانم بۆ، بابم هەروا دەڵێ، دەڵێ ڕەسوو نیوەی ئەو پادگانەی بەتەنێ تاڵان کردووە." بە هەقلیمەقۆ کردن دەڕۆیشتین. پادگانمان لێ وەدیارکەوت. ماڵەکەمان لە پادگانێ نزیک بوو و پادگانیش بۆخۆی بەقەدرای شارێک دەبێ. هەتا چاو هەتەر دەکا، دیوار و تێلدڕوو بوو. لەپشت دیوارەکان چوار دەورە چناری گەورە و سپیدار، سێبەریان خستبووە ئەوبەری دیوارەکە. لەقەراغ دیوارەکە دەڕۆیشتین، چەند کەسێک لە دوورەوە بەرەو لامان دەهاتن. مینە گوتی: "لێمان دەدەن! با هەڵێینەوە." دەرگا گەورەکەی پادگان لە دوورەوە دیار بوو. برایم گوتی: "وەرن با قوماران بکەین، دەنا ڕێمان دەکەون." مینە گوتی: "لێمان نادەن؟" ڕەزا قوتوولکەیەکی بەتاڵی ژەنگاوی دایە بەر شەق و بە دوایدا هەڵات. ئێمەش بە دوایدا و هەر یەکە و بۆ لایەک قوتوولکەکەمان دێنا و دەبرد و نەماندەهێشت لەنێو لاقمانی دەرکێشنەوە دەر. لەنێو پێکەنین و هاتوهوریا و تەپوتۆزدا، مینە گوتی: "تێپەڕ بوون، حەح، گەیشتوونە کوێ. ئەرێ برایم، کاک ڕەسوولّی میردی پوورتیان لەگەڵ نەبووبێ و نەچێتەوە بە دایکت بڵێ." ڕەزا چکۆل گوتی: "ئەوان شەوێ دەچن، شەوێ.." تێکڕا ڕاوەستابووین. قوتوولکەکە لەبەر لاقی برایم ملی دە حەرز چەقیبوو. برایم گوتی: "ئاخر ڕەزا چکۆل ئەتۆ و ئەو قسە زەلامانە! " ڕەزا گوتی: "کاکە ڕەحیم شەو و ڕۆژ باسی تاڵانی پادگانێمان بۆ دەکا." مینە گوتی:"هەی ئێسکی بابت دەگێم کاک ڕەسوو." برایم گوتی: "مینە لەبەر دمت دەدەم ها." هەڵاتم بۆ لای قوتوولکەکە و شەقێکم لێدا و لەبەر لاقی برایم دەرمکێشادەر و ئەوانی دیکەش کەوتنە سەرم و تێکڕا بەپێکەنینەوە دەماڵگوت: "هەی ئێسکی بابت دەگێم، کاک ڕەسوو..." مینە لەنێو لاقاندا بە عەرزدا کەوت و چەقۆیەکی لە گیرفان بەربۆوە. تیخەڵێک لە ئەوانەی نەنکم لەگەڵ مێخکبەند و مووروو شینەکانی بەلای گیرفانی کەواکەیەوە هەڵیداوەسێ. برایم بەپێکەنینەوە گوتی: "شتێکم پێیە، شتێکم پێیە، بە کەسیش نالێم، هەر ئەوەش بوو!" مینە چەقۆکەی خستەوە گیرفانی و هەستاوە سەرپێ و گوتی: "ئەی ئەوەنێ دەچین پادگانێ تاڵان دەکەین." مینە لێمان دوور کەوتەوە و چوو لەسەر کۆگا خێزێک کە دوور و نزیکی دەرگا گەورەکەی پادگان بوو، سەرکەوت و ڕوو بە دیوارە بلووکە سیمانییەکەی پادگان دانیشت. تێکڕا وازمان لە قوتوولکە ژەنگاوییە ڕزیوەکە هێنا و ڕۆیشتین لەلای مینە لەسەر کۆگا خێزە گەورەکە، کە سێبەری دارە گەورەکانی ژووری پادگانی بەسەردا کشابوو، دانیشتین. خێزەکە تەواوێک فێنک بوو، ئێمەش هەموو سەروچاو ئارەقاوی و گەرمای هاوین تەنگی پێهەڵچنیبووین. هێڵێکی چاک بێدەنگ دانیشتین، هەتا ڕەزا چکۆل هەڵیدایە و گوتی: "دەبێ بە مەعبەینی ئەو تێلدڕووانەدا خۆ دەژووری پادگان ڕۆکەین." چاوم لەسەر تێلدڕووەکان هەڵنەدەگرت. چۆلەکە بەزەحمەت دەیتوانی لەنێو ئەو تێلدڕووانە دەرچێ. برایم گوتی: "جا ئەمن تفەنگێکی دەدزم." مینە گوتی: "ئەی جووتێکیش پۆتین نادزی بۆ بابت!" برایم لۆچێکی خێز دەمست گرت و خێرا بە چڕوچاوی مینەیدا کرد. مینە دەستی کرد بە تفکردنەوە و چاوگوشین و جنێودان بە برایم. هەموو پێدەکەنین و ڕەزاش گوتی:ق"ئەمن خۆ ناچم وەک کاکە ڕەحیم کۆنسێروی باقلەی بدزم. تفەنگێکی گەورە دەدزم." مینە گوتی: "چەندە گەورە؟" ڕەزا چکۆل گوتی: "گەورە ئێدی، گەورە گەورە." هەڵی کردبووە بایەکی خۆش. ڕۆژ دەهات ئاوا بێ. گەڵای دارە چنارە گەورە و تێرئاوەکانی پشت دیواری پادگان وێکدەکەوتن و دەتگوت پوولەکەی دەسمالّی ژنانە، خلەخلیانە. مینە گوتی: "باغەڵان پڕ دەکەم لە گوللە." ڕەزا چکۆل گوتی: "جا بە تفەنگەکەم دەمی کاکە ڕەحیم دەشکێنم. دوو گوللانیش لە خوشکە چکۆلەکەم دەدەم." برایم گوتی: "کوڕە دەبێ هەرچی تاڵانمان کرد بیانشارینەوە. کاک ڕەسوولّی میردی پووڕم هەموو شتەکانی لە ژوورێکدا شاردووەتەوە و درگای ژوورەکەشی بە خشتە هەڵچنیوە و داشقەیەکی کڕیوە و دەستی کردووە بە حەمباڵی. جا ڕاوەستن چەقۆیەکی گەورەی سەری تفەنگ با بدزم، لەسەر ملی ڕادەگرم. ئەگەر ئەوجار بابم لەگەڵ خۆی نەبا." هەستم دەکرد دایکم لەو دەورووبەرانەیە. دەترسام، هەر وەڕێکەوتین، هەستم دەکرد دایکم بە دوامانەوەیە. بێدەنگ دانیشتبووم و ئاوڕم لە هەموو لایەک دەداوە. دایکم هەموو شتێکی دەزانی. دەترسام، شەوێ بە بابم بە کوتان دا. پێمخۆش بوو زوو هەستین و بگەڕێینەوە لای ماڵ و هیچ نەدزین. هەر چووبامەوە ژووڕێ، دایکم پیلی دەگرتم و ڕایدەکێشام و چاوی لە گلێنەی چاوم دەکرد و دەیزانی ترساوم، لێمدراوە، شەڕم کردووە، ڕێم کەوتوون، لە کەسێکم داوە، شتێکم دزیوە، خۆم بە کچێکەوە ناوە. مینە گوتی: "برایم، بابت ناوێرێ بچێ بۆ پادگان." برایم

گوتی: "نەوەڵڵا ناوێرێ، بابم لە دایکیشم دەترسێ." دەبوو گەڕابایەوە، ڕۆژمان درەنگ کردبوو. وردەورە دەهات تاریک دەبوو. دوو ماشێن بە دوای یەکدا، خێرا بە قەراغماندا تێپەڕین و لەنێو تۆز و خۆڵدا ونیان کردین. پێمخۆش بوو تفەنگێکم بۆ دزرابا و شەوێش نەچووبامەوە ماڵ. هەروا کە دەگەڕاینەوە بۆلای ماڵ، مینە گوتی: "هەموو شەوێ بابم و مامەکانم لە حەسارێ دمە پێمەڕەیەکی دادەکەن و بە دەمانچان تێیهەڵدەکەن. هیچیانیش نایهەنگێون." سریلەکانی حەساری پادگان تێکڕا دەیانخوێند. دەنگی تەقەی تفەنگان لە دوورەوە، جارجارە دەهات. ڕەزا چکۆل گوتی: "تازە تاریک داهات، ئەگەر بچینە دیوی ژووری پادگانیش ون دەبین. سبحەینێ لەسەرڕاوە دێینەوە."

شەوێ لەسەر سفرە دایکم چەند جار نیگایەکی پڕمانای لێکردم. نیگەران بووم دەست بکا بە گێڕانەوە و بە بابم بە تێهەڵدان دا. بابم تووڕێکی بەدەستەوە بوو و بە پتان لێیدەدا تا بزانێ فانگە یان نا. بابم تفەنگێکی گەورەی بوو، لەسەر کەواوپاتۆل و پشتێندەکەی ڕاێکێشابوو. بابم نانێکی ڕەشی دەست دایە و چوار قەدی کرد و لە قاپە شۆرباوەکەیدا تێیکوشی. بەپەلە بووم، پارووێەک نان لوور کەم و دەرپەڕمە دەر و بچم بۆ کۆڵان، هەموو جار نیگای دایکم قەڵەمی دەست و پێی دەشکاندم. دەنگی قریوەقریوی منداڵانی گەڕەک لە کۆڵان، دەستی پێکردبۆوە.

چەند ڕۆژێک بوو، هەموو ڕۆژ لای ئێواران سەری خۆمان هەڵدەگرت و دەچووین لەقەراغ ئەو کۆماخیزە دەستمان دەکرد بە شەڕەتفەنگێن و خۆشاروکێ و شەڕەشەپ. دوێنێ مینە لە برایمی دا. ئەمن شەپێکم لە ڕەزا دا و ڕەزا چکۆلیش بەردێکی لە من گرت و لەپشتی کابرایەکی زەلامی دا. کابرا وەبەر بەردانی داین. هەڵاتینەوە لای ماڵێ و لەپشتەوەڕا بەردێکم وە لاقی کەوت، خەریک بوو بمرم، هێندە هێشا. تا سەری کۆڵان بە شوێنمانەوە بوو، لە ڕێگا ڕەزا چکۆل بەجێ مابوو. کابرا دوو شەپ و زەللەیەکی لێدابوو، شێتی کردبوو. چەندجار داهاتەوە و دەیویست پشتە ملم بگرێ، بۆی نەگیرام. هانکەهانکی ئەو پیاوە زەلامە لەبن گوێم دەهات. خەریکبوو لە ترسان دڵم بتۆقێ. لەبن دیواری ماڵێک هەڵکورمابووین، هەموومان ترسابووین و ڕەزا چکۆلیش دەتگوت بەقەت بووە، لەسەر هیچ قوونێک نەیدەتوانی دانیشێ. لاقم دەتگوت گوللەی وێکەوتووە. دایکم بەوێدا تێپەڕ بوو. چاوی لێکردم. خێرا سەرم داخست. دایکم هاتە پێشی و گوتی: "کێ بەردی لێداوی؟ ها تووتکەسەگ، با بچم بە گۆڕی بابە قاحبەبابەکەیدا بڕێنم." بە شەلەشەل هەڵاتم. گوێم لە دەنگی دایکم بوو دەیگوت: "با شەوێ بێیەوە..." هەروا بە شەلەشەل هەڵدەهاتم بۆلای سەری کۆڵان. ئەستی خوشکی برایم لەبەر دەرگاکەیان دانیشتبوو و چەقەیی دەجووت. تووکەکەیی پێش سەری تەڕ کردبوو. شانەی کردبوو و کایەی بە بازنەشووشە ڕەنگاوڕەنگەکانی دەستی دەکرد. هەڵیدەکشاندنە سەر ئەستوورایی مەچەکی و دەستی شۆڕ دەکردەوە تا تێکڕا بەر دەبوونەوە سەر جووگمەی دەستە ڕەش و قەڵشیوەکانی. پێمخۆش بوو بچم، ئەستی ماچ کەم. ئەستی سەری هەڵێنا و گوتی: "چێ تووتکەسەگ بۆوات چاو تێبڕیوم؟" لەبەرەخۆمەوە گوتم: "دەتگێم ئەستی..." ئەستی خێرا ڕاستەوە بوو و منیش بە شەلەشەل وەک سەگی پاشووشکاو، لاقم بە دوای خۆمدا دەکێشا و هەڵاتم و خۆم لە ماڵە کاک جەعفەر کوتا. کاک جەعفەر لە حەسارێ، کۆمایەکی دار لەتوپەت کردبوو و خەریکی برینەوەی کۆلکە داربڕک بوو و بە مشار خشت دەریهێنابوو و ئارەقەی ڕەش و شینی دەرکردبوو. لەقەراغ کاک جەعفەر هەڵتروشکام. ئەستی بە دوامدا سەرێکی بە دەرگای ماڵی کاک جەعفەردا گرت و چەمۆڵەیەکی لێنام و سووک گەڕاوە. لە ئاوەکەی بۆ کاک جەعفەریان دانابوو، پەرداخێکم پێداکرد. کاک جەعفەر سیلەی چاوێکی دامێ و هیچی نەگوت. کاک جەعفەر بە شانوباهۆ بوو و کاتێک مشارەکەی بە دارەکەدا دێنا، ماسوولکەکانی شانی دەهات کراسەکەی بەری بپچڕێنن. دەستم کرد بە قسان. باسی وەم بۆ دەگێڕاوە، چەند ڕۆژە بەتەماین بچین بۆ تاڵانی پادگانێ و ناوێرین. باسی کاک ڕەسوڵی مێردی پووری برایمی بۆ گێڕاوە. کاک جەعفەر لەگەڵ خرەخڕی دەنگی مشارەکە دەینەقاند و دەیگوت: "زۆری لێدەڵێ هەتیوە... زۆری لێدەڵێ..." دایکی کاک جەعفەر لەوبەرتر دانی بۆ مریشکان ڕۆدەکرد. مریشک و کەڵەباب کردبوویانە هاتوهەرا وبەدوای دایکی کاک جەعفەردا هاتن بۆلای ئێمە. پڕم بە مریشکێکی سەر بەکڵاوەدا گرت کە زۆر قەڵەو و بەکەیف بوو. مریشکە لەبەر چنگم هەڵفڕی و قیڕاندی. خۆی بە سەروچاوی کاک جەعفەردا کێشا. کاک جەعفەر سووڕاوە و قوڵەدارێکی دەست دایە و ڕێیهاڵاندم کە وەک گوللە بە بەر لاقمدا هات و وێم نەکەوت. پەڕیبوومەوە ئەوبەری کۆڵانیش، گوێم لە دەنگی جنێوەکانی کاک جەعفەر بوو.

لە کۆڵان منداڵێکی زۆر لەبەر دەرگای ماڵی ڕەزا چکۆل کۆزیلکەیان بە دەوری ڕەحیمە درێژدا بەستبوو. ڕەحیمە درێژ کلاوێکی ئاسنی سەربازی لەسەر کردبوو و لەنێو منداڵانیدا هەروەک گای نێو گوێلکان دەهات و دەچوو و پێدەکەنی. ڕەزا چکۆل هەر پێهەڵدەڕووسکا و دەیگوت: "کاکە ڕەحیم گیان تۆ قوربانی بمدەیە بڕێکی لەسەر کەم..." ڕەحیم هەر پێدەکەنی و دەیگوت: "ئەلحان لە پادگان گەڕاومەوە و ئەو کلاوەم لەگەڵ خۆم هێناوە." تێکڕا دەورەی ڕەحیمە درێژمان دابوو و ڕەزا چکۆلیش هەر وێی هەڵدەڕووسکا و لە کۆڵ نەدەبۆوە، هەتا ڕەحیمە درێژ نووکەشەقێکی گەیاندێ و بە عەرزیدا دا. ڕەحیم وەک قارەمانێک بۆ هەر لایەک دەچوو، تێکڕا منداڵی گەڕەک بە دوایدا دەڕۆیشتین و دەورەمان دەدا. تا گەیشتینە بەردەرگای ماڵی برایم. ئەستی هەر لە بەردەرگا بوو. نەمدەوێرا تخوونی کەوم و لە دوورەوە ڕاوەستابووم. دەمزانی بمگرێ، بەو نینۆکە درێژانەی پێستی سەر و چاوم دادەماڵێ. ئەستی، مەمکەکانی سەریان هەڵدابوو، چکۆلووکە و قیت لەسەر سینگی شین ببوونەوە. ئاگام لێبوو ڕەحیم خۆشخۆش چاوی لێدادەگرت و لەخۆڕاش نەبوو، ئەو نەمایشەی کێشابووە لای دەرگای ماڵی برایم. ئەستی چەمۆڵەیەکی لە ڕەحیمە درێژ نا و تووند گوتی: "کەرە درێژ، ئەوە چاو لە کێ دادەگری، دا برایم یەک بەردی لە چاوی دە و کوێری کە." برایم لەنێو منداڵانیدا خێرا ڕۆبوویە بەردێک و بەرامبەر بە ڕەحیم دامەزرا. منداڵ لە دەوری ڕەحیمە درێژ کشانەوە. ڕەحیم ڕوو بە برایم گوتی: "وەڵڵاهی بیهاوێی تووتکەسەگ یەک شەپ دەتتۆپێنم." برایم نەیدەوێرا بەردەکەی باوییەتێ. ڕەحیمە درێژ، کلاوی ئاسن لەسەر هەر دووک باڵی لێک کردبۆوە و دەچوو بۆلای برایم. برایم پاشەوپاش دەکشاوە دواوە. ئەستی گوتی: "برایم یەک بەخۆت لە کوونی چاوی ڕاکێشە و هەڵێ. قاحبەباب چاوان دادەگرێ." برایم هەروا کە دەکشاوە دواوە، بەردەکەی سووک هاویشت بۆلای ڕەحیمە درێژ. ڕەحیم خێرا سەری وەبەر گرت و بە کلاوە ئاسنەکەی کەللەیەکی لە بەردەکە دا. تێکڕا پێکەنین. برایم خێرا داهاتەوە و بەردێکی دیکەی بۆ هەڵدا و ڕەحیم لەسەرڕاوە سەری وەبەر گرت و کەللەیەکی لە بەردەکە دا. بە نۆرە بەردمان بۆ ڕەحیم هەڵدەدا، ڕەحیمیش خۆی هەڵداویشت و کەللەیەکی لێدەدا. ئەستیش دوو بەردی بۆ ڕەحیمە درێژ هەڵدا. ڕەحیم زۆر بە نەقڵ سەری وەبەر دا. هەستم دەکرد، ئەستی سیلەیەکی چاوی هەر لە منە و دەیهەوێ لەپڕ پڕم پێداکا و بمکوتێ. هەروا بەردمان بۆ ڕەحیمە درێژ هەڵدەدا و دەوری کۆڵانمان دەدا. ماڵێک سەرووی ماڵە کاک جەعفەر کۆمایەکی خشت و چارەگەی لێ ڕۆکرابوو. جاروبارە غیرەتمان دەدا بەر خۆمان و لەتە چارەگێکمان بۆ ڕەحیم هەڵدەدا. ڕەحیم خۆی هەڵداویشت و لە حەوادا کەللەیەکی لە چارەگەخشتەکە دەدا و تێکڕا پێدەکەنین. ئەستی خشتێکی ساغی دەست دایە و بەرانبەر بە ڕەحیم ڕاوەستا. چاومان لە ڕەحیم و ئەستی بوو. ڕەحیمە درێژ گوتی: "هەڵێدە، با بڕواتە حەوای. دەبەرت دەمرم..." دەستمان کرد بە پێکەنین. ئەستی بە دوودڵییەوە گوتی: "ئەوە قورسە ها." ڕەحیم گوتی: "خۆ من ئاواڵی ئەو منداڵانە نیم، بەقوربان. ئەمن و تۆ جحێڵین." ئێستا ڕەحیمە درێژ قسەکەی تەواو نەکردبوو، ئەستی بە هەموو هێز و تاقەتی خۆی، خشتەکەی هەڵنەدا حەوا، بەڵکوو ڕاست لە تەپڵەسەری ڕەحیمە درێژی ڕاکێشا و خشتەکە لەسەر کلاوە ئاسنەکە هەڵخلیسکا و وە ئێسکە ڕەقەی تەختی سینگی کەوت. ڕەحیم دەستی بە لامللییەوە گرت و خوار بۆوە و کلاوە ئاسنەکەی لەسەری کەوتە خوارێ و زیقاندی. ئەستی خێرا هەڵاتەوە لای ماڵە خۆیان و مەمکی لەنێو کراسەکەیدا دەجووڵاوە. ڕەحیم لەنێوەڕاستی کۆڵان بە عەرزدا کەوت و دەیهۆڕاند. ڕەزا چکۆل لەوبەر پێدەکەنی. ڕەحیم شان و ملی چ نەمابوو. ئەستی لەنێو چوارچێوەی دەرگای ماڵی خۆیان چاوی لە دەرێ بوو. دەورەی ڕەحیم و کەڵاوکەیمان چۆل کرد و هەر یەکە و بۆ لایەک لەحاستە خۆمان کشاینەوە. ڕەزا چکۆل لەولاڕا هات و چووە دەبن پیلی ڕەحیمە درێژ. ڕەحیم خێرا یەکدانەی لە ڕەزا چکۆل سرەواند. ڕەزا چکۆل بەردێکی دەست دایە و لەسەر سەری ڕەحیم ڕاوەستا. لەپڕ بەردێکی لە کلاوە ئاسنەکە ڕاکێشا و هەڵات. کلاوەکە وەک کیسەڵ کەوتە پشتی. ڕەحیم هەستا سەر پێ و بەردێکی لە کلاوەکە دا و ڕووی کردە لای ئەستی و بە گریانەوە گوتی: "دا بزانە پاتۆڵەکەت لێدادەکەنم یان نا..." هەر یەکە و بەردێکمان دەست دایە و دە کلاوە ئاسنەکەمان گرت. کلاوە ئاسنەکە هەر جارە و خولێکی دەخوارد و دەسووڕا سەرپشت و دەگەڕاوە سەر زگ و ئێمەش خێراخێرا بەردمان تێدەگرت و پێدەکەنین.



مریەم قازی

ژوری خانم فیلسوف ناودارەکانی جیهان

ڕۆژێک تورەنج خانم تەمای گرت بڕواتە دەر لە ماڵەکەی تا بزانێ چ باسە، هێشتا چەن هەنگاوێک نەڕۆیشتبوو کە گەیشتە چەندین مرۆڤی گەورە کە لە دەوری مێزێکی گەورەتر خڕ ببوونەوە، هەر کامیان کتێبێکیان بە دەستەوە گرتبوو و بە دەنگی بڵێند نۆرە قسەی یەکتریان نەدەدا.... بەڵام تا چاویان بە تورەنج خانم کەوت، هەموو بێدەنگ بوون و لەپاشان بەپەلە دەوری ئەویان دا،

- ناوت چییە؟

- تورەنج خانم!

- ئەی کتێبی تۆ کوا؟

- کتێبم نییە!

- ئەی نەزان!

وە لەپاشان هەر کامییان کتێبێکی خۆیان دایە....

تورەنج خانم بە هانکەهانک کتێبەکانی دەگەڵ خۆی برد. هێندەی پێنەچوو، گەیشتە سەر تەپۆلکەیەک کە لەوێڕا هەموو دنیای لێدیار بوو. کتێبەکانی دانا و دانیشت، سەیری دنیای کرد، دیتی هەموو مرۆڤە گەورەکانی جیهان کە هەر کام کتێبێکیان بەدەستەوە بوو خەریکی شەڕ دەگەڵ یەکترن، پشتی لە ئەوان کرد و دوو دڵۆپ فرمێسک بە چاوانیدا هاتە خوار .... بۆ یەکەم جار پرسیارێکی بۆ سەر بوو:


- بۆچی مرۆڤە گەورەکان یەکتریان خۆش ناوێ؟!

دوایە وەیری هاتەوە پێیان گوتبوو نەزان. چاوێکی لە کتێبەکان کرد و یەکیانی کردەوە. کتێبەکە وەدەنگ هات و وتی:

- هەر ئێستا گوێ بدە من، با فێرت کەم چۆن کتێبەکانی دیکە حاڵی بی. هێندەی پێنەچوو، فێر بوو. کتێبی دوای ئەوی هەڵدایەوە ، کتوپڕ هەموو کتێبەکان کرانەوە و بە دەیان وشەی زەرد و سوور و کەسک و نارنجی و ئابی.. بۆئەوەی نۆرەقسەی یەک بدەن کردیانە هەرا هەرا و لەئاکامدا هیچ حاڵی نەبوو، وای هەست کرد هەرکام لە ئەوان بەشێک لە مێشکی ئەویان داگیر کرد و خەریکە بەیەکجاری مێشکی لێ بزر دەبێ.... بەڵام بەرلەوەی بەیەکجاری لە بیرەوە بچێ، وای زانی کە ڕەنگبێ هەموو شەڕی ئەم مرۆڤانە بەهۆی ئەم کتێبانەوە بێ کە هیچکام نۆرە وشەی ئەوی تری نەئەدا و هیچکام گوێی بۆ ئەوی دی ڕایەڵ نەدەکرد .... سۆزێکی سارد هەڵیکرد، یەکێک لە کتێبەکان خەریکی داگیرساندنی ئاگری شەڕ بوو، لێی گەڕا تا بە گوڕەگوڕ تەواو داگیرسا. جا ئەوجار یەکە یەکە کتێبەکانی دیکەی پەڕپەڕ کرد و لەسەری دانا، ئاورێکی خۆش لە پەنای ساز بوو، بە تەواوی گەرم داهات و هاوکات مێشکیشی لە هەراهەرای ئەوان حەسایەوە و وای هەست کرد توانای وەرێکەوتنەوەی بۆ ساز بۆتەوە، وای هەست کرد چاوی بۆتەوە ئەوەی کە پێشتر وشەکان لێیان فڕاندبوو، بوونەوە بە ئی خۆی.... ڕاست بۆوە تا چاو هەتەری دەکرد ڕێگایەک لە ڕووبەڕووی دا لە خۆڵەمێشی کتێبەکانڕا تا چاو هەتەری دەکرد بۆی کراوەتەوە، بەپێچەوانەی ڕێگاکەوە ملی ڕێگای گرتەبەر و وەڕێکەوت.... تورەنج خانم لەوەی کە باری لێ سووک ببوو زۆر خۆشحاڵ بوو، هاوکات تەواوی کتێبەکانی دەستی مرۆڤەگەورەکانیش سووتابوون و شەڕەکانییان کۆتایی هاتبوو.... بەپێکەنینەوە داگەڕایە خوارێ، لێم دەپرسن ئەی کوا تورەنج خانم دەڵێم: ئەوەتا خۆتان ببینن.

هەوالنامەی کتێب

دایکی دایکم



هیوا قارەمانی


شکێک لەئەوەدا نییە کە لەو ژێر خاکەدا پاش ئەو هەموو ساڵە هەر ئێسک و پروسکێکت لێماوەتەوە. بەڵام ئەوەی لەو دەمەدا لەسەر گڵکۆکەت بیری لێدەکەمەوە، ئەو دەمە بوو کە لە خۆت کۆ کردینەوە و تەنیا وەسیەتیەکی کە کردت ئەوە بوو کە وێنەی کوڕی شەهیدت لەسەر سینەت دانێین و دەگەڵی بنێژن.

چیت لێبشارمەوە! لەوانەیە بیر لەوە بکەمەوە کە ئاخۆ ئەو وێنەیە ماوە؟ بەڵام وەبیرم دێتەوە کە کوڕەکەت پاش کوژران، تەبعید کرا و نەیانهێشت لەو گۆڕستانەدا بنێژرێ! هەر بۆیە ناردیانە عەجەمستانێ. نازانم چەند شەممۆ بوو بەڵام پاییزبوونەکەییم لەبیرە. هەڵبەت نازانم بۆخۆت لەبیرت بێ یان نا؟ هی خۆت زستان بوو، بەرەبەری نەورۆزێ! بۆی هەیە نەزانی بەڵام من لێم ئاشکرایە بەیانی چوارشەممۆیەکی پاییزە؛

* : جێژنی قوربانت پیرۆز بێ...

زۆر کەم وابووە، لە ڕۆژە تایبەتییەکاندا، یان لە بۆنە ناتایبەتییەکاندا بێمە سەرقەبران؛ جێژنەپیرۆزەی ئەو برادەرە دیوناسەم لە خەیاڵی دەرهێنام و هەڵدەستم بچمەوە بۆ "کشمیشپڵاو" خواردنی بەیانەی جێژن؛ دایکم سفرەی ڕاخستووە و کەس و کاری تێکهاڵاون و گەردنئازایی لێکدەخوازن:

- : جێژنت پیرۆز
- : جێژنت پیرۆز
-: جێژنی قوربانت پیرۆز...



فاڵچی

مەنسوور گەورکی

هەواڵنامەی کتێب

لەمێژبوو چاوەڕوانی ئەو هەلە بووی بیقۆزییەوە، دەیانگوت فاڵچییەکی بێوێنەیە. تۆ باوەڕت بە فاڵ و قاوە و پەڕ و جگ و نشتوو و ئەو تڕ و تەوێڵەیە نەبوو بەڵام ئەوجار ئەو لێت میوان بوو. دەرفەتێکی بێوێنە ڕەخسابوو بەرژەوەندی هێنایە سەر ئەو قەناعەتە کە فاڵێکت بۆ بگرێتەوە. تۆش بە بێوازی و خۆنەویست ملت بەلاڕەوە نا و خۆت بەدەستەوە دا.

هەستا لە سەماوەرە چکۆلەکە کە هەڵمی ئاوە کوڵیوەکە وەک مژێکی خەست، سەر سەماوەرەکەی تەنیبوو. جارجارەش دڵۆپەیەک ئاو لەبنی کابینێتی سەر سەماوەرەکە دەتکا. کەمێکی ئاو دە فینجانێکی بچووکی چینی کرد و دوو کەوچکی قاوە و کەوچکێکیش شەکر بە جوانی لێکی دا و فەرمووی هۆدەکەی کردی. تۆش وەک بەرانبەر دادگایەکی بە زەبر و زەنگ و دادپەروەر، لێپرسینەوەت لێبکرێ، چووی و لەسەر چۆک دانیشتی. هۆدەکە زیاتر لە شوێنێکی ئایینی دەچوو تا هۆدەیەکی فاڵچییان، هەموو ژوورەکە تەمێکی سپی هەبوو جگە لە هەرزاڵێکی ڕەش هەموو شوێنەکانی بە پەردەی سپی داپۆشرابوون. فەرمووی کردی قاوەکە بخۆیتەوە. خواردتەوە و ژێرپیاڵەکەی بەسەر ڕۆکرد و نخوونی کردەوە. ئەوکات دەستەیەکی پەڕ بەدەستەوە بوو لێکدا لێکدا لێکی دەدان و دواتر وتی لە نییەتی کێ دەیگرییەوە. بەبێ ئەوەی کە لێی تێبگەی وتت هی خۆم. پەڕەکانی پێنج بەش کرد و لە هەر بەشەی دوو

پەڕی دانان و ئەوی تری وەلایەک خست ئەمجارە پەڕەکانی دێنایە ڕوو، زۆر مات بوو. وتی تێکەوڵێکەیە بیرت زۆر هاڵۆزە، بیر لە چەند شت دەکەیتەوە و هیچکام بە ئاکام ناگەیەنی. ئەوجارە فینجانەکەی هەڵگرت و وتی ڕابردووەکەت تازە ڕابردووە و گرینک نییە بەڵام من ئێستا و داهاتووکەت پێدەڵێم. باوەڕت پێنەبوو بەڵام لەمێژبوو دەتهەویست بە هەمووان بسەلمێنی درۆیە، هەر بۆیەش ئەوکاتە وەک مرۆڤێکی بێدەسەڵات خۆت وەبەردەستی نابوو، وتی تۆ دۆست و برادەرت زۆرن، ئەمە جێی مەترسییە، هیچکام هاوشانی خۆت نین و بۆلای دۆخێکی ناڕێکت ڕادەکێشن بەتایبەت یەکێک لە ئەوان نێوەکەی پیتی "م"ی تێدایە. زۆرت بیر لێکردەوە وەک ڕاستەقینەیەکی حاشا هەڵنەگری پێگوتبێتی. بەڵام زۆربەی هاوڵانی تۆ نێوەکەیان پیتی "م"ی تێدابوو "مەنسوور، مەسعوود، مەحمود، مەجید، کامران، سامران" و دەیان کەسی تر، تۆ دوودڵ بووی لە کوێ دەزانێ دۆست و برادەرەکانت نێوەکەیان پیتی "م"ی تێدایە. وتت مەبەستی ڕوونتر کاتەوە. وتی فاڵەکەت "ژنی" تێدا، بانگهێشتت دەکەن بۆ جووتبوونێکی ناڕەوا. تۆ تەنیا پێکەنی و هیچت نەگوت. تۆزێک چوویتە پێشتر، وێڕای ئەوی سەرت بە سەر فینجانەکە داگرت و جگە لە وێنەیەکی ئاسایی پرژانی قاوەیەک لەسەر فینجانێک هیچی ترت بەدی نەکرد. تۆ بەو حوکمە کتوپڕە و سەربەخۆیە تۆزێک ئاهوەن بوویتەوە. چون تۆ هاوسەرەکەت زۆر خۆشدەویست و هیچکات بیرت لە هیچ زیندەوەرێکی دیکە نەکردبۆوە. وتت: دەتوانی وێنەی ئەم ژنەم بۆ هێما کەی؟ وتی: ئەوەتا ئالێرە تەماشا کە، تاجەگوڵێکی بەسەرەوە و دەستی تۆی گرتووە، ناوەکەشی پیتی "س"ی تێدا بەرەو سەفەرێکی درێژخایەنت دەبا. تۆ هیچ وێنەیەکت نەدەدیت. دوودڵ بووی، نەکا کردبێت بۆ ئاوا بێشک و بەمتمانەوە دەگەڵت دەدوێ وەک لە هەموو بوارەکانی ژیانت دەگەڵ ژیابێ. فینجانەکەت لێوەرگرت و سەیری ژوورەکەیت کرد. شەبەقی گڵۆپی کارەباکە ڕژابووە نێو فینجانەکە. وێنەکەی خۆت لەسەر قاوە ڕەشەکە بەدی کرد. لەوێڕا دەتڕوانییە دەرەوە، هەروەک لەبنی چاڵێکی ڕەش چاو لە تروسکەی سەر سەری خۆت کەی. قاوەکەی سەر لێواری فینجانەکەت وەک پلیکانێک دەدیت تا سەرکەوی و لەم چاڵە بەسامە بێیتە دەرەوە. کەس نەبوو دەفریات بێ. فینجانەکەی هەڵگرت و چاوی لە چاوەکانت بڕی وەک بە چاو پێت بڵێ تازە نوقمی زەلکاوێکی ڕەشم کردووی و بۆت نییە دەرباز بی. بە کەوچکێکی چکۆلە، بەردەوام وێنەکەی تۆی دەشێواند. تۆ دەست و پێت لە بنی فینجانەکە قایم کردبوو. بەهەر شێوەیەک شێواندبای، تۆ جوولەت نەدەکرد. دەمێک دەگەڵ چەندین ژنان جووتی دەکردی و جیای دەکردییەوە، دەمێک دەی‌ناردییە سەیران و سەفەرێکی درێژخایەن، دەمێک بۆت بەداخەوە بوو. دەمێک دڵخۆشی دەدایەوە بەڵام تۆ لە بنی فینجانەکەوە دەتزانی تەنیا بیری خۆیەتی بە سەرتدا زاڵ دەکا. هێندەت دەست و لاق لە چوارچێوەی فینجانەکە توند کردبوو، نەی‌دەتوانی زەفەرت پێبەرێ. ژێرپیاڵەکەی لەسەر فینجانەکە دانایەوە و نخوونی کردییەوە. ئیتر هیچ شەبەقێکت لێدیار نەبوو ولامێکی ڕەش و بەرتەنگ. زیاتر دەست و لاقت توند دەکرد لەپڕ فینجانەکەت شکاند و خۆت دەرباز کرد.



مانگی خەزەڵوەر

کوردستان گولابی‌ئازەر

هەواڵنامەی کتێب

مـن و ئـەو لـە شـەوی ١٨ی مانگـی خەزەڵـوەر لـە ژووری خەوەکەمانیـن. ڕاکشـاوم. چـاوم لـە سـەر یـەک

دانـاوە. ئـاگام لێیەتـی. نەخەوتـووم. هـەر چـاوم بەسـتووە. خـەوم لێکەوتـووە. یانـی ئـەو وادەزانـێ خـەوم

لێکەوتـووە. ئەونـدەم خـەو دێ کـە بەحـاڵ چـاوم هەڵهێنـاوە. مۆنیتـۆری کۆمپیوتەرەکـە دەسـووڕێنێ.

جارجـار ئـاوڕ دەداتـەوە. مـن خـەوم لێکەوتـووە. یانـی ئـەو بـاوەڕی کـردووە کـە مـن خەوتـووم. مانگەشـەوە و لـە پەنجەرەکـەوە دەڕوانمـە مانـگ.

ئـەو: سـڵاو. مـن بیـرم کـردووی. بڵێـی چـی بـێ؟ بڵێـی مـن دڵـم لای تـۆ بـێ؟! یان...

مـن: "همـه میترسـند امـا مـن و تـو بـه چـراغ و آب و آینـه پیوسـتیم و نترسـیدیم." (فروغ)

بریا فروغ پیاو بووایە. ڕەنگە باشتر لە قسەکانی من دەگەیشتی.

ئـەو: سـێ کاتژمێـرە لـە شـەقامەکانی شارەکەم پیاسـە دەکـەم. بەبـێ هیـچ مەبەسـتێک. هـەوا زۆر سـاردە و دەسـتم تەزیـوە. بێزەحمـەت ئێسئێمئێسـت بـۆ دەنێـرم، بـەڵام دەروونـم گەرمـە.

مـن: ئەگـەر وای لێهـات، مـن دەچمـە حەوشـە لـەو هـەوا سـاردە کـە تـۆ باسـی دەکـەی، بـە دەسـتی

تەزیوەوە ئێس‌ئێم‌ئێست بۆ دەنێرم.

من ئەو شەوەی چووبوومە حەوشە. باوەڕکە چووبوومە حەوشە.

ئاوڕی داوتەوە. پێی سەیرە هاتۆتە پەنام ڕاوەستاوە. وادەزانێ لە خەودا قسە دەکەم.

سەری وەرسووڕاندووەتەوە.

هەر لە حەوشەکە...لە هەوا ساردەکەی شەوی ٢٥ی خەزەڵوەری چەند ساڵ بەر لە ئێستا، ئێس‌ئێم‌ئێسێکی بۆ دەنێرمەوە:

ــ ناوێرم لە حەوشە دانیشم. شەو درەنگانە. شەوانە لە شۆقی چاوی پشیلە دەترسێم.

ئەو: تێنەگەیشتنی چاوی من لە چاوی پشیلەکە ترسهێنەرترە.

ئەو هەروا لە پشت کۆمپیوتەرەکە خەریکە. مۆنیتۆرەکەم لێدیارە. نازانێ من ئاگام لێیەتی.

ئەو: "ئاری را می کنم دانە، بە دل می گویم، کاش این مردم هم دانەهای دلشان پیدا بود." (سهراب)

دەمهەوێ بزانم دانەی دڵی تۆ چۆنە؟ دەڵێی چی؟

لێفەکەم لادەوە. هەرای لێدەکەم.

ـ تۆ خەریکی چی؟ بۆ ئەو مۆنیتۆرە دەسووڕێنی؟

بەڕتاو ئاوڕی داوەتەوە. ئەم جارەیان باوەڕی کردبوو کە نەخەوتووەتەوە.

ـ هێچ...خەریکی نووسینم.

هەستاومەتە سەر پێ. بۆ لای دەچم، بەڵام خێرا ئەو پەنجەرانەی کە کردبوویەوە، یەک بە دوای یەکدا دایاندەخا.

ـ تۆ خەریکی کارێکی. ناتهەوێ من بزانم، بەڵام من دەزانم خەریکی چی؟!.

ـ تۆ شێت نەبووی. خەونت دیوە؟

ـ دەستت لابەرە. چاوی لێدەکەم.

ـ بڕۆ بخەوە. حەوسەلەتم نییە.

من ناخەومەوە. دەچمە حەوشە.

ئەو شتانەی دەمانترسێنن یان ئەو شتانەی دامانەدەچڵەکێنن، بەنرخن. ئاگامان دەکەنەوە، تەنانەت ئەگەر پشیلەیەکیش بێ.

ئەوەش ئێس‌ئێم‌ئێسەکەی ئەو شەوە بوو کە بۆی ناردم. چووبوومە حەوشە، بەڵام ئەو جارەیان بۆ ئەوەی دەبوو هەڵێم، لە ژووری خەوەکەم، لە خۆم، لە ئەو...

دەترسام. زۆریش دەترسام. هەستەکانم وێران کرابێ. بەبێئەوەی بۆخۆم زانیبێم. تەزوویەکی سارد وە دەوچاوم دەکەوێ.

لە پەنجەرەکە دەمڕوانییە ژووری خەوەکەمان. ئەو هەروا چاوی بڕیوەتە کۆمپیوتەرەکە. من ئەو دەبینم. نازانم ئەو ئەمن دەبینێ یان نا.

من: هێشتا هەر پیاسە دەکەی؟ هەوا زۆر ساردە. نیگەرانت بووم.

ئەو: ساردبوون یان گەرمبوونی من بە قسەکانی تۆ کەوتووە.

من: هەوا ساردە. سەرمات دەبێ.

ئەو: چومەتەوە ماڵێ. دەستەکانم ساردن، بەڵام دەروونم گەرمە. من زۆر تەنیام.

من: نا.. تۆ تەنیا نی.. من دەگەڵتم هەتا ئاخری ڕێگا.

ئەو: کێها ڕێگا؟

من: هەر ئەو ڕێگایەی دەستمان پێکردووە. من و تۆ.

لە سەر لێوارێ پەنجەرەکە دانیشتووم. تەنیایی لە منداوار دەکا. هەر لە شەوی ١٨ی مانگدا، بیری ئەو کاتانە دەکەم کە لە دەربڕینی هەستەکانم هیچ ترسێکم نەبوو.

بە دەنگی ئەو وەخۆ دێمەوە.

ــ هەوا ساردە. نایەوە ژووری؟

دەستی ناوەتە سەر شانم.

ــ چ شتێک لە من دەشاریەوە؟

ــ هیچ.

ــ بە چاوی خۆم دیتم.

ــ من هیچ شتێکم نییە لێت بشارمەوە...باوەڕت بێ.

دەگەڵ دەنگی داخرانی پەنجەرەکە تازە وەخۆ دێمەوە. لە شەوی ١٨ی مانگدا، بیری شەوی ٢٥ ی مانگی خەزەڵوەری چەند ساڵ بەر لە ئێستا دەکەم. مۆبایلەکەم دەکووژێنمەوە. بۆ چەند ساتێک دەڕوانمە مانگ.

بەڵام نا دەبێ مۆبایلەکەم هەڵ بکەمەوە. ڕەنگە هەر ئێستا لە ژووری خەوەکەمانڕا ئێسێ‌ئێم‌ئێسکم بۆ بنێرێ. تەزوویەکی سارد وە دەوچاوم دەکەوێ.

رِیپۆرتاژ

هەڤاڵیامەی کتێب

ئێوارەچیرۆکی ناوخۆیی بنکەی فەرهەنگی و هونەری ئەدەبیی موکریانی مەهاباد لە ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی‌دا



ڕۆژی دووشەممۆ ڕێکەوتی بیستوچواری ڕەشەمە ، کاتژمێر چواری ئێوارە لە سالۆنی ئامفی‌تئاتری ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی شاری مەهاباد بە بەشداری تاقمێکی تایبەت لە نووسەران، ئەدەبیان، لایەنگران و چیرۆکنووسانی ئەم شارە ئێوارەچیرۆکی ناوخۆیی بنکەی فەرهەنگی و هونەری ئەدەبیی موکریانی مەهاباد بەڕێوەچوو. ئەم ئێوارەکۆڕە کە تایبەت درابوو بە چیرۆکنووسانی ناوخۆیی ئەنجوومەن و هاوکاتیش بۆ ڕێزگرتن لە ئەندام و دامەزرێنەری ئەنجوومەن ئەدەبیی و هەروەها تەمەنێک ماندووبوون و هاورێیەتی خاتوونی چیرۆکنووس؛ مریەم قازی پێشکێش کرابوو. سەرەتای بەرنامە، شەویار گولابی ئازەر کورتەباسێکی لە هەوڵ و تێکۆشان و بەرهەمەکانی خاتوونی چیرۆکنووس و زەحمەتکێش و ماندوویی‌نەناسی بنکەی فەرهەنگی و هونەری ئەدەبیی موکریانی مەهاباد هێنا بەرباس و شرۆڤەکردن. دواتر بەڕێزان؛ جەلیل ڕەحیمی، کوردستان گولابی‌ئازەر ، مەنسوور حامیدی، سۆما پەرویزنیا، کەیوان مەولوودزادە، سەیران چووپان، مەنسوور گەورکی چیرۆکی خۆیان خوێندەوە. هەر بەم بۆنەوە خاتوو مریەم قازی بۆ ڕێزگرتن لە بەشداربووان، چیرۆکێکی پێشکێشی ئامادەبووان کرد. نێوئاخنی بەرنامە بە موسیقی بلاوێنی شمشاڵی بەهمەن مەولوودی و زەریی کارۆ مەولوودی ڕازایەوە. لە کۆتایی‌دا لە لایەن بنکەی فەرهەنگی و هونەری ئەدەبیی موکریانی مەهاباد و ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی و هەروەها شووڕای ئیسلامی شار و شارەداری مەهاباد، خەڵاتی ڕێزلێنان لە چیرۆکنووسانی بەشداربوو و هەروەها خەڵاتی تایبەتی ڕێزلێنان لە خاتوو مریەم قازی پێشکێش کرا.

جێی خۆیەتی بە ناوی بنکەی فەرهەنگی و هونەری ئەدەبیی موکریانی مەهاباد سپاس و پێزانینی خۆمان پێشکێشی هەموو ئەو بەڕێزانە بکەین کە لە پێکهێنانی ئەو بەرنامەیەدا هاوڕێ و هاوکارمان بوون بۆ وێنە؛ ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی مەهاباد، شووڕا و شارەداری مەهاباد، کەمالّ مەولوودپوور، ئومید خاکپوور(گرووپی شانۆی ئەهوورا) دێکۆڕ و نوور،کەیوان مەولوودزادە و عەلی بایزیدی (هاوڕێ و هاوکاری دێکۆڕ و دەنگەڵگرتنەوە)، ئازاد وەتمانی (فیلمهەڵگر)، بێهروز جولفایی‌ئازەر (وێنەگر)، پۆلا ئاغاز (وێنەگر)، جەلال ئەحمەدی، یاقوب خزری، دوکتور خالەق جەلیل‌نیژاد، هەرمان وەتمانی، جەلال پوورحەسەن، غەفوور پیرزادە، سەیران بەختیارپوور، سەیران چووپان، فەرزیە یاهوو، گەلاوێژ بیگنیا، کوبرا خالّندی، ماهپارە لاهیجانی، نەسرین ڕووکەش، برایم ئەختەری و...هەموو ئەندامانی زەحمەتکێشی ئەنجوومەن.



سێهەمین بەرنامەی فولکلۆر (بەیت و حەیران) لە ڕێکەوتی ١٥ ی ڕێبەندانی ١٣٩٤ ی هەتاوی‌دا



هەوالنامەی کێبڕ

بنکەی فەرهەنگی هونەری ئەدەبیی موکریانی مەهاباد سێهەمین بەرنامەی فولکلۆر (بەیت و حەیران) ی لە ڕێکەوتی ١٥ ی ڕێبەندانی ١٣٩٤ ی هەتاوی‌دا بە هاوکاری ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی و هەروەها شووڕا و شارەداری لە سالۆنی ئامفی تئاتر بەڕێوە برد، لە سەرەتای بەرنامەدا بڵاوکردنەوەی تیزێر (کلیپ ویدئۆ)یەک لە بەسەرهات و ژیانی هونەری هونەرمەند؛ قادر ئوستاد ئیبراهیمی ناسراو بە قالەشین سرنجی بەشداربووانی بۆ لایەنی گرینگی بەرنامەکە ڕاکێشا کە پێشکەش بە یەک عومر هەوڵ و ماندووبوون و تێکۆشانی مامۆستا قالەشین لە پێناوی پارێزگاری‌کردن لە هونەری ڕەسەنی فولکلۆر کرابوو. دواتر پەیامی ئەنجومەن لە لایەن یاقوب خزری خوێندرایەوە، هەروەها لە لایەن کاک سەلاح پایانیانی وتارێک لە سەر فولکلۆر بەتایبەت بەیت و حەیران پێشکەش کرا. لە درێژەدا تەکنەوازی هونەرمەندی هێژا کاک بەهمەن مەولوودی بە ئامێری کەوڵ کۆڕەکەی بەرەو بەیت و حەیرانبێژی ڕاکێشا کە لەم بەشە لە بەرنامەدا هونەرمەندانی شارەکانی مەهاباد، شنۆ و پیرانشار بەشدار بوون کە بریتی بوون لە؛

محەممەد گڵێنانی؛ حەیران / سیامەند ئەمینەدار؛ لاوک/ جلیل و جەلال محەممەدپووری؛ مقام و ستڕانی کرمانجی/ ئەبووبەکر ئازەڕوو ؛ حەیران/ سەلاح خزری حەیران/ بە هاوکاری بەشی موسیقی هونەرمەندان؛ بەهمەن مەولوودی؛ شمشاڵ / مستەفا ئەحمەدپوور؛ نایە/ کامیل کریمیان ؛ زەرب / ڕزگار ڕەسوڵی؛ باغڵەمە/ تەنیا عەلی‌نیژاد ؛ ئۆڕک / سینا حیسامی

؛وێڵـۆن / کامـران شـێخ محەممـەدی؛ دودوک و کاوڵ / جەمـاڵ ئۆوەیشـی؛ فلـووت ، هونـەری خۆیـان پێشکەشـی بەشـداربووان کـرد. دوابەشـی بەرنامـە بـە هونـەری گرووپـی هەڵپەڕکێـی سـابڵاغ بـە سەرپەرسـتی هیـوا جـاف ڕازایـەوە. لـە کۆتایـیدا خەڵاتـی ڕێزلێنانـی ئەنجومـەن و ئیـدارەی فەرهەنـگ و ئیرشـادی ئیسـلامی و هەروەهـا دیـاری تایبەتـی شـووڕا و شـارەداری پێشکەشـی مامۆسـتا قالەشـین و هونەرمەندانـی بەشـداربوو کـرا. جێـی ئاماژەیـە کاک کەمـاڵ مەولوودپـوور بـە نوێنەرایەتـی لـە لایـەن شـووڕای ئیسـلامی شـاری مەهابـاد، خەڵاتـی ڕێزلێنـان لـە هـەوڵ و چالاکییەکانـی چەند سـاڵەی بنکـەی فەرهەنگـی هونـەری ئەدەبیـی موکریانـی مەهابـادی پێشکەشـی ئـەم ناوەنـدە کـرد.

شـایانی باسـە بـە نـاوی بنکـەی فەرهەنگـی هونـەری ئەدەبیـی موکریانـی مەهابـاد سـپاس و پێزانیـن پێشکەشـی هاوشـارییانی خۆشەویست و هەمـوو ئـەو ئیـدارە و ناوەنـد و هاوڕێیانـە بکەیـن کـە هـاوڕێ و هـاوکاری بەرنامەکەمـان بـوون بـۆ وێنـە بەڕێزان؛ئیـدارەی فەرهەنـگ و ئیرشـادی ئیسـلامی، شـووڕا و شـارەداری، فەرمانـداری، سەیدەسـوول نەبـەوی، کەمـاڵ مەولوودپـووری، مـراد باپیرپـوور، سـەلاح خزری (ئامادەکردنـی تیزێـر)، ئـازاد وەتمانـی (فیلمهەڵگـر)، بێهـروز جولفایی‌ئازەر (وێنەگـر)، پـۆڵا ئاغـاز (وێنەگـر و هـاوکاری بەرنامـە)، سـامان ئێرەمی (دێکـۆر و نـوور)، ئومیـد خاکپوور (هـاوکاری دێکـۆڕ و دەنـگ)، کەیـوان مولوودزادە (هـاوکاری بەشـی دەنـگ)، عەلـی بایزیـدی، شـاهین شـاوەلە، جـەلال ئەحمـەدی، سـەیران بەختیارپـوور، هەرمـان وەتمانـی، موختـار ئەمـارە، برایـم ئەختـەری، هەروەهـا بنەماڵـەی بەڕێـزی مامۆسـتا قالەشـین و هەمـوو ئەندامانـی زەحمەتکێشـی ئەنجومەن.



کۆڕی ڕەخنە و هەڵسەنگاندن و پەردەلادان لە سەر کتێبەشێعری "سیس بوون بیرەوەرییەکانم" لە نووسینی شاعیری هاوچەرخ؛ قاسم تاباک



ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممۆ، ڕێکەوتی ٢٥ ی سەرماوەزی ١٣٩٤ ی هەتاوی، بنکەی فەرهەنگی و هونەری ئەدەبیی موکریانی مەهاباد (ئەنجومەن ئەدەبی) بە هاوکاری ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی و شووڕای ئیسلامی شاری مەهاباد، کۆڕی ڕەخنە و هەڵسەنگاندن و پەردەلادان لە سەر کتێبەشێعری "سیس بوون بیرەوەرییەکانم" لە نووسینی قاسم تاباک بە پێشکەشکاری بەرنامە؛ محەممەدئەمین قازی لە سالۆنی ئامفی تئاتر بەڕێوە بردن. سەرەتا لە لایەن بەڕێوەبەری بنکە؛ شەویار گولابیئازەر پەیامی ئەم ناوەندە خوێندرایەوە لە بەشێکی بەرنامەدا شاعیری هاوچەرخ؛ قاسم تاباک نووسەری کتێبەشێعری "سیس بوون بیرەوەرییەکانم" بە خوێندنەوەی چەند شێعر هاوڕێ دەگەڵ ژەنیارانی موسیقی؛ دیاکۆ وەتمانی بە ئامێری پیانۆ و جەلال هەیبەتی بە ئامێری سازی هارمۆنیکا، پەنێلی یەکەمی زانستی کۆڕەکەیان ئەسپاردە دەست وتاربێژی هێژا؛ کاک عەزیز وەلیانی تاکوو بەڕێزیان باسێکی تێروتەسەل لە سەر شێوازێک لە تەئویلی شێعری نوێ و ڕەنگدانەوەی ئوستووڕە لە شێعرەکانی قاسم تاباکدا بخاتە بەر دید و سرنجی بەشداربووان و لێکۆڵەرانی ئەم بوارە و هەروەها تیشکی خستە سەر چۆنییەتی ئامرازی کەڵکوەرگرتن لە ئوستووڕە بۆ پەرەپێدانی ئەو لە بوارەکانی هونەری زمان کە هەندێ جار زمانیش خۆی بەشێکە لە نمادینبوون. لە پارێکی تری بەرنامەکەدا دیسان کاک قاسم تاباک بە هونەری جوانی موسیقی بلاوێنی پیانۆی کاک دیاکۆ وەتمانی سرنجی بەشداربووانی کۆڕەکەی ڕاکێشا بۆ بەشێک لە شێعرەکانی "دەزانی؟" و هەندێ لە کورتەشێعرەکانی تری کە پەنێلی دووهەمی کۆڕی زانستی تەرخان کرا بۆ وتاربێژانی هێژا؛ کاک ڕەزا شەجیعی و یاقوب خزری بە کۆڕگێڕی محەممەد ئەمین قازی، کە لەم بەشە لە کۆڕەکەدا سەرەتا ڕەزا شەجیعی خوێندنەوەیەک بۆ چۆنییەتی فۆرمی شێعری کورت و پەرەسەندنی ئەم ڕەوتە و دواتر پرژایە سەر سێ پرسیار و وڵامدانەوە کە بریتی بوون لە؛

١ ـ ئێمە وەک بەردەنگی وێژە و ئەدەبیات، چاوەڕوانیمان لە دەقێکی ئەدەبی "شێعر" چییە؟

٢ ـ کورتەشێعر وەک فۆرمێکی شێعری چ تاریف و واتایەک دەگرێتە خۆ و جێگەوپێگەی کورتەشێعر لە ئەدەبیاتی کوردیدا، تا چ ڕادەیەک بەرزی بەخۆوە بینیوە و لە کوێی ئەدەبیاتدا بەگشتی جێگیر بووە؟



٣ ـ پێداویستییەکانی سرنجدان بەو بەشە لە شێعر چ بووە و هۆی چییە کە شاعیران پوویان کردووەتە هۆندنەوە و دارشتنی فۆرمی شێعری کورت بەگشتی و کورتەشێعر بەتایبەتی. پاشان یاقوب خزری ڕەخنەگر و کارناسی دەروونناس "روانشناس" ، خوێندنەوەیەکی دەروونناسانەی بۆ شێعرەکانی کاک قاسم کرد و هەندێ مێتۆدی دەروونناسانەی خستە بەر باس و شرۆڤەگەری و شنوکەوکردنی شێعری بەپێی ئەم شێوازە لە خوێندنەوە.

دواتر ئەو بەڕێزانە خەڵاتی ئەنجومەنیان بەخشیە وتاربێژەکان و هەر وەها ڕێزیان لە شاعیری کتێبەشێعری "سیس بوون بیرەوەرییەکانم " لە نووسینی قاسم تاباک گرت کە بریتی بوون لە؛

ـ قادر موڕادی بەرپرسی ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی

ـ سەیدڕەسوڵ نەبەوی و کەمال مەولوودپوور بە نوێنەرایەتی لە لایەن شووڕا و شارەداری شار

ـ دکتور جەلیلنیژاد و سالار پوورمەند بە نوێنەرایەتی لە لایەن بنکەی موکریان

ـ خاتوو لاهیجانی بە نوێنەرایەتی لە لایەن خانمە بەشداربووەکان و ئەندامانی ئەنجومەن

ـ عوبید سورخابی بە نوێنەرایەتی لە لایەن نووسەران و میوانانی بەشداربووی دەرەوەی شار


ـ سەردار قازی و خاتوو مونیرە قازی کەسایەتی ناسراو و هاوڕێ و هاوکارانی مالّی و مەعنەوی بنکە

ـ سمکۆ پاکزاد هونەرمەند و نووسەر ،

ڕێزنامەی بنکە و خەڵاتی تایبەتی شووڕا و شارەداری و هەروەها دەستە گوڵی تایبەتی خاتوو مونیرە قازی و هەندێ لە هاوڕێیان و بەشداربووانی ناو سالّۆن پێشکێشی قاسم تاباک کرا. لە کۆتاییدا پەردە لە سەر کتێبەشێعری "سیس بوون بیرەوەرییەکانم" لە نووسینی قاسم تاباک لادرا و کۆڕەکە لە کەشوهەوایەکی دۆستانە و شاعیرانەدا کۆتایی پێهات.

شایانی باسە بە ناوی بنکەی فەرهەنگی و هونەری ئەدەبی موکریانی مەهاباد (ئەنجومەن ئەدەبی) جێی خۆیەتی سپاس و پێزانینی خۆمان پێشکێشی هەموو ئەم ناوەند و بەڕێزانە بکەین کە هاوڕێ و هاوکارمان بوون بۆ وێنە بەڕێزان؛ فەرماندار و شووڕا و شارداری شار، ئیدارەی فەرهەنگ و ئێرشادی ئیسلامی مەهاباد بەتایبەت ئاغای محەممەدیانی بەرپرسی ئەنجومەنەکان،ئومید خاکپوور دێکۆڕ، کەیوان مەولوودزادە نوور و دەنگ، ئاغای تەنهایی دەنگی سالّۆن، بێهرۆز جولفایی ئازەر وێنەگر، ئازاد وەتمانی فیلمهەلّگر، لوقمان ڕەحمانی فیلمهەلّگر، بەهمەن مەحموودیئازەر وێنەگر، پۆلّا ئاغاز هاوڕێی بەردەوام و وێنەگری ئەنجومەن، عەلی بایزیدی، جەلال ئەحمەدی، هەرمان وەتمانی، عەلی عەبدالّی، سەیران بەختیارپوور، فەرزاد سامانی، حوسێن عەزیزی و هەروەها هەموو ئەندامانی زەحمەتکێش و ئەمەگناسی بنکەی موکریان.

پەردەلادان لە ٥ کتێب



بنکەی فەرهەنگی و هونەری ئەدەبی موکریانی مەهابا د (ئەنجومەن ئەدەبیی مەهاباد)، ڕۆژی چوارشەممۆ ڕێکەوتی ٤ ی سەرماوەز ١٣٩٤ ی هەتاوی کۆڕی پەردەلادان لە سەر پێنج کتێب لە نووسین و وەرگێڕانی نووسەرانی هێژا؛

- عەبدوڵڵا عەبدوڵڵازادە / فەرهەنگی "ژیان" ئینگلیسی، کوردی، فارسی

- خاتوو گوڵاڵە ستاوەند/ "پیلان" و هەروەها "کەری نەزان" ئەدەبیاتی منداڵان

- زانیار قادرزادە / وەرگێڕانی دوو کتێبی "سێحربازی بچکۆلانە" لە نووسینی ئوتفرید پرۆیسلێر و هەروەها کتێبی "نیکۆلاس نیکلبی"لە نووسینی چارڵز دیکێنز. ڕێکخست.

سەرەتا لە لایەن پێشکێشکاری بەرنامە؛ محەممەد ئەمین قازی بە ناوی ئەنجومەنەوە بەخێرهێنانی میوانان و بەشداربووانی ناو سالۆنی کرد. دواتر پەیامی ئەنجومەن لە لایەن شەویار گولابیئازەر پێشکێش کرا.

لە درێژەی کۆڕەکەدا دانیشتنێکی تایبەت بۆ بەڕێزان دوکتور ئەحمەد ئەحمەدیان و دوکتور خالەق جەلیلنیژاد بۆ تاوتوێکردنی بەرهەمەکان تەرخان کرا، سەرەتا دوکتور ئەحمەدیان باسێکی گرینگی لە سەر خاڵە بەهێز و لاوازەکانی فەرهەنگی ژیان کرد و دواتر ئاماژەیەکی تایبەتی بە چۆنییەتی شێوازی فەرهەنگنووسی لە ئەدەبیاتی کوردیدا کرد. دوکتور جەلیلنیژاد لە دوو بەشی جیاوازدا لە سەر فەرهەنگی ژیان و وەرگێڕانی دوو کتێبەکەی زانیار قادرزادە دوا. هەروەها تیشکی خستە سەر هەندێ بابەتی تایبەت بۆ وێنە "مەعرەفەتشناسی بنەماکانی فەرهەنگنووسی" لە وێژەدا بەتایبەتی ە لە وێژەی کوردیدا بەگشتی. دواتر چەند خاڵی گرینگی سەبارەت بە چۆنییەتی سەرکەوتووبوونی زمانی وەرگێڕانی زانیار قادرزادە هێنا بەر باس و شرۆڤەکردن. لە درێژەدا تریبوون تەرخان درا بە نووسەرانی کتێبەکان کە هەر یەک لە کاتی دیاریکراودا، وتەکانی خۆیان پێشکێشی بەشداربووان کرد. لە ناوئاخنی بەرنامەدا، بۆ ڕێزگرتن لە ئەدەبیاتی منداڵان و ماندووبوونی خاتوو گوڵاڵە ستاوەند، منداڵی ژیر؛ نازگوڵ مەعروفی شێعرێکی لە کتێبی پیلان خوێندەوە. پاشان کاک فەتاح محەممەدنیژاد بە نوێنەرایەتی لە لایەن پرشنگی گەلاوێژی شنۆ چەند وتەیەکی سەبارەت بە بایخدان بە کتێب و کتێبخوێندنەوە خستە بەرباس و لێکۆڵینەوە. لە کۆتایدا خەڵاتی ڕێزلێنانی بنکەی فەرهەنگی و هونەری ئەدەبیی موکریانی مەهاباد، شووڕای ئیسلامی شاری مەهاباد و هەروەها پرشنگی گەلاوێژ - ی شنۆ لە لایەن بەڕێزان؛ ڕێزدار قادر مورادی بەرپرسی ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی شاری مەهاباد، عەلیڕەزا محەممەدنیژاد بە نوێنەرایەتی لە لایەن بنکەی پرشنگی گەلاوێژ، سەید ڕەسووڵ نەبەوی بە نوێنەرایەتی شووڕای ئیسلامی شاری مەهاباد، کاک کەماڵ مەولوودپوور هاوڕێ

هەواڵدەری کتێب

و هاوکاری بەردەوامی ئەنجومەنی ئەدەبی، سەلاح پایانیانی بەرپرسی موزەسەرای هێمن، کاک ڕەسوڵ ئامادەپوور و خاتوو فەوزیە یاهوو بە نوێنەرایەتی ئەنجومەن ئەدەبی، ئیبراهیم ئیسماعیلپوور بە نوێنەرایەتی لە لایەن میوانانی سەقز، پێشکێشی نووسەرانی پێنج کتێبەکە کرا. جێی ئاماژەیە لە لایەن پرشنگی گەلاوێژەوە بەڕێز قادر ڕەسوڵفات خەلاتی ڕێزلێنانی ئەم ناوەندەی بەخشرایە ئەنجومەنی ئەدەبیی مەهاباد کە سالار پوورمەند ئەندامی بەڕێوەبەری ئەنجومەن خەلاتەکەی لە دەستی ناوبراو وەرگرت. پاشان نوێنەرانی تایبەتی و نووسەری بەرهەمەکان لە ڕێوڕەسمی پەردەلادانەدا، پەردەیان لە سەر هەر پێنج کتێب لا دا و بەشداربووان بە پێشوازیکردن لە کرینی کتێب و واژووەرگرتنی یادگاری لە نووسەران، بەرنامەکە لە ناو ئاپۆرای گەرمی بەشداربووانەوە لە کەشهەوایەکی دۆستانەدا، کۆتایی پێهات. بە ناوی بنکەی فەرهەنگی و هونەری ئەدەبیی موکریانی مەهاباد (ئەنجومەن ئەدەبیی مەهاباد) سپاس و پێزانینی تایبەتی خۆمان پێشکێشی هەموو ئەم ناوەند و بەڕێزانە بکەین کە بۆ ڕێکخستنی ئەو بەرنامە هاوڕێ و هاوکارمان بوون کە بریتین لە بەڕێزان؛ ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی شاری مەهاباد، شووڕای ئیسلامی شار،ئومید خاکپوور دێکۆر و نوور، کەیوان مەولوودزادە دەنگەلگرەوە، عەلی بایزیدی هاوڕێ و هاوکاری دێکۆر و ڕازاندنەوەی سالۆن، ئازاد وەتمانی فیلمەلگر، فیلمەلگری سیمازاگرس، بێهروز جولفایئازەر و پۆلا ئاغاز وێنەگر، هەرمان وەتمانی، فەرزاد سامانی، خاتوو سەیران چووپان، خاتوو سەیران بەختیارپوور، سامرەند ئەحمەدزادە، جەلال ئەحمەدی و هەموو ئەندامانی زەحمەتکێشی ئەنجومەن.




کۆنفڕانسی سەعید حاج ڕەشیدیان لە ژێر ناوی "ئیدئۆلۆژی و ئەدەبیات" لە ڕێبەندانی ١٣٩٤دا





کۆنفرانسی سەیدەوان

لە ڕێکەوتی ٢٩ ی پووشپەڕی ١٣٩٥ ی هەتاوی‌دا کۆنفرانسێک لە سەر بەیتی سەیدەوان بە بەشداری لایەنگرانی بەیت و فولکلۆر لە سالۆنی ئامفی تئاتری ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشاد بەڕێوە چوو کە لە لایەن سێ لێکۆڵەری بەتوانا بەڕێزان؛ هیوا قارەمانی، یاقوب خزری، بەختیار پەنجەیی خوێندنەوەی تایبەت بۆ بەیتی سەیدەوان کرا کە لە سێ پارێدا پێشکێش کرا بە سێ بەیتبێژ: ڕەسوولّ شێرمۆخ، حەمەدی بەیتان و عەلی کردار .هەروەها لە دوو بەشی جیادا لە لایەن هونەرمەندان شۆڕش مەحموودی و سامرند غەزالی چەند بەیتێکیان پێشکێشی بەشداربووان کرد.



دووهەمین شەوەشیعری ناوچەیی مەهاباد

دووهەمین شەوەشیعری ناوچەیی مەهاباد بە بەشداری شاعیرانی پارێزگاکانی
ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، ئیلام، کرماشان و کوردستان


بنکەی فەرهەنگی و هونەری ئەدەبیی موکریانی مەهاباد (ئەنجومەنی ئەدەبی) بە هاوکاری ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی، شووڕا، شارەداری و فەرماندارى مەهاباد دووهەمین شەوەشیعری ناوچەیی خۆی بە بەشداری شاعیرانی پارێزگاکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، ئیلام، کرماشان و کوردستان لە ڕێکەوتی یەکی بانەمەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی لە سالۆنی وەحدەتی ئەم شارە بەڕێوە برد. ئەم شەوەشیعرە پێشکێش کرابوو بە شاعیران، نووسەران، لێکۆڵەران و وەرگێڕانی پلەبەرزی وێژەی کوردی؛ مامۆستا هێمن، هەژار، ئەحمەد قازی، ئیبڕاهیم یونسی، مەستووڕە ئەردەلان، سوارە ئیلخانیزادە.

لەم شەوەشیعرەدا پەیامی ئەنجومەن لە لایەن جەلال پوورحەسەن بەڕێوبەری بنکەی موکریان، هەروەها پەیامی ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشاد لە لایەن بەڕێز قادر موڕادی بەڕێوبەری ئەم ناوەندە خوێندرایەوە. هاوکات لەگەڵ بەخێرهێنانی میوانان و شاعیرانی بەشداربوو و پیرۆزبایی ئەم شەوەشیعرەی لە خەڵکی فەرهەنگدۆستی شار، ئەندامان و بەڕێوەبەرانی بنکەی فەرهەنگی هونەری ئەدەبیی موکریانی مەهاباد هەر دوو لایەن هیوایان خواست مەهاباد لە ساڵانی داهاتوودا بتوانێت بەرنامەی توکمەتر و بەرفراوانتر بەڕێوە ببات و هاوکاتیش مەهابادیان بە شایانی بەڕێوەبردنی جشنواڕەی شێعر و فستیڤاڵ زانی و بەڵێنی کارسازی هەرچی باشتر بەڕێوەچوونی ئەم چالاکییە فەرهەنگی و هونەرییانەیان دا کە لە ڕاستای خزمەت بە گەشەی فەرهەنگی، هونەری و ئەدەبیدا هەنگاو دەنێننەوە. پاشان سەید ڕەسوڵ نەبەوی بە نوێنەرایەتی لە لایەن شووڕای ئیسلامی شارەوە پەیامی ئەم ناوەندەی پێشکێش کرد لە درێژەی بەرنامەدا، شاعیرانی بەشداربوو لە سێ پاژی دیاریکراودا، شێعرەکانی خۆیان پێشکێش کرد کە بریتی بوو لە؛

پاژی یەکەم: ڕەسوڵ کەریمی"سووتاو"، لەیلا سالحی، مەحمەد سەدیق کەریمی، هەژار بابامیری، تاهیر کەریمی"شیوەن"، هەڵاڵە سۆهرابی، قادر ڕەسوڵ فات، مەحمەد مستەفازادە، عەلی بایزیدی.

پاژی دووهەم: قاسم موئیدزادە "هەڵۆ"، زاهیر سارایی، یونس ڕەزایی، عەبدوڵڵا گولابی "هونەر"، سۆران حوسێنی، ڕەسوڵ ئامادەپوور"هێما"، شێرزاد ڕۆستەمدوست "شاسوار"، سامەند ئەحمەدزادە "شێرێو".

پاژی سێهەم: عیرفان گەیلانی، کاوە شوکری "سەراو هەورامی"، ئارەزوو ئەحمەدی، ئەیوب حەقبین، سمایل ئەعزەمی، ساکار سۆفیزادە "موحیب مەهابادی"، مادی ئەرجومەندی، هەرمان وەتمانی، سروە لەحمی، قاسم تاباک. لە هەر سێ پاژدا هاوکات لەگەڵ شێعرەکان، ژەنیاران؛ دیاکۆ وەتمانی بە ئامێری پیانۆ، هەژیر کۆکەیی بە ئامێری قانوون، ڕەحمان پەناهەندە بە ئامێری فلووت و ئیسماعیل شاهی بە ئامێری ویۆلۆن هاوڕێیەتی شاعیرانیان کرد. هەروەها





هەواڵنامەی کێبڕکێ

لە بەشێک لە بەرنامەدا هونەرمەندی ناسراو و دەنگخۆشی مەهاباد مەستەفا مەحموودی بە دەنگە زوڵاڵەکەی کۆڕەکەی ڕازاندەوە کە ژەنیارانی بەناوبانگ؛ ڕەحمەت ئیبراهیمیان بە ئامێری تومبەک، سەردار محەممەدجانی بە ئامێری تار، فەرید وەیسی بە ئامێری بەربەت، ساسان سەمەدی بە ئامێری کەمانچە بەشداری ئەو بەشە لە بەرنامە بوون. هەروەها بە ناوی بنکەی فەرهەنگی هونەری ئەدەبیی موکریانی مەهاباد سپاس و پێزانین پێشکێشی هەموو ئەو ئیدارە و ناوەند و بەڕێزانە کرا کە هاوڕێ و هاوکاری بنکە بوون بۆ وەگەڕخستنی ئەم شەوەشێعرە و هەر بە ناوی ئەم ناوەندەشەوە لە لایەن بەڕێوەبەری بنکەی موکریان ، شەویار گوڵابی ئازەر، دکتور ئوتەمیشی کۆمەڵناس و مامۆستای زانکۆ ، تۆڕج و لێکۆڵەر؛ سەلاح پایانیانی بەرپرسی موزەسەرای هێمن ، ئەحمەد بەحری نووسەر و لێکۆڵەر و بەرپرسی گۆڤاری مەهاباد، دکتور خالەق جەلیلنیژاد مامۆستای زانکۆ و ئەندامی بنکە، خاتوو فەوزیە یاهوو بە نوێنەرایەتی لە لایەن ئەنجومەن، ڕەزا شەجیعی نووسەر و ڕەخنەگر بە نوێنەرایەتی لە لایەن نەشری گوتار، خەڵاتی ڕێزلێنان پێشکێشی بەرپرسی فەرهەنگدۆستی ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی، شارەداری زەحمەتکێشی شار، بەرپرسان و ئەندامانی شووڕا، بەرپرسان و ئەندامانی پەیوەندییە گشتییەکانی سالۆنی وەحدەت، شاعیران، هونەرمەندانی بەشداربووی شەوەشێعرەکە، بەرپرسانی بەرنامە، چاوەدێرانی ماندوویینەناسی ناو سالۆن، کەسایەتی و ئەندامانی پێوەندیدار بەم شەوەشێعرە کرا. پێویست بە ئاماژەیە بە ناوی بنکەی فەرهەنگی هونەری ئەدەبیی موکریانی مەهاباد (ئەنجومەنی ئەدەبی) سپاس و پێزانینی خۆمان پێشکێشی هەموو ئەو ئیدارە، ناوەند و کەسانە بکەین کە لە ڕێکخستنی ئەو بەرنامەیەدا هاوڕێ و هاوکاری مالّی و مەعنەویمان بوون بۆ وێنە:

ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی، شووڕا و شارەداری، فەرمانداری،پەیوەندییە گشتییەکانی سالۆنی وەحدەت، سامان ئێرەمی (تەڕاح، دێکۆڕ و نوور)،عەلی بایزیدی هاوکاری دێکۆڕ و سەحنە، گرووپی شانۆی ئەهووڕا و کاک ئومید خاکپوور، کەیوان مەولوودزادە ژووری هەماهەنگی و دەنگ، ئازاد وەتمانی فیلمهەڵگر و وێنەگر، بێهروز جولفایئازەر وێنەگر، دوکتور خالەق جەلیلنیژاد (ڕاوێژکاری بەرنامە)،کەمالّ مەولووپوور بەشی هەماهەنگی شووڕا و ئەندامی ئیفتیخاری بنکە، سەید ڕەسوولّ نەبەوی بەرپرسی کومیسیۆنی فەرهەنگی شووڕا، جەلال ئەحمەدی بەشی ڕاگوێزتن و پێوەندی. بەشی هاوکاران مالّی؛ خاتوو فەوزیە یاهوو، ڕەزا کاڕەشی، ڕەسوولّ ئامادەپوور، جەلال پوورحەسەن، نەسرین ڕووکەش، عیسمەت نادرزادە، پەروین تاهیر، ڕەنگ و ئەبزاری ڕەحمانپوور، بانوانی ژین، گەلاوێژ بیگنیا، سوغرا ڕزگەیی، کوبرا خالّندی، فەڕەح پیران، ماهپارە لاهیجانی، محەممەدئەمین قازی، عەلی عەبدالّی،خاتوو سام. هەروەها بەرپرسان، میواندارانی، کۆڕگێڕان و چاوەدێرانی زەحمەتکێشی بنکەی موکریانی مەهاباد؛ جەلال پوورحەسەن (مودیر مەسئول) ، غەفوور پیرزادە (مودیر عامل)، سالار پوورمەند (بەڕێوەبەر)، هەرمان وەتمانی (ڕێکخەری گشتی بەرنامە)، محەممەدئەمین قازی (کۆڕگێڕ)، ئەسرین حەسەن پوور (کۆڕگێڕ)، ، یاقووب خزری (بەرپرسی سالّۆن)، میواندارانی؛ پۆلّا ئاغاز، قاسم تاباک ، عەلی عەبدالّی، چاوەدێران؛سۆران محەممەدی، ڕەزا ئاغاز، مەنسوور گەورکی، کامیار پازند، فریا قادری، ڕەزا کاڕەشی، خالید دەستمەردی، قادر نیازی، موحسین مامقادری، ئەنوەر بەهرامی، داود پوورکەریمی، کامران خولیا، موحسین ڕەجایی، سەیران بەختیارپوور، سەیران چووپان، ساهی پەرویزنیا، چرۆ پەرویزنیا، ڕەسوولّ ئامادەپوور، جەلیل و خەلیل مەولوودپوور.





یەکەمین هەمایشی ناوچەیی مامۆستا هێمن
بە بەشداری پارێزگاکانی ئازەربایجانی
رۆژئاوا، ئیلام، کرماشان، لوڕستان، کوردستان



یەکەمین هەمایشی زانستی - فەرهەنگی ئەدەبیی بەرهەمەکانی محەممەد ئەمین شێخولئیسلامی ناسراو بە مامۆستا «هێمن»، بە بەشداری پارێزگاکانی ئازەربایجانی رۆژئاوا، ئیلام، کرماشان، لوڕستان، کوردستان، لە ڕێکەوتی یەکی ڕەزبەری ١٣٩٥ی هەتاوی لە سالۆنی هەزار کەسی تالاری وەحدەتی مەهاباد بەڕێوە چوو. ئەم بەرنامەیە لە لایەن بنکەی فەرهەنگی هونەری ئەدەبیی موکریانی مەهاباد (ئەنجومەنی ئەدەبی) بە هاوکاری ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشاد، فەرمانداری،شووڕای ئیسلامی (خولی چوارەم) و شارەداری مەهاباد ڕێکخرابوو.


لە یەکەم ساتەکانی کرانەوەی دەرگای سالۆن، بەشداری بێوێنەی ئەدیبان، نووسەران و خەڵکی خۆشەویست و هونەرپەروەری مەهاباد بەتایبەتی و دەوروبەر بەگشتی نیشان لەوە بوو کە هەمایش بەرەو پێشوازی گەرمی هۆگرانی وێژە و ئەدەب دەچێ. بەشداری مودیرکللی ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی ئازەربایجانی رۆژئاوا بەڕێز حۆجەتول ئیسلام وەلموسلەمین؛ محەممەد باقر کەریمی، هەروەها مودیر کوللی ئوموری ئیجتماعی فەرهەنگی ئازەربایجانی رۆژئاوا بەڕیز دوکتور هوشەنگ عەتاپوور، ناوەندە ئیداری و پارێزگاکان، ناوەندە فەرهەنگی و ئێن جی ئۆکان، کەسایەتییە بەناوبانگ و بیرمەندەکانی هەر پێنج پارێزگا و ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران، وتارنووسان، لێکۆڵەران و ڕەخنەگرانی بەناوبانگ، بەرپرسان و نووسەرانی گۆڤار، ڕۆژنامە، سایت و هەواڵنێرەکان، نوێنەرانی پارڵمان و بەرپرسانی شووڕا و شارەداری زۆربەی ناوچە و پارێزگاکان و ..هتد. هەمووی بوون بە هێمایەک کە مەڵبەندی مەهاباد بەتایبەتی و موکریان بەگشتی هەڵگری ئەو تایبەتمەندییەیە کە پێویستە ئاوڕی جیددی و کارای بۆ بدرێتەوە هەتاکوو لە بواری وەگەڕخستنی هەمایشی زانستی،سمینار و کۆنگرەی میللی و نیونەتەوەیی هونەری ئەدەبییدا بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێتەوە و بتوانێ ڕێچکەی داهێنان و پێشکەوتنی هەرچی باشتر و ڕێکوپێکتر بشکێنێ و ڕێگای بەردەواميیەت بگرێتە بەر..

یەکەمین هەمایشی زانستی - فەرهەنگی ئەدەبیی بەرهەمەکانی محەممەد ئەمین شێخولئیسلامی ناسراو بە مامۆستا «هێمن»، بە بەشداری پارێزگاکانی ئازەربایجانی رۆژئاوا، ئیلام، کرماشان، لوڕستان، کوردستان، لە ڕێکەوتی یەکی ڕەزبەری ١٣٩٥ی هەتاوی لە سالۆنی هەزار کەسی تالاری وەحدەتی مەهاباد بەڕێوە چوو. ئەم بەرنامەیە لە لایەن بنکەی فەرهەنگی هونەری ئەدەبیی موکریانی مەهاباد (ئەنجومەنی ئەدەبی) بە هاوکاری ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشاد، فەرمانداری،شووڕای ئیسلامی (خولی چوارەم) و شارەداری مەهاباد ڕێکخرابوو.

هەواڵنامەی کێژ

لـه یەکـەم ساتەکانی کرانـەوەی دەرگای سـاڵۆن، بەشـداری بێوێنـەی ئەدیبـان، نووسـەران و خەڵکـی خۆشەویسـت و هونەرپـەروەری مەهابـاد بەتایبەتـی و دەروروبـەر بەگشـتی نیشـان لـەوە بـوو کـە هەمایش بـەرەو پێشـوازی گەرمـی هۆگرانـی وێـژە و ئـەدەب دەچـێ. بەشـداری مودیرکللـی ئیـدارەی فەرهەنـگ و ئیرشـادی ئازەربایجانـی رۆژئـاوا بەڕێـز حۆجەتـول ئیسـلام وەلموسـلەمین؛ محەممـەد باقـر کەریمـی، هەروەهـا مودیـر کوللـی ئومـوری ئیجتماعـی فەرهەنگـی ئازەربایجانـی رۆژئـاوا بەڕیـز دوکتـور هوشـەنگ عەتاپـوور، ناوەنـدە ئیـداری و پارێـزگاکان، ناوەنـدە فەرهەنگـی و ئێـن جـی ئـۆکان، کەسـایەتییە بەناوبانـگ و بیرمەندەکانـی هـەر پێنـج پارێـزگا و ناوچـە جۆراوجۆرەکانـی ئێـران، وتارنووسـان، لێکۆڵـەران و ڕەخنەگرانـی بەناوبانـگ، بەرپرسـان و نووسـەرانی گۆڤـار، رۆژنامـە، سـایت و هەواڵنێـرەکان، نوێنەرانـی پارڵمـان و بەرپرسـانی شـووڕا و شـارەداری زۆربـەی ناوچـە و پارێـزگاکان و ...هتـد. هەمـووی بـوون بـە هێمایـەک کـە مەڵبەنـدی مەهابـاد بەتایبەتـی و موکریـان بەگشـتی هەڵگـری ئـەو تایبەتمەندییـە کـە پێویسـتە ئـاوڕی جیـددی و کارای بـۆ بدرێتـەوە هەتاکـوو لـە بـواری وەگەڕخسـتنی هەمایشـی زانسـتی،سـمینار و کۆنگـرەی میللـی و نیونەتەوەیـی هونـەری ئەدەبیـدا بـەرەو پێشـەوە هەنـگاو بنێتـەوە و بتوانـێ ڕێچکـەی داهێنـان و پێشـکەوتنی هەرچـی باشـتر و ڕێکوپێکتـر بشـکێنێ و ڕێـگای بەردەوامییـەت بگرێتـە بـەر..

دواتـر بەپێـی گەڵاڵەدارێـژراوی ئەنجومـەن ئەدەبیـی، دەرفـەت ڕەخسـا بـۆ پێشـکێشکردنی وتـارەکان کـە لـە دانـی بەیانـیدا سـێ وتـار خوێندرایەوە سـەرەتا وتـاری عەزیـز ئالـی بـە سـەردێڕی؛ (ئێوارەی پایـز :یـەک شـێعر و دوو هێمـن). وتـاری ئەحمـەد غولامـی بـە سـەردێڕی؛ (زن در محـدودەی بـدن و سیاسـت/ خوانـش جامعەشـناختی شـعر "یـادگاری شـیرین" هیمـن مکریانـی هەروەهـا وتـاری عومـەر محەممـەدی بـە سـەردێڕی؛ بنەماکانـی جوانیناسـی لـە شـێعری هێمـنـدا).





بەپێی سەردانی موزەسەرای هێمن و دوای پشووی نیوەڕۆ، بەرنامە لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا بە وتاری بەڕێز یونس ڕەزایی بە سەردێڕی؛ (مامۆستا "هێمن" و "هەژار" شاعیرانی دۆخێکی جوداوان) دەستی پێکردەوە. وتاری لێکۆڵینەوەیەکی توکمەیی لە شێعری نالّەی جودایی بە پێوەری سیستمی - نەخشەگەرایی) لە نووسینی خاتوو فەهیمە میروانی، دووهەمین وتاری دوانێوەڕۆ بوو کە پێشکێشی بەشداربووان کرا.

دوو وتار کە لە لایەن کومیتەی عیلمی هەمایش بۆ بەشی پەنێلی زانستی دیاری کرابوون کە بریتی بوون لە وتاری؛ هێمن چۆنی ڕوانیوەتە ڕەوتی ستانداردسازی زمان لە نووسینی دوکتور ڕەهبەر مەحموودزادە، هەروەها وتاری دوکتور مەسعوود بینەندە بە سەردێڕی؛ ڕەوایەتەکانی مودێرنیتە لە شێعری هێمندا بە پێشکێشکاری زانیار قادرزادە سرنجی بەشداربووانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. دوا وتاری هەمایش لە لایەن ئەمجەد غولامی لە ژێر ناوی؛ تراژێدیا و جۆرەکانی وێناکردنی تراژیکی جیهان/ خوێندنەوەی گێرانەوەناسانەی سێ شێعری هێمن موکریانی، پێشکێش کرا. پەیامی کومیتەی عیلمی و کۆتایی‌پێهێنانی هەمایش لە لایەن دەبیری عیلمی؛ دوکتور خالەق جەلیل نێژاد خوێندرایەوە. گرووپی موسیقای «ژێ» بە سەرپەرەستی؛ شەهباز شاهینپوور و گۆرانیبێژی هونەرمەند؛ شۆڕش مەحموودی چەند بەشێکی ڕازاوەی موسیقی لە شێعری مامۆستا هێمن - نیان پێشکێشی لایەنگرانی شێعر و موسیقی کرد. لە کۆتایی‌دا خەڵاتی تایبەتی ڕێزلێنان بەخشرا بە بنەماڵەی مامۆستا هێمن کە لە لایەن عاشیە خانم بووکی مامۆستا هێمن بە نوێنەرایەتی ئەم خەڵاتەی وەرگرت. هەروەها دوو خەڵاتی تایبەتی و ڕێزلێنان بەخشرا بە موزەسەرای هێمن و هونەرمەندی پەیکەرتاش؛ هادی زیائەددینی. لە درێژەدا ڕێز گیرا لە فەرمانداری،شووڕا و شارەداری و ئیدارەی فەرهەنگ و ئێرشادی ئیسلامی شار و بەشداربووانی خاوەن وتار و هەروەها سێ وتار لە بەشی پۆستێردا بە ناوەکانی بەڕێزان؛ مورادئەعزەمی، یاقوب خزری و موژگان کاوسی.

شایانی باسە لەم بەرنامەدا، پەردە لادرا لە سەر دوو تابلۆی هونەرمەندان؛ کاوان مستەفاپوور و خاتوو گرینگ کەریمی کە پێشکێشی موزەسەرای هێمن کرا.

جێی خۆیەتی بە ناوی بنکەی فەرهەنگی هونەری ئەدەبیی موکریانی مەهاباد (ئەنجومەنی ئەدەبی)، دەبیرخانەی یەکەمین هەمایشی ناوچەیی مامۆستا هێمن، سپاس و پێزانینی تایبەتیمان هەبێ بۆ فەرمانداری، ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشاد بەتایبەت بەرپرسی ئیدارە؛ قادر مورادی و بەرپرسی ئەنجومەنەکان و کارناسی بەشی فەرهەنگی؛ سولەیمان محەممەدیانی، ئیدارەی کوللی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، هەروەها بۆ هاوکاری ماڵی و مەعنەوی شووڕای ئەم دەورەی شاری مەهاباد واتە خولی چوارەم، شارەداری هێژا؛ ئەندازیار سەلاح کوردستانی، کۆمیسیونی فەرهەنگی شووڕا بەتایبەت سەید ڕەسوڵ نەبەوی، دەبیرخانەی شووڕا بەتایبەت فاوکاری ماندوویی‌نەناس؛ کاک کەماڵ مەولوودپوور، بەشی ماڵی شارەداری؛ بەڕێز حاجی مەستەفا ڕەسوڵی، بەشی پێوەندییە گشتییەکان (روابط عمومی شهرداری) ، موزەسەرای هێمن و نوێنەری بەشی فەرهەنگی شووڕا و شارەداری؛ بەڕێز کاک سەلاح پایانیانی،زێدگرافیک؛ هیوا مەحموودی - یاقووب خزری،تەڕاحی لۆگۆی هەمایش کاک ئازاد سورخی، نوور و دیکۆڕ؛ سامان ئێرەمی ، بە هاوکاری ئەندازیار؛ مەسعود حەسەنزادە»غەمیار،عەلی بایزیدی،خەلیل و جەلیل مەولوودپوور،هاوڕێ محەممەد ئەمینی،شاعیری هێژا کاک کەریم مەولوودی (لە ئیختیاردانانی واژۆی ڕاستەقینەی مامۆستا هێمن بۆ لۆگۆی هەمایش بەپێی بەڵگە و سەنەد)،وێنەگران،سایت و هەواڵنێرەکان، بەشی ماڵی و ڕاگوێزتن؛ جەلال ئەحمەدی ،بەڕێوەبەران، بەرپرسان و ئەندامانی زەحمەتکێشی ئەنجومەنی ئەدەبیی مهاباد،بەتایبەت کومیتەکانی؛بەڕێوەبەری، داڕشتن، خەبەری، پاڵاوتن و هەڵبژاردنی وتار، دیکۆڕ و سەحنە، میواندارى، چاوەدێری، وەرگرتن (پذیرش)، بەرپرسی سالۆن، بەرپرسی پێوەندییە گشتییەکان، ژووری خەبەر و هاوکاری سایتی هاژە، کومیتەی عیلمیی و دەبیری عیلمیی هەمایش و...

شایانی باسە لە کۆی گشتی ٦٢ وتاری کە بۆ دەبیرخانەی هەمایش ڕەوانە کرابوون بەپێی سێ دەورە پاڵاوتن،هەڵبژاردن و ڕای گشتی و کۆتایی کومیتەی عیلمیی هەمایش (کە ناوەکانی ئەم بەشە لە لایەن دەبیرخانەی هەمایش پارێزراون) هەروەک ئاماژەی پێکرا ٦ وتار بۆ خوێندنەوە،٢ وتار بۆ پەنێلی زانستی و سێ وتار بۆ بەشی پۆستێر دیاری کران. بەپێی ڕای کومیتەی عیلمیی هەمایش هەندێک لە وتارەکان لە کتێبێک لەژێر ناوی کۆمەڵەوتاری یەکەمین هەمایشی ناوچەیی مامۆستا هێمن لە نەشری گوتار لە چاپ دراوە.

به سپاسەوە

دەبیرخانەی هەمایش

هەواڵنامەی کتێب


هەوالنامەی کتێب